فەرهاد حەمزە

# مێژووی
# نەوتی کەرکوك

ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران
سلێمانی – 2012

**ئەكادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی كادیران**

دامەزراوەیەكی كەلتورییە بەپێی بڕیاری كۆنگرەی سێی ساڵی ٢٠١٠ ی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان دامەزراوە، ئەركەكەی بریتییە لە دەستەبەركردنی پێداویستییەكانی هۆشیاركردنەوەی سیاسی، فراوان كردنی چوارچێوەكانی رۆشنبیریی گشتی، تۆكمەكردنی بەهاكانی دیموكراسیو مافی مرۆڤ و دادی كۆمەڵایەتی لەكۆمەڵدا، تاوتوێ كردنی مەسەلەكانی بیری هاوچەرخو دابین كردنی كەرەستەی پێویست بۆ پێگەیاندنی كادیران لە بوارە هەمەجۆرەكاندا.

**ئامادەكردنی:**

**ژمارەی سپاردنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی كتێبخانە گشتییەكان ( ١١٨٠ ) ساڵی ٢٠١٢**

**دیزاینو بەرگ: ئاراز نوری**

**تیراژ: ( ١٠٠٠) دانە**

**ژ. زنجیرە: ( ٤٤٦)**

**بڵاوكراوەكانی ئەكادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی كادیران**

**سلێمانی - ٢٠١٢**

**سەرپەرشتیاری زنجیرەی كتێب**

**عوسمان حەمەڕەشید گورون**

www.pukhoshiari.com
info@pukhoshiari.com

# پێڕست لاپەڕە

---


| | |
|---|---|
| نەوت لە كۆندا | ١٠ |
| بنچینەی دروست بوونی نەوت | ١٦ |
| قۆناغەكانی مێژووی نەوتی كەركوك | ١٨ |
| كێڵگە بەرهەمهێنراوەكانی نەوتی كەركوك | ٣١ |
| خۆماڵی كردنی نەوت | ٤٠ |
| پرۆسەی بەرهەم هێنانی نەوت | ٥١ |
| هەناردەكردنی نەوت | ٦٠ |
| ژیان لەكۆمپانیای نەوتی عێراقدا | ٧٣ |
| پرۆژەی پاشەكەوتكردن | ٨٧ |
| كۆمپانیای نەوتی عێراق وبەشداری كردن لەئاوەدانكرنەوە | ٩٩ |
| كاركردن لە كۆمپانیای نەوتی باكوور | ١١٢ |
| پالاوگەی نەوتی كەركوك | ١٣٨ |
| كوردو نەوتی كەركوك | ١٥١ |
| كۆمپانیای نەوت دوای پرۆسەی ئازادی | ١٦٦ |

# پێشەکی

نــەوت ئــەو مــاددە سروشــتیەیە کەلەســەرەتای ســەدەی بیــستەوە رۆڵێکی ئێجگار باڵا دەگێرێ لە دیاری کردنی ئەنجامی هەموو رووداو و پێــشهاتەکان، نــەوت جگــە لــەوەی گــرنگترین سەرچــاوەی وزەیــە ماددەیــەکی خــاوی بەشــداربووە لەچــەندین لقــی پیــشەسازیو پترۆکیمیاوی.

ناتوانرێ بایەخی نەوت لەشەڕ و ئاشتی دا پشت گوێ بخرێ ونکوڵی لێبکرێ، هەربــەهۆی نەوتــەوە چــەندین شــەڕو شــۆر لــەم ســەرزەمینە هەلگیرســاوە ... مارشــال رۆمــل (فەرماندەیــەکی ســەربازی ئەڵمانیــە) لەســەردەمی جــەنگی دووەمــی جیهــانی دا لــەبارەی بایــەخی نــەوت لەشــەڕدا وتویــەتی (هــیچ ســوپایەکی هاوچــەرخ ناتوانێــت رووبــەڕووی شەڕبێتەوە و بەردەوام بێت لەسەری بێ ئەوەی بەچەك ونــەوت پــشت ئەستوور نەبێت، نەوت هەردەم بڕبڕەی شەڕە).

مارشـال ئایزنهـاوەریش لەوتەیەکیـدا زۆر بەچـاکی بایـەخی نـەوتی پێکاوە کە وتویەتی (پێش فرۆکە و زرێ بۆش نەوتێکی تەواوم بدەرێ سەرکەوتنتان بۆ مسۆگەر ئەکەم بەسەردوژمناندا).

نەوت هەردەم مەبەستی سەرەکی ولاَتە زل هێزەکان بووە، بــێ بــاك بوونە لەوەی بۆ یەك بەرمیل نەوت گەورەترین بەدڕەووشتی دەرحەق

بەگەلان ئەنجام بدەن، لە٢٦ ی ئازاری ١٩٩٧ لەو کاتەی مادلین ئۆلبرایت وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا بوو لەکۆڕێکدا لە زانکۆی جۆرج واشنتۆن زۆر بەڕاشکاوانە ئاماژەی دا کە (نەوت دەرگای سیاسەتی ئەمەریکایە، ئەمەش بەم مانایە دێت کە لە هەموو ناوچەکاندا نەوت دەرگای سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا پێك دەهێنێ).

زۆربەی ئەو میللەتانەی خاوەنی نەوتن خۆش گوزەرانی وئاوەدانیو پێشکەوتن باڵی بەسەرداکێشاون، بووەتە مایەی کردنەوەی دەرگای وڵات بەڕووی وەبەرهێنانی بێگانەو بنیات نانی زانکۆ وتەلاری بەرزبەرز، بووەتە هۆی گۆڕان لە ژیانی کۆمەڵایەتی وئابووری خەڵکەکەی، وڵاتانی وەك سعودیە وکوێت وئیماراتی عەرەبی پێش دۆزینەوەی نەوت بریتی بوون لە بیابانێکی چۆڵ، خەڵکەکەی لەچەند حوشترو مەرو ماڵاتێك کە رۆژانە بە مەبەستی لەوەڕاندن بۆ مێرگەکان دەیان بردن هیچی تریان شك نەئەبرد. بەڵام دوای دۆزینەوەی نەوت سەیری ئەو پێشکەوتن وبیناسازیە بکە کەتیایاندا ئەنجام دراوە، پارەو دۆلاری ئەو وڵاتانە لە ئەمەریکا وئەوروپا کاردەکات وەبەرهێنراون، خەڵکەکەشی لە خۆشی ونازو نیعمەت دا دەژین.

جگە لەمە ئەم ولاّتانە زۆرکات توانیویانە نەوت وەك چەکێکی گوشار بەرامبەر نەیارەکانیان بەکار بهێنن، ئەگەر بگەڕێینە دواوە بۆسەرەتای حەفتاکانی سەدەی رابردوو لەو کاتەی جەنگی نێوان عەرەب وئیسرائیل لەوپەڕی گەرمیدابوو، ئەمەریکا و ئەوروپا پشتیوانی ئیسرائیلیان کرد، ئەوکات عەرەبەکان دروشمی (**النفط سلاح في المعركة** ) یان بەرزکردەوە ونەوتیان لەو ولاّتانە بڕی کە یارمەتی ئیسرائیلیان دابوو، ئەوە بوو گوشارێکی وەهایان خستە سەر ئەو ولاّتانە کە ژیان تیایاندا بە ١٨٠ پلە وەرچەرخا، سووتەمەنی بەڕادەیەك کەم بووەوە کە بۆ حالّەتی زۆر پێویست نەبوایە کەس ئۆتۆمبیلی بەکارنەئەهێنا، سەرەی بەنزینخانەکان لەوپەڕی قەرەباڵغی دابوو، کەناڵەکانی تەلەفزیۆن لەسەعات(١٠)ی شەوەوە بەرنامەکانیان رائەگرت تا خەڵکی زووتر بخەون وکەمتر سوتەمەنی بەکاربهێنن.

بەلاّم نەوت بۆ کوردی کلۆڵ هەردەم مایەی مەینەتی ونەگبەتی بووە هەر لەو رۆژەوەی نەوت لەخاکەکەیدا دۆزراوەتەوە وێرای ئەوەی خێر و خۆشی لێ نەبینیوە، بووەتە چەکێك پێی سەرکوتودەربەدەرو ئاوارەکراوە، لەسەرەتای سەدەی رابردوودا هیچ گومانی تێدا نیە نەوت فاکتەری سەرەکی پارچە پارچەکردنی نیشتمانی کوردستانمان بووە لەنێوان چوار دەوڵەت دا، پاشان لکاندنی کوردستانی باشوور بەدەوڵەتی عێراقەوە، هەر نەوت بووە هۆی خۆدزینەوەو

خۆڕاپسكاندنی دەوڵەتە سەركەوتووەكانی جەنگی جیهانی یەكەم لەپەیمانی سیڤەرو پابەند نەبوونیان بەپێك هێنانی دەوڵەتێكی كوردی.

هەر تەماع وپشی پشی نەوت بوو كۆماری مهابادی بەڕووخان داو دەوڵەتی یەكێتی سۆڤیەت بە بەڵێنی چەند بەرمیلە نەوتێكی ئێران فریوی خوارد و پاشان كۆماری مهاباد گورگان خوارد كرا.

هەرنەوت بوو نەیهێشت سەركردایەتی كوردی عێراق وحكومەتی مەركەزی لەچەندین خولی دانوستاندا بگەنە هیچ رێكەوتنێكودەستپێكردنەوەی شەڕو هێنانی ماڵوێرانی بۆ خەڵكی كوردستان.

هەرنەوت بوو حكومەتە یەك لەدوای یەكەكانی عێراقی زیاتر رژدكرد لە دەست گرتن بەسەر شاری كەركوكدا وبێبەشكردنی كورد لێی، هەرنەوت بوو وای لەحكومەتی عێراق كرد سیاسەتی وەدەرنانی كورد پیادە بكات وعەرەبی باشووری بۆ بهێنێ وداهات وپارەی نەوت بوو ئەدرا بەچەك وكوردستانی پێ وێران كرا، هەرنەوت بوو وای لە ولاتە زل هێزەكان كرد گوێیان لەهاواروناڵەی كورد نەبێت.

گرنگی دامەزراوە نەوتیەكان بوو پاڵی بەحكومەتی بەعسەوەنا كورد لەم كەرتەدا نەهێڵێ وكادری نەوتی لەنێو گەلەكەماندا زۆر بەدەگمەن بێت.

ئەمرۆش دوای پرۆسەی ئازادی دوای رەوینەوەی هەوری رەشی سەر ئاسمـانی کـەرکوك وا کـورد دەرفـەتێکی مێـژوویی بـۆ رەخـساوە کـە بتوانێـت تۆزێـك ببێتـەوە بـەخاوەنی نـەوتی شـارەکەی خـۆی، بـەلاّم لەپاشــی چــی، لــەپاش ئــەوەی کۆمپانیــای نــەوتی کــەرکوك مــۆرکی کوردایـەتی تێـدا نـەماوە، ئـەوەی بـچێتە ناویـەوە وا ئـەزانێت لەشـاری ناسریە وبەسرەیە.

بەرپرسانی کورد لەکەرکوك پـاش هـەولّ وهیمـەتێکی زۆر توانیـان نزیکەی ٧٠٠ کوردێك دابمەزرێنن وبگەڕێننەوە بۆ ئەو کۆمپانیایە.

ئالەم راستیانەی سەرەوە دەگەینە ئـەو ئەنجامـەی تـا ئـەمرۆ نـەوت بۆکورد مایەی سەرئێشەو مەینەتی بووەو (مستەکۆڵەی ناو هەمانەکە بووە).

خوێنـەری ئـازیز : ئـەم نووسـینەی لەبەردەسـتدایە چـاپی دووەمـی کتێبی (مێژووی نەوتی کەرکوك)ە کە لەگەڵ چاپی یەکەمدا جیاوازی هەیە و ژمارەیەك بابەت و وێنەی مێژوویی نوێی خراوەتە سەر، ئەمە سەرەڕای خـستنە سـەری هـەموو ئـەو گۆرانکارییانـەی لـە نێـوان سـاڵی ٢٠٠٦ - ٢٠١١ بەسەر کێڵگە نەوتیەکانی سنوری شاری کەرکوکدا هاتووە.

پوختەی ئەم كتێبە بریتییە لە مێژووی نەوت لەكەركوك هەر لەو سەردەمەی بۆنی بوونی كرا لەم شارە تارۆژگاری ئەمرۆ، هیوادارم بەم كارەم كەلێنێكم لە مێژووی نوێی كەركوك پڕكردبێتەوە كە نەوت بەشێكی گرنگی ئەو مێژووەیە وفاكتەرێكی گرنگی دروست كردنی رووداوەكانیەتی.

فەرهاد حەمزە محەمەد
كەركوك

# نەوت لە کۆندا

زۆر لە کۆنەوە دانیشتوانی رۆژهەلأت نەوتیان بۆ هـەلْکردنی ئـاگری پەرستگەو کۆشکی شاکان بەکار هێناوە.

"هیلـۆتس "ی مێـژوو نووسـی رۆمـان ئـەلێت : لەسـەدەی یەکـەمی زایندا لەسقلیا چراکانی کارگەی "جنیتۆ"بەنەوت دائەگیرسان، گـەلێك سەرچـاوەی تـری وەك کتـێبی "مێـژووی حەکیمـەکان" پـشتگیری ئـەم قـسەیەی هیلـۆتس ئەکـەن وئـەلێن نـەوت گێڕەکـان چـرانەوتیەکانیان هەلْئەگرت ومالْ وکۆلأن وجادەکانیان پیْ رووناك ئەکردەوە.

هێردۆتس لەنووسینە مێژووییەکەیدا باسی بیرە نەوتە بچکۆلەکەی نزیك شاری موسای کردووە.

وەنەبێت ئادەمیزاد تـەنها پـەی بـەم شـێوەیەی بـەکارهێنانی نـەوت بردبێت بەلْکو پەلی کێشاوەتە هونەری خانوو دروست کردنیشەوە ...

واتـە هونـەری ئەنـدازیاری ... لـە کۆنـەوە ئـەو نەوتـە بۆسـواخدانی سەربانی کۆشکی شاکان وبۆتەخت کردنی ئەورێگەیانەی کۆشـکەکانیان بە پەرستگەوە بەستووە بەکار هێنـراوە دوای ئـەوەی شـێوەی نەوتەکـە خەست بووەتەوە.

ڤیر کەخۆی بەرهەمێکی لاوەکی نەوتە دووبارە بۆمەبەستی خـانوو و رێگەوبان رۆلْی خۆی بینیوە بەلأم ئەم ڤیرە لەسـەردەمی بابلیەکانـدا

لەسالّی ٤٠٦ی (پ.ز) بۆیەکەم جار بۆ دروست کردنی رێگا بەکار هێنراوە.

هەروەها نووسینە بزماریەکان ئەوە ساغ دەکەنەوە سەردەمی نەبوخود نەسر قیریان ناسیوەو بەکاریان هێناوە ... لەیەکێك لەبەلگەنامەکاندا ئەمە نوسراوە (ئەو گۆڕانەم چاك کردەوە کەلەقیرو خشتی کالّ دروست کرابوون )

لەسەردەمی نەبوخود نەسری دووەم ئەندازیارەکان گەلێك خانووی گەورەیان بنیات نا و کەوتنە نۆژەن کردنەوەی دیواری شارەکەو قیریان بەکارهێنا. "کتسیاس"ی مێژوونووس دەلّێت نەبو خود نەسر فەرمانی دەرکرد شوورەیەك له رۆژهەلاّتی شاری بابل دروست بکەن، درێژی ئەم شورەیە ١٨مەتر ئەبوو.

نەبوخود نەسر خۆی سەبارەت بەم شورەیە نووسیویەتی: دوای ئەوەی خەندەقێکم هەلّکەندو بناغەکەیم بە ئەسفەلت وقیروخشتی کالّ دارشت شوورەیەکم لەرۆژهەلاّتی بابلەوە دروست کرد.

بەلاّم میسرییەکان پێش ٥ هەزار سالّ قیریان بۆ مۆمیا کردن بەکارهێناوە.

## نەوت بۆ دەرمان:

قــەزوینی کــە لەســاڵی ٦٨٢ی کۆچــی مــردووە لەکتێبەکەیــدا "(عجائب المخلوقات )" ئەڵێت کە نەوت سەر ئاو کەوت چ سپی بێتو چ رەش بۆ ئازاری بڕگە وسپی بوون و ئاوکردنی چاو باشن، خۆ ئەگەر بێت ومیسقاڵێکی لێ بخۆیتەوە کەڵکی زۆرە و کرمیش دەکوژێت.

## نەوت وجەنگ:

ئەسکەندەری گەورە یەکەم کەسە لەئابلۆوقەدانی بابلدا ساڵی ٣٣٠ ی ( پ.ز) نارنجۆکی سووتێنەری بەکارهێناوە، ئەیخستە ناو ئەو کاسانەوە کە لەمەعدەن دروست کرابوون وقیریان تیابوو، پێنچ سەد ساڵ دوای ئەمە بەسەرکەوتوویی نەوتی سووتێنەر دژی کەرەسەی ئەو ئابلۆقە دانە پەیدا بوو کە ئیمپراتۆری رۆمان "ئاستیرس" بەرامبەر شاری (حەزەر ) ئەنجامی دا.

ئاشوری کۆن وبەشێکی تر لە هۆزەکانی رۆژهەڵاتی کۆن ئاگایان لە نەوت بووە و وبەکاریان هێناوە.

دواتر رۆمانەکان هاتن ولە ساڵەکانی سەرەتای دوای مەسیح دا تیری تێرنـەوت کراویـان بـەکار هێنـا لەشـەرەکانیاندا کـەبۆ سـووتان دەسـتی ئـەدا... سـاڵی ٦٥٠ی دوای زایـینی ئەنـدازیارێکی یۆنـانی کـە نـاوی "کۆلۆمبس" بوو هات ئەوەی دەرخست کە ئەگەر هەندێك نەوت وقیر لەنزیك شوێنێکی شێدارەوە دابنرێ لەوانەیە دەست بەجێ گڕ بگرێ‌و ئەم دۆزینەوەیەش بەناوی ئاگری گریك یاخود ئاگری یۆنانەوە ناسـرا. کاتێك روسیای قەیسەری بەکەشتی گەلێکەوە کەچەند پـاپۆری لەگـەڵ بوون هێرشی بردە سەر ئەستەمبوڵ بیزەنتیەکان بـەئاگری گریکـەکان بـەرگرییان لـەخۆیان کـرد و گـەلێك لـەپاپۆرە هێـرش بـەرەکانیان سووتاند وئستووڵی ناوبراویـان ناچـار کـرد بکشێتە دواوە، سـەرکردەی ئەم هێرشە دەڵێت یۆنانیەکان ئاگرێکیان هەیە وەك بروسکە وایە.

لەسەردەمی عەباسیەکاندا لە نەوت بۆمبی جەنگی دروست کراوە و ناونرابوو ئاگری گریکی (یۆنانی ) وکاتێـك هۆلاکۆی مـەغۆلی هێرشـی کـردە سـەر بەغـدا تۆپخانەکـەی کـە لـە ١٠٠ سـەرباز پێـك هـاتبوو بەغدایان بـەبۆمبێك بۆردوومـان کـرد کەلـە قیری باشـوری کوردسـتان دروست کرابوو، سەرچاوەکانی دەولـەتی عوسمـانیش باسـیان لـەبوونی نەوت لە کەرکوك کردووە، ئەوەتا "شمس الدین سامی" خاوەنی کتێبی (الاعـلام الترکي ) بـاس لەچۆنیەتی بـەکارهێنانی ئـەم نەوتـە دەکـات بەمەبەستی رووناك کردنەوە، بنەماڵەیەکی شاری کەرکوك لەپێش سێ

سەد ساڵەوە خەریکی سوود وەرگرتن بوون لەم نەوتە، نەوتەکەیان کۆدەکردەوە پاش هەندێك گۆران ودەستکاری کردن ئنجا دەخرایە گۆزەوە و دەنێردرایە بازار بۆفرۆشتن بەمەبەستی بەکارهێنانی بۆ رووناك کردنەوە، ئەو بنەماڵەیە بەهۆی خەریك بوونیان بەو پیشەیەوە بەبنەماڵەی نەفتچی ناسران، هەروەها بەهۆی ئەوەی ئەم بنەماڵەیە مامەڵەی بەردەوام ورۆژانەیەیان لەگەڵ لێپرسراوە تورکەکان بوو بۆیە زیاتر خەسڵەتی تورك کاری تێکردوون.

لەکەرکوکیش نەوت هەر لەوکاتەوە دەستی پێ نەکردووە کە ئینگلیزەکان یەکەم بیرە نەوتیان هەڵکەند، بەڵکو بۆ سەردەمێکی زۆر زووتر دەگەرێتەوە.

دەڵێن حەزرەتی نوح پێش روودانی ئەو لافاوە مێژووییەی لەقورئاندا باسکراوە هەڵساوە کەشتیەکەی خۆی بەقیر رووپۆش کردووە.

دەگێڕنەوە ئەوکاتەی هێزەکانی یۆنان بەرابەرایەتی ئەسکەندەری مەکدۆنی بەکەرکوکدا تێپەریوون وئەم نەوتەیان بینیوە هەڵساون ئەو رێگەیەی سەرچاوە نەوتیەکە بەناو شارەوە دەبەستێت نەوت رێژیان کردووە پاشان شەوان ئاگریان تێبەرداوە تاشەقامەکان رووناك بکاتەوە

له‌١٠ی ئازاری ساڵی ١٧٧٦ی زایینـی گه‌ڕیده‌یـه‌كی دانیمـاركی لـه‌كاتی تێپـه‌ڕبوونی به‌شـاری كه‌ركوكـدا وتویـه‌تی "له‌كه‌ركوكـدا چـاوگه‌یه‌كی ڤیرونه‌وت هه‌یه پێی ده‌ڵێن باباگوڕگوڕ، زه‌وییه‌كه‌ی هه‌تا بڵێی گه‌رمه‌"

جێـی باسـكردنه له‌كۆنـدا ئـه‌م ئـاگره سه‌رچـاوه‌ی فالگرتنـه‌وه بـووه به‌تایبه‌ت لای ژنان، ئه‌وانه‌ی مناڵیان نه‌ئه‌بوو ده‌چوونه لای ئه‌و گـڕه‌و داوای مناڵیان لێ ده‌كردو ده‌یان ووت :

## بابه‌گوڕگوڕ به‌گوڕ هاتین بۆ كوڕ هاتین

## بنچینەی دروست بوونی نەوت

بـۆ شـیکردنەوەی بنـچینەی دروسـت بـوونی نـەوت زانایـان زۆر بۆچوون وتیوریان داهێناوە گرنگترینیان تیوری نائۆرگانیك وتیوری ئۆرگانیکن، بەڵام پەسەند تریینیان تیوری ئۆرگانیکە کە دەڵێ : نەوت لەو ووردیلە گیانەوەرانە دروست بووە کە پاش مردنیان کەوتوونەتە ژێـر دەریاکانـەوە و پاشـان قوڕولیتـەی دەریاکـان داپۆشـیون دوای تێکەڵاو بوونیان بە تەنی بێگانـە پارێزراون، پاشان بـەهۆی بـەکتریای (ئینارۆبس) کەبێ هەوا چالاکی دەنوێنێ، بەیارمەتی ئاو وقوڕکارلێکی کیمیـاوی دەکـەن، ئـەم کـردارە چـەند ملیـۆن سـاڵ لەمەوبـەر لـەناو دەریاکاندا رووی داوە کە ئێستا بوونەتە وشکانی، بەهۆی پاڵە پەستۆ و پلـەی گـەرماوە نەوتەکـە لـەژێر چینە بەردەکـەوە سـەردەکەونە سـەر چینە بەردییەکان، پاشان لەئـەنجامی گـەڕان بـەدوای دا دەدۆزرێنـەوە یان سەردەکەوێتە سەر رووی زەوی وسوودی لێ وەردەگیرێت.

بـەکورتی نـەوت ملیۆنـەها سـاڵ لەمـەو بـەر لەشـیبوونەوەی مـاددە ئۆرگانییـەکان دروسـت بـووە بـەهۆی بەسـەریەکدا تلیـسانەوەی گیانەوەران ورووەکی مردوو لەژێر لیتەی سیفت وپاڵە پەستۆوگەرمی زۆر بەتیندا.

نـەوت بـەگوێرەی ناوچـە جێولۆجیـەکان جیـاوازە کـە ئەبێتـە هـۆی گۆڕینی سیفاتی ئەو ماددە کیمیاوییانەی کەلێی پێك هاتبوون.

نەوت شلەیەکی رەنگ قاوەیی تۆخ یان کاڵە، لەبەر تیشکی رۆژدا بـە رەنگی سەوزی کراوە یا سوور خۆی دەنوێنێ

نەوت پێك هاتووە لە کاربون بەرێـژەی ٨٠٪- ٨٨٪، هایـدرۆجین ١٠٪-١٤٪، ئۆکسجین ١,٠٪-٧,٠٪، گۆگرد ١,٠٪-٥,٠٪، نایترۆجین ٢,٠٪-١١,١٪.

ئەمانە وچەندین ماددەی تر کەبەرێژەیەکی زۆر کەم بوونی هەیـە، هەتا رێژەی هایدرۆجین زۆربێت نەوت سوکتر دەبێت، ئەمەش دەبێتـە هـۆی زیـادبوونی بـڕی بـەنزین، هـەتا رێـژەی ئۆکـسجینیش زۆربێـت رێـژەی گـاز زیـاد دەبێـت، ئەگـەر بـڕی گـۆگرد زیـاد بێـت نرخـی کـەم دەبێتەوە.

# قۆناغەکانی مێژووی نەوتی کەرکوك

ئەوەی مەبەستمانە مێژووی سیاسی نەوتە کە لەوکاتەوە دەست پێ دەکات کە نەوتی کەرکوك بووە جێگەی چاوتێبڕین وتەماعی ولاّتانی گەورەی ئەوروپا، لەوکاتەوەی ئەوروپا بەردەوام خەریکی ناردنی نێردە بوون بۆ ساغ کردنەوەی بوونی نەوت لەوناوچانە، هۆی هاتنەکایەی ئەم بارودۆخەش لەئەوروپا دەگەڕێتەوە بۆ سەرهەڵدانی شۆڕشی پیشەسازی کە نەوت تیایدا بووە پێویستیەکی سەرەکی بەگەڕخستنی ماکینەکان وبەکارهێنانی وەك سەرچاوەیەکی سەرەکی ووزە.

ئەمەش دابەشی دووقۆناغ دەکرێت :-

## ١- قۆناغی پێش هەڵکەندنی یەکەم بیری نەوت :

دوای ئەوەی ولاّتانی ئەوروپا بەتایبەت ئەڵمانیا هەستیان بەگرنگی نەوت لەڕووی ئابوورییەوە کرد بۆیە پەیتا پەیتا تیمی جیاواز جیاوازیان دەنارده ناوچەکە بۆ پشکنین وگەڕان بەدوای نەوت دا یەکەم کەس خۆی سەرقاڵی ئەم کارەکرد (ولیەم دارسی) بوو کەرووی لەباشووری ئێران کردو لەساڵی ١٨٩١ لە خوزستانی ئیران لە

(**میدان نفط**) لەباکووری ئەهوازو لەدووری ٨ کیلۆمەتر نەوتی دۆزییەوە.

بەم شێوەیە مافی دەرهێنانی نەوت وکانزاکانی تر درایە (بانکی شاهەنشاهی ئیرانی) کە بانکێك بوو تەنها ناوەکەی ئێرانی بوو، لەوەبەدوا کۆمپانیای (ئەنگلۆ برشیان ئۆیل) توانی نەوت لەناوچەی عەبادان بدۆزێتەوەو مافی دەرهێنانی لەحکومەتی ئێران وەربگرێت.

کارکردنی هەردوو کۆمپانیای (دارسی — بانکی شاهەنشاهی ئێرانی) و (ئەنگلۆ برشیان ئۆیل کۆمپانی ) لەئێران پالی بەخاوەن کۆمپانیاکانەوە نا تا هەولی وەبەرهێنانی نەوتی عێراقیش بدەن.

جیۆلۆجییەکان لەو باوەڕەدابوون عێراق دورگەیەکە لەسەر دەریایەکی نەوت، توێژینەوە زانستییەکانیش سەلماندوویانە کەنەوتی عێراق لەجۆری نەوتە چاکەکانە.

لەبەر گرنگی و پێویستی جیهان بۆ نەوت نەئەکرا هەر وا بەسووكو ئاسانی دەست بەرداری ئەم مادە گرنگە ببن، بۆیە ولاتە زل هێزەکان زۆرکێشەو نائارامی یان لەجیهاندا دروست کردووە تابتوانن لەئەنجامدا سامانی ولاتانی جیهان وناوچەکە بۆخۆیان بقۆزنەوە.

لەم قۆناغەدا چەندین تیمی جیاواز ڕەوانەی کوردستان دەکران بە مەبەستی گەڕان وشارەزابوون لەسەر نەوتی کوردستان هەروەك سالی

١٨٧١ نێردەیەکی ئەڵمانی هاتنە کوردستان ولە راپۆرتەکەیاندا ئاماژەیان بۆ بوونی نەوتێکی زۆر کرد لەکوردستاندا.

پاشان لە ساڵی ١٨٩٢ نێردەیەکی تر بەناوی ( جان دی مۆرگان) سەردانی ناوچەکەیان کردو ئاماژەیان بەبوونی نەوت لەناوچەی کەرکوك وخانەقین کرد.

لەساڵی ١٨٩٣ ئەندازیارێکی ئەڵمانی پاشان لەساڵی ١٨٩٧و ١٨٩٩ تیمی تر رەوانەی کوردستان کران، هەموویان سەرسوڕمانی خۆیان لەو نەوتە شاراوەیەی ژێر زەوی کوردستان دەربری، لەیەکێك لەراپۆرتەکانیاندا نووسیویانە (کەرکوك ودەوروبەرەکەی ناوچەیەکی زەبەللاحی نەوتەو چاڵگە نەوتیەکانیشی زۆر لەسەر زەوییەوە نزیکن)، لەساڵی ١٩٠٧دا نێردەیەکی دیکەی ئەڵمانیا ئەوەیان دووپات کردەوە کە کوردستان لەسەر دەریایەکی نەوت مەلە دەکات.

قەیسەری ئەڵمانیا دوای درك کردنی بەم گەنجینە پڕ بایەخە دووجار سەردانی سوڵتانی عوسمانی کرد.

پێکدادان وکێبرکێی بەرژەوەندیەکان رێگەی بۆ دەوڵەتی عوسمانی خۆشکردبوو لەو رۆژەدا چۆن دەیەوێت بەو شێوەیە بریار لەسەر نەوتی ژێر دەسەلآتی خۆی بدات.

سوڵتان عەبدول حەمیدی دووەم درکی بەگرنگی ئەو کانزایە کردبوو، دەیزانی لەخاکی عێراقدا چەند زۆرە، کاریگەری چەندە

لەبەڕێوەبردنی شەڕەکان وپیشەسازییە نوێیەکان، هەروەها هەستی بەململانێی نێوان دەوڵەتە گەورەکانیش کردبوو کە لەسەر نەوت دەستیان پێ کردبوو، دەشیزانی کەلەترسی یەکتر ناوێرن بەزۆر دەست بەسەر کێڵگەکانی نەوتی عێراقدا بگرن، بۆیە لە بڕیارێکیدا گەڕان و پشکنینی بەدوای نەوتدا قەدەغە کرد تا رۆژێك دەوڵەت بتوانێت خۆی دەستی پێبگات وسوودی لێ وەربگرێت.

ولاتە یەکگرتووەکانیش هەوڵیدا بەرهەمهێنانی نەوتی دەوڵەتی عوسمانی بۆخۆی دەستەبەربکات و وەفدەکانی یەك لەدوای یەك دەنارد بۆ لای سوڵتان عەبدول حەمید تا بتوانن رازی بکەن ومافی گەڕان وپشکنین بەدوای نەوتی دەوڵەتی عوسمانی بۆ خۆی زامن بکات، بەلام بێسوود بوو وهیچی لێ دەست نەکەوت.

هەروەها ئەڵمانیاش هەوڵی زۆری دا بەلام سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا، بەلام لەساڵی ١٩٠٣ (کۆمپانیای هێڵە ئاسنینەکانی ئەنادۆڵ) کەبانکی ئەڵمانی پشکی تێدا هەبوو توانی مافی دروست کردنی (هێڵی ئاسنینی بەغدا- بەرلین) بەدەست بهێنێ ویەکێك لە مەرجەکانی ئەوەبوو مافی بەرهەمهێنانی کانزاکانی دەوروبەری هێڵەکە بەدووری ٢٥کم بەهەردوو دیوی هێڵەکە دا هەبێت وبەمەش توانی ئەو ناوچانەی دەکەوتنە رۆژهەلات ورۆژئاوای رووباری دجلە لەباکوری

عێراق بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی وماڤی بەرهەمهێنانی نەوتەکەش بۆخۆی قۆرغ بکات.

بەڵام دەوڵەتە گەورەکانی تر کۆڵیان نەداو بەردەوام داوای بەرهەمهێنانی نەوتی عێراقیان دەکرد ئەگەر بەناراستەوخۆش بێت. ئەڵمانەکان لەساڵی ١٩١١ ناچار بوون بەشێکی پشکەکەیان بەهەردوو کۆمپانیای ئینگلیزی (ئەنگلۆ- بەرشیان ئۆیڵ کۆمپانی ) وکۆمپانیای (ئەنگلۆ ساکسۆنی سنووردار – رۆیاڵ شل ) بفرۆشن، بەم جۆرە کۆمپانیایەکی نوێ دروست بوو کە ناوی خۆی نا (کۆمپانیای بەرهەمهێنانی ئەفریقی ورۆژهەڵاتی سنووردار) کە ئینگلیز وئەڵمانەکانی تێدا کۆببونەوە.

لەساڵی ١٩١٤ کۆمپانیاکە ناوی خۆی گۆڕی بۆ (کۆمپانیای نەوتی تورکی سنووردار )

لەساڵی ١٩١٤ شەڕی جیهانی یەکەم هەڵگیرسا ئەوەبوو ئیتر هەموو لایەك گلانە ناوشەڕەکەوە وئاگایان لەهیچ نەما، کاتێکیش جەنگ تەواو بوو ئەمەریکا سووربوو لەسەر داوای بەشداربوون لەبەرهەمهێنانی نەوتی عێراق.

بەریتانیاش ناچار بوو بیکاتە شەریك، لەکۆنگرەی (سان ریمۆ)شدا لەساڵی ١٩٢٠ ئەڵمانیا بێ بەشکراو وئەمریکا وفەرەنسا جێگەیان گرتەوە.

دوای دامەزراندنی حکومەتی عێراق لەساڵی ١٩٢١ کۆمپانیا یەکگرتووەکە (کۆمپانیای نەوتی تورکی) دەستی کرد بەدانوسان لەگەڵ حکومەتی تازە دامەزراوی عێراق، ئەوەبوو لە ١٤ ی ئازاری ١٩٢٥ حکومەتی عێراق بۆ ماوەی ٧٥ ساڵ مافی بەرهەمهێنانی نەوتی بەو کۆمپانیایە بەخشی.

ئەوەشمان لەبیرنەچێت کەشەڕی جیهانی یەکەم تەواو بوو لە کاتی وتوێژی دەوڵەتە سەرکەوتووەکاندا بۆرێکەوتن لەسەر دابەشکردنی سامانی نەوتی عێراق یەکێك لەو کەسایەتیانەی کە لەسەرمێزی وتووێژدا دادەنیشت (گوڵبانگیان) بوو. دوای رێکەوتن لەسەر دیاری کردنی پشکی خاوەن بەشەکان لەکۆمپانیای نەوتی تورکی ٥٪ بۆ (گوڵبانگیان ) دانرا، گوڵبانگیان ئەو پیاوە بوو کەبەردەوام لەهاتوچۆی (باب العالی ) عوسمانی دا بوو بۆ وەرگرتنی ئیمتیاز بۆ دەوڵەتە زلهێزەکان ئەوانیش دوای سەرکەوتنیان فەرامۆشیان نەکرد، دوای مردنیشی بەشەکەی بۆ کوڕەکەی مایەوە، لەتەمموزی ساڵی ١٩٥٥ گولبانگیان لەتەمەنی ٨٦ساڵیدا کۆچی دوای کردو هەموو رۆژنامەکان بەبایەخەوە هەواڵەکەیان بلأوکردەوە.

ئەم پیاوە بەدرێژایی ژیانی فاکتەری لێك نزیکردنی دەسەلأتداران و کۆمپانیا نەوتیەکان بووە دوای ئەوەی لەکۆمپانیای نەوتی تورکی پشکی ٥٪ ی پێبڕا لەوکاتەوە ناونرا مستەر ٥٪، پاش مردنیشی لەسەر

راسـپاردەی خـۆی هەرچـی سـامان ومـاڵ وملکـی هـەبوو پێـشکەش بەدەزگایــەکی رۆشــنبیری وزانــستی کــراوە دەزگاکــەش هەربــەناوی خۆیەوە ناونرا.



**گۆڵبانگیان ناسراو بە مستەر فایف**

دوای ئەو رێکەوتنە پشکی کۆمپانیاکان بەم چەشنەی لێ هات :

٤٧,٥ ٪ بانکی نیشتمانی تورکیا (ئەم بانکە لەبنەرەندا بەسـەرمایەی ئینگلیـزی دامـەزرابوو)، ٢٢,٥ ٪ کۆمپانیـای نـەوتی ئـەنگلۆ سەکسۆن،

٢٥٪ بانکی ئەڵمانیا، هەروەها ٥٪ گولبانگیان، بەهەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانی لەئابی ١٩١٤ کۆتایی بەم قۆناغە هات.

### ٢- قۆناغی هەڵکەندنی یەکەم بیری نەوت لەکەرکوك:

هەروەك پێشتر و وتمان کۆمپانیا ئەڵمانیەکان توانیان پێش هەموو دەوڵەتانی تر مافی دەرهێنان وگەڕان بەدوای نەوت لەدەوڵەتی عوسمانی وەربگرن، ئەوە بوو لەساڵی ١٩٠٣ لەناوچەی (چیاسورخ)ی سنووری عێراق - ئێران یەکەم بیری نەوتیان هەڵکەند، لەساڵی ١٩٠٤یش بیرێکی تر لێدرا بەڵام بەرهەمەکەیان لەرووی بازرگانیەوە شتێکی وەها نەبوو، پاشان شۆرشی ساڵی ١٩٠٨ی تورکە لاوەکانی بەسەرداهاتوو دەسەڵاتی سوڵتان عبدالحمیدی عوسمانی کۆتایی هات ئیتر لەو بەدواوە ئەم پرۆژەیەش پشتگوێ خرا.

لەم قۆناغەدا ولاتە دۆڕاوەکانی شەڕ کە ئەڵمانیاو دەوڵەتی عوسمانی دەگرێتەوە لەمەیدانەکە دوورخرانەوە، ولاتانی سەرکەوتووی ئینگلیز و فەرەنسە جێگەیان گرتنەوە، فەرەنساش کە بەپێی رێکەوتنامەی سایکس پیکۆی ساڵی ١٩١٦ دەبوایە ولایەتی موسڵ واتە کوردستانی عێراقی بەرکەوتایە کەچی لەیەکلایی کردنەوەی کێشەی موسڵدا لەساڵی ١٩٢٥ وازی لەبەشەکەی خۆی هێنا، دوای دەرکەوتنی نەوت لە کەرکوك کە بەشێك بوو لە ولایەتی موسڵ کلیمانسۆ سەرۆکی

دەســتەی نوێنەرایــەتی فەرەنــسە لەبــەردەم پەرلــەمانی فەرەنــسی دا ووتبووی ئەگەر ئەمزانی ویلایەتی موسڵ ئـەم هـەموو نەوتـەی هەیـە هەرگیز ئەو پەیمانەم ئیمزا نەدەکرد.

ئەمەریکاش بەیەکێك لەو وڵاتە سەرکەوتووەکانی شەڕ دەژمێـردرێ گوشـاری تونـدی خستە سـەر بەریتانیـەکان وداوای بەشـە نـەوتی کـرد ئـەوە بـوو لـە١٣ی تـەمموزی ١٩٢٨ سـەرلەنوێ بـەجۆری دابەشـکردنی پـشکەکانی کۆمپانیـای نـەوتی تورکیـدا چـوونەوە ولـەحوزەیرانی ١٩٢٩ نـاوی کۆمپانیاکـەیان گـۆری بـۆ کۆمپانیـای نـەوتی عێراقـی سـنوردار (Iraq Petroleu.Com.LTD) IPC

| ناوی کۆمپانیا | ڕەگەز | ڕێژەی پشکداری |
|---|---|---|
| کۆمپانیای ئەنگلۆ – فارسی | بەریتانی | ٪٢٣,٧٥ |
| کۆمپانیای ڕۆیاڵ – شڵ | بەریتانی – هۆڵەندی | ٢٣,٧٥ ٪ |
| کۆمپانیای نەوتی فەرەنسا | فەرەنسی | ٪٢٣,٧٥ |
| کۆمپانیای ستاندەر ئۆیل –لۆف - نیوجرسی | ئەمەریکی | ٪١١,٧٥ |
| کۆمپانیای سۆگۆنی-ڤاکیوم | ئەمەریکی | ٪١١,٧٥ |
| پشکی گوڵبانگیان | - | ٪٥ |

**ئارمی کۆمپانیای نەوتی عێراق (IPC)**

بـۆ هەڵکەنـدنی یەکـەم بـیرە نـەوت زانایـانی کۆمپانیاکـە سـەرەتا مەزەندەیان بۆ ناوچەی خورماتوو چووە. ئەوەبوو لەساڵی ١٩٢٦ یەکـەم نێردەی جیۆلۆجی بەسەرپەرشتی پرۆفیسۆر(دۆپۆخ ) بـە ١٢ دەزگای هەڵکەندنـەوە لەناوچـەیەکی نزیـك خورمـاتوو خێوەتیـان هەڵـدا، لـە ١٩٢٧/٤/٥ واتـە چـەند مانگێـك پـێش هەڵکەنـدنی بـیری بابـەگورگورو بـەئامادەبوونی مـەلیك فەیـسەڵ یەکـەمین بـیری نـەوت لـەو ناوچـەیە هەڵکـەنرا، پاشـان سـیانی تـریش لێـدرا بـەڵام هیـچیان سـەرکەوتوو نەبوون.

دوای چـــەند تـــاقی کردنەوەیـــەکی ســـەرنەکەوتوو ئەنجوومـــەنی بەڕێوەبردنی کۆمپانیـای نـەوتی تـورکی دووچـاری بـێ ئومێـدی بـوون لەئاسـت بـوونی نـەوت دا، لـەم بـارەوە ببونـە دووبـەرەوە بەرەیـەکیان لەگـەڵ ئـەوەدا بـوون هـیچ بیرێکـی تـرهەڵنەکـەنرێ، بەرەکـەی تـریش وایان بەچاك زانی بەردەوام بن لەسەر هەڵکەنـدن، دواجـار پـسپۆڕێکی جێولۆجی بەناوی (ترۆبریدج) هاتە ناوچەکەوەو لەدواییدا راپۆرتێکی بۆ سەرووی خۆی نووسـی زۆر بەدڵنیاییـەوە باسـی لـەبوونی نـەوت لـە کـەرکوك دەکـرد، ئـەوە بـوو لـە ٣٠ی حـوزەیرانی ١٩٢٧دەسـت کـرا بەهەڵکەندن، لەنیوە شەوی ١٤ی تـشرینی یەکـەمی هـەمان سـاڵ قـووڵی بیرەکە ٤٦٤ مەتری تێپەڕکرد، بەڵام بەهۆی هەڵەیەکی تەکنیکیەوە کـە روویدا نەوتی ژێر زەوی فیچقەی کردو هەرچی دەزگای هەڵکەندنەکە

هەیە فرێی دا و گەیشتە بەرزی زیاتر لە ٦٠متر. رۆژانە ٧٥ هەزار بەرمیل نەوت بەقوڵی نیومەتر بەشێوێکی ئەو دەفەرەدا دەڕۆی، لەوەوە ئەوشیوە ناونرا شیوی نەوت کە دەکەوێتە نزیك گوندی شۆراو و گورگە چاڵەوە.

لەئەنجامی ئەم رووداوە ئەندازیارێکی ئینگلیز وچەند کرێکارێك گیانیان لەدەست دا، نۆ رۆژ نەوت هەردەڕۆی. بۆ کۆنترۆل کردنی رووداوەکە پەنایان بردە بەر کرێکارانی ناوچەکەو نزیکەی ٨٠٠ کرێکاریان بە کرێ گرت بۆ دروستکردنی شورایەك بە دەوری نەوتە رژاوەکەدا تا لە ٢٣ ی تشرینی یەکەم لەسەعات ٣ی شەو توانرا کۆنترۆڵ بکرێ، بەپێی ئاماری ئەوکاتە زیاتر لە ٦٠٠هەزار بەرمیل نەوت بە فیرۆچوو. لەئایاری ١٩٣٤ دەست کرا بەقوڵ کردنەوەی بیرەکە تا ٦٠٧م.

بەم چەشنە چیرۆکی دۆزینەوەی نەوت لەباباگورگور چوە نێو لاپەرەکانی مێژووەوە ولەو رۆژەوە عێراق بووە وڵاتێکی نەوتی.

ئەم بیرە ناونرا بیری ژمارە (١) کە تا ساڵی ١٩٤٠ بەرهەمی هەبوو، لەوەبەدوا بەیەکجارەکی داخراو لەبەر گرنگییە مێژوویی یەکەی شوێنەکەی لەلایەن کۆمپانیای نەوتەوە پارێزراوە.



بیری ژماره (یەك) ی بابا گورگور كە ئەمرۆ چوەتە ناو
لاپەرەكانی مێژووەوە

# کێڵگە بەرهەمهێنراوەکانی نەوتی کەرکوك

ئــەو کێڵگانــەی دەکەونــە ســنووری پارێزگــای کەرکوکــەوە هەرهــەموویان لەیــەك کاتــدا نەدۆزراونەتــەوە وبەرهــەم نــەهێنراون بەڵکو ماوەی نێوانیان چەندین ساڵ بووە وا لێرەدا بەپێی زنجیرەی مێژوویان یەك لە دوای یەك دەیانخەینە روو :

## ١- کێڵگەی کەرکوك

یەکەم بیری ئەم کێڵگەیە لە ١٤ ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٧ هەڵکەنرا درێژییەکەی نزیکەی ١٠٠ کمو پانیەکەشی ٥کم دەبێت لەناوچەی جەبەل بۆرەوە دەست پێدەکات تا ئەودیوی ناحیەی دیبەگە نزیك گوێر.

ئەم کێڵگەیە لەرووی جیۆلوجیەوە لەسێ گومەز (Dom) پێك دێت :

أ- گومەزی بابا واتە باباگورگور کە لە(جەبەل بۆر) ەوە تا ئاست گوندی (عەمشە) درێژە دەکێشێ.

ب- گومەزی ئاڤانە (زور گەزراو)لە گوندی عەمشەوە تا ناحیەی دیبەگە درێژەدەکێشێت.

ج- گومەزی خورماڵە (لەدیبەگەوە تا نزیك ناحیەی گوێر درێژ دەبێتەوە).

کێڵگەی کەرکوك پێش خۆماڵی کردنی نەوت لە ١ ی حوزەیرانی ١٩٧٢ تەنها ١٩٨ بیری تێدا لێدرابوو، لەدوای خۆماڵی کردنیشەوە تاڕووخانی رژێمی بەعس ٢١١ بیری تێدا هەڵکەنرا، لەدوای ڕووخانیشەوە تا چاپ کردنی ئەم کتێبە ٢٤ بیری تری تێدا هەڵکەنراوە، کۆی هەموو دەکاتە ٤٣٣ بیر.

خاڵێکی گرنگ هەیە لێرەدا بە گرنگی ئەزانم باسی بکەم ئەویش ئەوەیە لە ساڵی ٢٠٠٨ لەو کاتەی کارمەندانی کۆمپانیای نەوتی باکوور سەرقاڵی هەڵکەندنی چەند بیرێك بوون لە گومەزی خورماڵە لە نزیك ناحیەی دیبەگە حکومەتی هەرێم رێگەی لێگرتن و هەڵکەندنی بیری لەو دەڤەرە لێ قەدەغە کردن بە حوکمی ئەوەی ناوچەکە دەکەوێتە ناو سنوری حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە.

یەدەکی نەوتی کێڵگەی کەرکوك (بنەڕەتی پێش دەرهێنانی نەوت) ٢٢,٥ ملیار بەرمیلە. ئەوەی تا ٢٠١٠/١/١ ماوەتەوە ٨,٧ ملیار بەرمیلە

## ٢- کێڵگەی بای حەسەن

دەکەوێتە دووری ١٠کم لە کێڵگەی کەرکوکەوە نزیك شارۆچکەی دوبز، درێژییەکەی ٢٨کم پانیەکەشی ٣کم دەبێت، ئەم کێڵگەیە لەراستیدا لەدوو گومەز (Dom) (کتکە وداود) پێکهاتوە. بۆ یەکەم جار لەساڵی ١٩٥٣ نەوتی تێدا دۆزراوەتەوە، لەساڵی ١٩٦٠ بەمەبەستی

بازرگانی ڕەوانەی دەرەوەکراوە، لەپێش خۆماڵی کردنی نەوت تەنها ٢٤ بیری تێدا لێدراوە، لەدوای خۆماڵی کردنیش ١٢٥ بیر، لە دوای پرۆسەی ئازادیشەوە کۆمپانیای نەوتی باکوور زیاتر چاوی بڕیوەتە ئەم کێڵگەیەو تا ئامادەکردنی ئەم کتێبە ٤٥ بیری تێدا هەڵکەنراوە. یەدەکی نەوتی کێڵگەی بای حەسەن (بنەرەتی ) ٣,٣٢ ملیار بەرمیلە. ئەوەی ماوەتەوە تا ٢٠١٠/١/١ بریتی یە لە ٢,١ ملیار بەرمیل. چڕی نەوتەکە API (٣٤) پلە دەبێت.

ئەم کێڵگەیە لە حوزەیرانی ساڵی (١٩٦٠)ەوە چووەتە بواری بەرهەم هێنانەوە. زۆربەی دانیشتوانی سنووری ئەم کێڵگەیە پێش پرۆسەی تەعریب کورد بوون تەنها گوندێکی عەرەب نشین نەبێت لەوسنوورەدا هەبووە.

## ٣- کێڵگەی جەمبور

ئەم کێڵگەیە لەساڵی ١٩٥٤ دۆزراوەتەوەو، دەکەوێتە دووری ١٤کم لەباشووری ڕۆژئاوای کێڵگەی کەرکوکەوە، درێژی کێڵگەکە ٤٠کم‌و پانیەکەشی ٤کم دەبێت، ژمارەی بیرە هەڵکەنراوەکانی پێش پرۆسەی ئازادی ٥٦ بیرە، لە دوای پرۆسەی ئازادی یەوە ٥ بیری تێدا هەڵکەنراوە، یەدەکی نەوت لەم کێڵگەیە ١,٤٠ ملیار بەرمیلە، ئەوەی ماوەتەوە تا ٢٠١٠/١/١ (٦٨٠,٠٠٠ ) ملیۆن بەرمیل دەبێت. چڕی نەوتی

ئەم کێڵگەیە ٤٠ پلە دەبێت ونەوتێکی سووکی هەیە، لە ئابی ساڵی (١٩٥٩)ەوە چووەتە بواری بەرهەم هێنانەوە، لەسنوری ئەم کێڵگەیە دا هۆزەکانی کاکەیی، تاڵەبانی،داودە دەژین کە هەموو کوردن.

## ٤- کێڵگەی خوبازە :

درێژییەکەی ٤کم وپانیەکەشی ٢کم دەبێت، پێش پرۆسەی ئازادی نزیکەی ٣٠ بیری تێدا لێدراوە. لە دوای پرۆسەی ئازادی یەوە ٧ بیری تێدا هەڵکەنراوەو یەدەکی نەوت لەو کێڵگەیە ٥٢١ ملیۆن بەرمیلە. ئەم کێڵگەیە بەوە جیا دەکرێتەوە بڕێکی زۆری غاز تێدایە. چری نەوتەکەی لەنێوان ٣١-٣٦ پلەیە

## ٥- کێڵگەی کۆرمۆر

دەکەوێتە سنووری ناحیەی قادر کەرمەوە و(٧) بیری تێدا لێ دراوە. لە دوای روخانی بەعسەوە لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستاندایەو توانیویەتی سودێکی باش لە غازەکەی وەربگرێت بۆ بەرهەم هێنانی وزەی کارەبا

### ٦-كێڵگەی حەمرین

ئەم كێڵگەیە بەشێكی كەمی دەكەوێتە سـنووری پارێزگـای كـەركوك زیاتر دەكەوێتە سنوری پارێزگای دیالە وتكریتەوە.

### ٧-كێڵگەی گلابات

دەكەوێتە سنووری قەزای (كفری)یەوە و ٣ بیری تێدا لێدراوە.

**خشتەی(١) كێڵگە و ژمارەی بیرە نەوتەكانی سنوری پارێزگای كەركوك لە مێژووی دۆزینەوەیەوە تا ئەمرۆ روون دەكاتەوە**

| کێڵگە | ژمارەی بیرە هەڵکەنراوەکان لە ١٩٢٧ -١٩٧٢ | ژمارەی بیرە هەڵکەنراوەکان لە١٩٧٢- روخانی بەعس | ژمارەی بیرە هەڵکەنراوەکان لەدوای روخانی بەعسەوە | سەرجەم |
|---|---|---|---|---|
| کەرکوك | ١٩٨ | ٢١١ | ٢٤ | ٤٣٣ |
| بای حسن | ٢٤ | ١٢٥ | ٤٦ | ١٩٤ |
| جەمبور | ١٥ | ٤١ | ٥ | ٦١ |
| خەباز | - | ٣٠ | ٧ | ٣٧ |
| کۆرمۆر | - | ٧ | | ٧ |
| گلابات | - | ٣ | | ٣ |
| | | | | ٧٣٥ |

# ڕێکەوتننامەکانی نێوان کۆمپانیا نەوتییەکان وحکومەتی عێراق

هەروەك پێشتر وتمان لەسەرەتای دۆزینەوەی نەوت ژمارەیەك کۆمپانیای بیانی پێکەوە کاریان دەکردو ناویان نرابوو (کۆمپانیای نەوتی تورکی) ئەم کۆمپانیایە بۆ ڕێکخستنی ئیشو کارەکانیان لە ١٩٢٥/٣/١٤ یەکەم ڕێکەوتننامەیان لەگەڵ حکومەتی عێراق بەست، گرنگترین خاڵەکانی ڕێکەوتنەکە ئەمانەبوون :

١- حکومەتی عێراقی رازیە لەسەر بەخشینی مافی گەڕانو پشکنین وبازرگانی کردن بەکۆمپانیای نەوتی تورکی.

٢- ماوەی ڕێکەوتنەکە ٧٥ ساڵە دوای ئەوە بەبێ بەرامبەر تەواوی کۆمپانیاکە دەدرێت بەحکومەتی عێراق.

٣- کۆمپانیا لەتەواوی عێراقدا مافی گەڕان بەدوای نەوتی هەیە جگە لە ولایەتی بەسرە ودەوروبەری.

٤- دوای تێپەربوونی سێ ساڵ بەسەر ڕێکەوتنەکە کۆمپانیاکە بۆی هەیە هێڵی نەوت ڕووە و دەریای ناوەراست رابکێشێو لێوەی نەوت بنێرێتە دەرەوە.

٥- کۆمپانیای نەوتی تورکی بۆماوەی ٢٠ساڵ ٤ شلن بەرامبەر هەر تەنێك نەوت دەدات بە حکومەتی عێراقی، دوای ئەومێژووەش لەسەر بناغەی نرخی بازار بەشی حکومەتی عێراق دیاری دەکرێت.

٦- پێویسته كۆمپانیاكه بەنرخێكی دیاری كراو وجێگیر پێویستییەكانی عێراق له سووتەمەنی دابین بكات.

٧- پێویسته كۆمپانیاكه بەناوی بەریتانیاوه تۆمار بكرێو بارەگای كاره سەرەكیەكانی لەچوارچێوەی ناوچەكانی ژێر دەسەڵاتی بەریتانیادا نەچێته دەرەوه.

٨- عێراق مافی دامەزراندنی بەڕێوبەرێكی لەئەنجوومەنی كۆمپانیاكه هەیه و هەمان دەسەڵات ومافی بەڕێوبەرەكانی تری دەبێت.

دوای ژمارەیەك كێشه و بگره و بەرده لە٣١ی تەمموزی ١٩٢٨ رێكەوتنەكه نوێ كرایەوەو ئەمەش هەندێك لەبەنده گرنگەكانیەتی:

١- پشكەكان بەم شێوەیه دابەشكران :-

كۆمپانیای دارسی ٢٣,٧٥٪ - كۆمپانیای نەوتی ئینگلیزی –ساكسۆنی ٢٣,٧٥٪ - كۆمپانیای نەوتی فەرەنسی ٢٣,٧٥٪ - كۆمپانیای بەكاربردنی رۆژهەڵاتی دوور ٢٣,٧٥٪ - گۆڵبانگیان ٥٪.

٢- بارەگای كۆمپانیا له لەندەن دەبێت.

٣- كۆمپانیاكه بەپێی یاساكانی بەریتانیا دەچێت بەڕێوه.

لەساڵی ١٩٢٩ ناوی كۆمپانیاكه لەكۆمپانیای نەوتی توركیەوه گۆڕا بۆ (كۆمپانیای نەوتی عێراق IPC).

ئەم رێكەوتننامەیەی نێوان حكومەتی عێراق وكۆمپانیاكه لەساڵانی ١٩٣١، ١٩٣٨، ١٩٥٢ چەند گۆڕان ودەسكاریەیەك لەبڕگەكانی دا روویدا تا

گەیشتە کاتی هەڵگیرسانی شۆرشی ١٤ ی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨، حکومەتی عبدالکریم قاسم هەر بەگەیشتنی بۆ دەسەڵات دەست بەجێ دەستی کرد بەگفتوگۆو هاتووچۆ لەگەڵ کۆمپانیاکان بەمەبەستی زیادکردنی بەشی عێراق لەو کۆمپانیایە. لەو ئەنجامانەی لەو گفتوگۆیانە کەوتەوە یاسای ژمارە ٨٠ ی ساڵی ١٩٦١ بوو کە لەمەودوا باسی لێوە دەکەین، لەساڵی ١٩٦٧ یش یاسای ژمارە ٩٧ دەرچوو کەماف بەکۆمپانیای نەوتی نیشتمانی دەدات ئاوی ئیقلیمی و وشکایی بەکار بهێنێ بۆ دەرهێنانی نەوت، دوای ئەمەش چەند یاسایەکی تر دەرچوو بۆ سنوردار کردنی دەسەڵاتی کۆمپانیا بیانیەکان.

پاش خۆماڵی کردنی نەوت حکومەتی عێراق زیاتر رووی لەوڵاتانی سۆشیالیست وکۆمۆنسیت کرد وپەیمانی درێژخایەنی لەگەڵ دەبەستن، بەڵام پاش شەڕی عێراق- ئیران وڵاتانی رۆژئاواو ئەمریکاش هاتنەوە مەیدان.

## خۆماڵی كردنی نەوت

خۆماڵی كردنی نەوت بریتی بوو لەو پرۆسەیەی لە ١ ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٧٢ لەلایەن حكومەتی عێراقەوە پیادەكراو لەوریێیەوە سەرەنجام كۆمپانیای نەوتی عێراق لەدەست ئینگلیزەكان دەرهێنراو بوو بەموڵكی عێراق، بەڵام بەعسیەكان كە ئەم نەوتەیان كەوتە دەست لەجیاتی ئەوەی بۆ خزمەتی گەلی عێراق بەكاری بهێنن دایان بەگوللەو تۆپ ورووبەڕووی گەلی عێراق بەگشتی وكورد بەتایبەتیان كردەوە.

بێگومان پرۆسەی خۆماڵی كردن ئەوە نەبێت شتێكی تازەبێت بەڵكو لەدەمێكەوە بوو هەوڵی بۆ دراوەو نەخشەی بۆ كێشراوە.

والێرەدا پوختەی هەوڵەكانی خۆماڵی كردنی نەوت پێش ساڵی ١٩٧٢ لەعێراقدا دەخەینە روو.

هەركەسێك مێژووی كۆمپانیای نەوتی عێراق IPC بخوێنێتەوە بۆی دەردەكەوێت چ رۆڵێكیان گێراوە لەدواخستنی عێراقو هێشتنەوەی ولآت لەسەر پشت بەستن بەئابووریەكی لابەلا كەئەویش داهاتی نەوتە، ساڵ لەدوای ساڵیش متمانە كردنە سەر ئەم نەوتە زیادی دەكرد.

لەهەمان كاتدا IPC رۆڵێكی باڵای گێراوە لەدواخستنی ئابووری عێراقو پشت گوێ خستنی كەرتی كشتوكاڵی وپیشەسازی چونكە

هەرچـی داهـاتی ئـەو نەوتـە هـەبوو دەچـووە گیرفـانی کۆمپانیـا بیانیەکانـەوە وبەشـێکی کـەمیش دەدرا بـەعێراق، کۆمپانیاکـە هـیچ کاتێـك باسـی قـازانج ودەسـکەوتە بـەرزەکانی خۆیـانی نـەدەکردو راستیەکانی دەشاردەوە.

لەساڵی ١٩٥١ کـە د. محمـد مـصدق بـوو بەسـەرەك وەزیرانـی ئێـران پرۆسەیەکی بێوێنـەی لەناوچەکە ئـەنجام دا ئـەویش خۆمـاڵی کردنـی نەوتی ئێران بوو. هەرچەندە پرۆسەکە سەرکەوتنی بەدەست نەهێناو لەدوا جاردا بەپیلانێکی چەند لایەنـە سـەری کورسییەکەشی خـوارد، بـەلاّم هوشـیارییەکی گـەورەی خـستەوە وپریـشکی گەیـشتە گـەلانی ناوچەکە بەعێراقیـشەوە بۆیـە کۆمپانیـای IPC کەوتـە خـۆی نـەوەك ئـــەم ئەزموونـــە لـــە عێراقیـــشدا دووبـــارە ببێتـــەوە، ئـــەوەتا ( هارۆ ئۆکۆنۆر) ئاماژە بەوە دەکات کۆمپانیـای IPC کەهەسـتی کـرد پرۆسـەی خۆمـاڵی کردنـی نـەوت لـەئێران کاریگـەری خـۆی لەسـەر گـەلانی عێـراق بـەجێ هێـشتووە بۆیـە هەڵـسا بـەزیاد کردنـی پـشکی عێراق لە ( ٤ شلن)ەوە بۆ ( ٦ شلن) بۆ هەر تەنێك نەوت.

ئەمـــەو لـــە ١٩٥١/٣/٢٥ چـــەند ئەنـــدام پەرلـــەمانێکی عێـــراق لەیاداشتێکیدا باسیان لەخراپی باری ئـابووری ولاّت کـرد و تەئکیـدیان کردەوە ئەو نەوتەی عێراق هیواکانی لەسەر هەڵچنیووە هیچ سودێکی

وەهـای لـێ نـابینرێ، نووسیبوشـیان خۆمـاڵی کردنـی نـەوت مـافێکی سروشتیی نەتەوەکانە.

لە (١٩٥١/٤/٢٦)یش (محمد مهدی کبە) سەرۆکی پارتی سـەربەخۆ لـە بەرامبەر پەرلەماندا داوای خۆماڵی کردنـی نـەوتی کـردووە، ئەمانـە و چـەندین هـەوڵی تـر لەلایـەن حیـزب وکەسـایەتی ورێکخراوەکـانی ئەوسـاوە دراوە بـەڵام زەمینـە و کـاتی هـیچ کامیـان لـەبار نـەبوو بـۆ سەرکەوتنیان.

دوا بەدوای شۆرشی ١٤ ی تـەمموزی ١٩٥٨ دیـسانەوە گفتوگۆ لەگـەڵ کۆمپانیـای IPC دەسـتی پـێ کـردەوە بـەڵام ئـەمجارەیان رێرەوێکـی تونـدتری گرتـە بـەرو سـەرەنجام یاسـای ژمـارە ٨٠ ی لێکەوتـەوە دەسەڵاتی IPC کـەم کرایـەوە تـەنها رووبـەری ئـەو زەوییانـەی لەبـەر دەست مایەوە کە بەکارهاتووە وماڤی ئەوەی لـێ سـەنرایەوە لـە زەوییـە بەکار نەهێنراوەکانی دا بەدوای نەوت دا بگەرێ.

سنووری دەسەڵاتی IPC بەم چەشنە دیاری کرا :

کێڵگەی بابە گورگور ٤٧٨,٧٥٠ کم٢

کێڵگەی بای حەسن ١٨٢,٥٠٠ کم٢

کێڵگەی جەمبور ٨٦,٥٠٠ کم٢

هەربەپێی یاسای ژمارە ٨٠ کە لە ١١ ی کانونی یەکەمی ١٩٦١ دەرچوو کۆمپانیـای نـەوتی نـشتمانی (شـرکة الـنفط الوطنیـة ) دامـەزرا کـە

لەلایەن وەزارەتی نەوتی عێراقەوە دەبرا بەڕێوە و مافی دەرهێنانی نەوتی هەبوو جگە لەو سنوورانەی لەسەرەوە باسمان لێکردن.

بەم چەشنە لەم مێژووەوە شان بەشانی کۆمپانیا بیانیەکان کۆمپانیایەکی عێراقی مافی دەرهێنانی نەوتی گرتە ئەستۆی خۆی.

پاشان لەساڵی ١٩٦٧ یاسای ژمارە ٩٧ دەرچوو کە ماف بە کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی دەدات ئاوی هەرێمی وشکایی بەکار بهێنێ بۆ گەڕان بەدوای نەوتدا.

بارودۆخەکە بەم چەشنە مایەوە تا ئەو کاتەی لەتەمموزی ١٩٦٨ بەعسییەکان هاتنە سەر تەخت، هەر لە یەکەمین ساتە وەختی دەسەڵات گرتنە دەستیانەوە هەڵپەی ئەوەیان بوو کۆنترۆڵی تەواوی نەوتی عێراق بکەن، چونکە دەیانزانی ئەگەر ئابووریەکی بەهێزیان نەبێت ناتوانن شوێن پێی خۆیان بەچاکی بچەقێنن، بۆ ئەم مەبەستە وردبینانە کاریان کرد وکەوتنە جموجۆڵ ودانوستان لەگەڵ کۆمپانیا نەوتیەکان بەمەبەستی زیاد کردنی پشکی عێراق لەنەوتەکە پاشان خۆماڵی کردنی نەوت، بەعسییەکان چاك دەیانزانی کارێکی لەم چەشنە بەبێ پشتیوانیەکی نێو دەوڵەتی کارێکی ئەستەمە ورۆشنایی نابینێ بۆیە بیریان لەسوود وەرگرتن لەململانێی ئەوسای نێوان هەردوو بلۆکی ڕۆژهەڵات ورۆژئاوا کردەوەو یەکێتی سوڤیەت وڵاتانی سۆشیالیستیان بەباشترین پشت وپەنا هەژمار کرد.

لـه ٢١ ی حـوزەیرانی ١٩٦٩ ڕێکەوتننامەیـەك لـە نێـوان کۆمپانیـای نەوتی نیشتمانی عێراق ودەزگای (شینۆ ئکسپۆرت ) ئیمزا کـرا کەبـەو پێیە یەکێتی سـۆڤیەت هـەموو پێداویـستی وشـارەزایی وتەکنـەلۆجیای پێویـست بـەعێراق دەدات لەگـەڵ قـەرزێك بـەبڕی ٢٥ ملیـۆن دینـار بەمەبەستی کڕینی پێداویستیەکانی کۆمپانیاکە.

لـە ٤ ی تـەمموزی هـەمان سـاڵ ڕێکەوتننامەیـەکی تـر لـەنێوان عێراقو سۆڤیەت بەستراو بەوپێیە ٢٤ ملیۆن دینار قەرزی بەعێراقدا.

لە٢١یتشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٦٩ کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی عێراق ڕێکەوتننامەیەکی لەگەڵ دەزگایەکی هەنگاری بەست بۆ هەڵکەندنی ٤ بـیری نـەوت، لـەم بارەیـەوە( جۆسـتۆرك) نووسـیویەتی (ڕێکـەوتنی کۆمپانیـای نـەوتی نیـشتمانی عێـراق لەگـەڵ یـەکێتی سـوڤیەت بـەلای شارەزایانەوە وەرچەرخانێکی گرنگ بـوو لەمێـژووی نـوێی پیـشەسازی نـــەوت ) هـــەر لەهـــەمان ســـاڵ وەفـــدێکی کۆریـــای بـــاکوور ســـەردانی کۆمپانیای نەوتی کرد.

بـــەم جـــۆرە بەعـــسییەکان هەرلەگـــەڵ هاتنیـــان بۆســـەر حـــوکم زەمینەی نێو دەوڵەتی پرۆسەی خۆماڵی کردنیان خۆش کرد وتوانیـان پیشتیوانیەکی بەهێز بۆ کارەکەیان پەیدا بکەن .

لەئابی ساڵی ١٩٧٠ سـەدام حوسـێن جێگـری سـەرۆك کۆمـاری عێـراق بەسەردانێکی ڕەسمی خۆی گەیاندە یەکێتی سۆڤیەت، دوابەدوای ئەمـە

رۆژ لـەدوای رۆژ پەیوەندییـەکانی نێـوان بـەعس وسـۆڤیەت بـەهێزتر دەبوو تاله شوباتی ۱۹۷۲ سەدام لەسـەردانێکی تـردا بـۆ سۆڤیەت زیـاتر باسـیان لەپەیوەندییـەکانی نێـوان هـەردوولا کـرد، دواجـار لـە ۱۹ ی نیـسانی ۱۹۷۲ پرۆتۆکۆلی عێراقـی سۆڤیەتیان ئیمـزا کـرد کەلەبەنـدی یەکەمیـدا هـاتووە : یـەکێتی سـۆڤیەت پـشتیوانی ئـازادکردنی نـەوتی عێراق دەکات.

بەعسیەکان دڵنیـابوون لـەوەی لەدانوسـتانەکانیاندا لەگـەڵ IPC دا ناگەنـە هـیچ رێکـەوتنێك بۆیـە لـەمانگی ئایـاری ۱۹۷۲ (مجلـس قیـادة الثورة والقیادة القطریة ) کۆبوونەوەیـەکی هاوبەشـیان بەسـت وچـەند بڕیارێکی یەکلایی کەرەوەیان دەرکرد کە ئەمانە بوون :

یەکەم : رۆژی یەکی حوزەیران دەبێتە سـەعاتی سفر واتـە بریـاری خۆماڵی کردن لەورۆژەدا دەدرێت.

دووەم : راگەیانـدنی خۆئامـادە کردنـی میللـی بـەرفراوان وجـەخت کردنەوە لەسەر یەکگرتنی نێوان هێزە نیشتمانییەکان.

سـێهەم : بـۆ بـەڕێوەبردنی جەنگەکـە پێویـستی بـە مەرکـەزێکی عەمەلیات هەیە تابتوانێت بڕیاری بەپەلە ویەکسەری دەربکات.

بەعـسیەکان زۆر بەووریاییـەوە کارەکانیـان جێبـەجێ دەکـرد، دەیانزانی کارێکی وەها پێویستی بـە بەرەیـەکی نـاوخۆی تونـدو تـۆڵ هەیە، بۆئەم مەبەستە لە١٤ ی ئایاری هەمان ساڵ حیزبی بەعس خۆی

لەهەردوو حیزبی شیوعی عێراقی وپارتی دیموکراتی کوردستان زیاتر نزیك خستەوە، ئەوەبوو بۆیەکەم جار دووئەندامی شیوعی کرد بە وەزیر لەبەغدا (عامر عبدالله، مکرم تالەبانی ) لەهەمان کاتدا بەرەیەکی ناوخۆی بەناوی (الجبهة الوطنیة التقدمیة) لە هەرسێ حیزبەکە کردەوە.

سەرکردایەتی بەعس بۆمسۆگەرکردنی رەوانەکردنی نەوت بۆ دەرەوە (پاش خۆماڵی کردن ) لەرێگەی لوولە نەوتیەکانی سوریاو لوبنانەوە لەسەعات ١٢ ی شەوی ٣١ یئایار بانگهێشتی بالێوزی سوریایان کرد بۆ بارەگای ئەنجوومەنی نشتمانی لەبەغدا و نامەیەکی بەپەلەیان دایە دەستی کە ئاراستەی حکومەتی سوریا کرابوو، ناوەرۆکی نامەکە بریتی بوو لەوەی حکومەتی عێراق نیازی خۆماڵی کردنی نەوتی کەرکوکی هەیە و وداوا لەحکومەتی سوریا کرا بڕیارێکی تەواو کەر دەربکات ولایەنگری خۆماڵی کردنی نەوت بێت، لەرێگەی خۆیانەوە ئەو لوولە نەوتانە خۆماڵی بکەن کە بەخاکی سوریادا تێپەردەبێت. حکومەتی سوریاش بەدەنگ داواکارییەکەی عێراقەوە چوو وهەرچی ئەو لوولانە هەبوو کەبەخاکەکەیدا تێپەر دەبوو خۆماڵی کردن. هەرچی ولاٌتی لوبنانە ئامادە نەبوو ملکەچی داخوازییەکانی حکومەتی عێراق بێت و نەوت لە خاکەکەیەوە هەناردەبکرێت، هەربۆیە لەوە بەدوا حکومەتی عێراق بایکۆتی کردن.

لەدواى رەخساندنى زەمینەى ناوخۆ ودەرەوەى پرۆسەى خۆماڵى كردن لەلایەن بەعسیەكانەوە لە ١٧ ى ئایار (مجلس قیادة الثورة) بەیاننامەیەكى دەركردو دوا ئاگادار كردنەوەى بە IPC دا بەمل كەچ كردن بۆ داخوازییەكانى حكومەتى عێراق.

لە١ ى حوزەیرانى ١٩٧٢ لەرێگەى رادیۆو تەلەفزیۆنەوە بەیاننامەى خۆماڵى كردنى نەوت لەلایەن (ئەحمەدحەسەن بەكر) ى سەرۆك كۆمارى ئەوساى عێراقەوە خوێنرایەوە.



وتارى سەرۆك كۆمار ئەحمەد حەسەن بەكر لە رۆژى خۆماڵیكردنى نەوتدا

هەرلەگەڵ راگەیاندنى بڕیارى خۆماڵى كردنى نەوت دەست بەجێ حكومەتى یەكێتى سۆڤیەت لەرێگەى كەناڵەكانى راگەیاندنەوە

پشتیوانی بڕیارەکەی کرد. بۆ رۆژی دوای راگەیاندنی خۆماڵی کردنی نەوت سەدام حوسێن کە ئەوسا جێگری سەرۆك كۆمار بوو بەتەلەفۆن پەیوەندی بەپارێزگاری کەرکوکەوە کرد وتەنها دوو رستەی پێ راگەیاند لەیەکەمیان وتی : - سامانی خۆمان بوو بەهی خۆمان، دووەمیشیان : - یەکێك لەئەندامانی سەرکردایەتی واتە (سەرکردایەتی بەعس ) دەگاتە لاتان بۆجێبەجێ کردنی ئەوئەرکانەی پەیوەندی بەبابەتەکەوە هەیە.

ئەوەبوو پارێزگار دەست بەجێ دەست بەکار بوو، هەرچی بیانی کۆمپانیاکە هەبوو کە ژمارەیان ٢٠ کەس دەبوون لەبارەگای کۆمپانیاکەوە گواسترانەوە بۆ ئوتێل کەرکوك، لەئوتێلەکە مانەوە تا ئەوکاتەی گواسترانەوە بۆ وڵاتی خۆیان.

بەفەرمانی سەرکردایەتی بەعس کۆمپانیای نەوت خرایە ژێر ئینزارێکی قورسەوە و کادرە حیزبی وهونەرییەکانی خۆیان ئاگادار کردەوە کە وریابن هیچ شتێك لەسنووری کۆمپانیاکەوە دەرنەکرێتە دەرەوە نەوەك ببێتە هۆی پەك خستنی بەرهەم هێنانی نەوت.

لەسەعات ٥ ی ئێوارە سەدام حوسێن گەیشتە فرۆکەخانەی کەرکوك لەوێوە بەهاوڕێیەتی پارێزگار گەیشتە بارەگای کۆمپانیای نەوت، لەوێش بەئامادەبوونی گەورە کارمەندان کۆبوونەوەیەك سازکرا، غانم عبدالجلیل پارێزگاری ئەوسای کەرکوك بریاری خۆماڵی کردنی نەوتی

بــەئامادەبووان راگەیانــد و پێــی ووتــن کەلــەم ســاتەوە ئــەوان فەرمانبەرێکن و لەخزمەتی دەوڵەتدا کاردەکەن هەر لەو کۆبوونەوەیە یــەکێکیان کــرد بەســەرۆکی کۆمپانیــای نــەوت کــە هــەر پارێزگــاری کەرکوك خـۆی بـوو، نـاوی کۆمپانیاکـەش لـەکۆمپانیای نـەوتی عێـراق IPC وە گۆڕا بۆ (الشرکة العراقیة للعملیات النفطیة ).

ســەرۆکی کۆمپانیــا دوای دەســت بــەکاربوونی دووبریــاری دەرکــرد یەکەمیان : - هەموو کەسێك لەشوێن ودەسـەڵاتی خۆیـدا دەمێنێتـەوە تا ئەوکاتەی بڕیارو ڕێنوێنی تازە دەردەچێت.

دووەمیان : - بەردەوام بوون لەسـەر هـەمان رادەی بەرهـەم هێنـانی پێش خۆماڵی کردن.

دوا بەدوای راگەیانـدنی بڕیـاری خۆمـاڵی کـردن هەرچـی رۆژنامـەی رۆژئـاوایی هەیـە ئـەم بڕیارەیـان بەسـت بەرێکـەوتنێکی پـێش وەخـت لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت، لەم بارەیەوە گۆڤاری (نۆڤیـل ئـۆبزێر ڤـاتیر ) لــە١٨ ی حــوزەیرانی ١٩٧٢ نووســیبووی (خۆمــاڵی کــردن بەهانــدانی سەرکردەکانی مۆسـکۆ ئـەنجام درا، ئـەم سـەرکردانە لەوپـەڕی تـەبایین لەگەڵ سەرکردەکانی بەغدا )، رۆژنامەی (واشنتۆن پۆست )یـش لـە٧ی حوزەیراندا هەمان مانـای دووبـارە کـردەوە کـە نووسـیبووی (بێگومـان ئەم رەفتارەی حکومەتی عێراق بەدەست لەپشت دانی سۆڤیەت ئەنجام دراوە).

بۆ ناردنە دەرەوەی نەوتیش حکومەتی عێراق لە تەمموزی هەمان ساڵدا واتە مانگێك دوای خۆماڵی کردن بڕیاری دا دەست بکاتەوە بە ناردنە دەرەوەی نەوت بەتایبەت دوای ئەوەی فەرەنسا بووە ناو بژیوانی نێوان حکومەتی عێراق و کۆمپانیا بیانییەکان.

حکومەتی عێراق دوای ئەوەی کۆمپانیای نەوتی عێراق بەتەواوی کەوتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە دەستی کرد بەهەڵکەندنی بیرە نەوتی نوێ ئەوەبوو لە ٣ ی ئابی ساڵی ١٩٧٢ واتە دوومانگ دوای خۆماڵی کردن لە هەڵکەندنی یەکەمین بیر بوونەوە وناوی لێنرا بیری (ئاشتیو دۆستایەتی )، قوڵی بیرەکەش ٥٥٠ مەتر بوو بەرهەمیی رۆژانەشی ٦٠ هەزار بەرمیل بوو، یەکەم کەشتی بار هەڵگری نەوتیش کەشتییەکی یۆگۆسلاڤی بوو کە لە ١٩٧٢/٨/٧ یەکەم باری نەوتی کەرکوکی هەڵگرت.

لێرەوە دەگەینە ئەوراستییەی کە خۆماڵی کردنی نەوت بە پشتیوانی یەکێتی سۆڤیەت وبەرەی شیوعیەت سەرکەوتنی بەدەست هێنا هەر بەپشتیوانی وچەکی ئەوانیش قەلاچۆی گەلی عێراق بەگشتی وگەلی کورد بەتایبەتی ئەنجام درا.

# پرۆسەی بەرهەم هێنانی نەوت

نەوت هەتا ئەو کاتەی لەژێر زەویدا بێت هیچ نرخێکی نیە بەلاّم ئەو کاتەی دەرئەکرێت وبەزنجیرە پرۆسەیەکدا تێپەر دەبێت ئەوسا دەتوانرێ وەك پێویست سوودی لێ وەربگیرێت. ئەم پرۆسانە لە جیهاندا لەهەموو کێلگە یەکی نەوتیدا هاوچەشنن تەنها هەندێك وردەکاری نەبێت لەهەندێکیاندا هەیە ولەوانەی تر نیە. سەبارەت بەکێلگەکانی سنوری کەرکوك بەم چەشنەیە:

١- **روپێوی جیۆفیزیایی** (المسح الجیوفیزیائی Geophisical survey) ئەم هەنگاوە لە کاتێکدا دەنرێت کە هیچ زانیاری یەك لەسەر زەوی ئەو شوێنە لە بەردەستدانیە وتیمێك بە ئامێری کارەبایی تایبەت دەتوانن ئەوپێکهاتە جیۆلۆجی یە بدۆزنەوە کە گومان دەکرێت نەوتی تێدابێت

٢- **هەڵکەندنی بیرێکی ئە زمونی** (بئر استکشافی Exploration well) لەم هە نگاوەدا بیرێکی ئەزموونی قووڵ لە ناوەراستی پێکهاتە جیۆلۆجی یەکە هەڵدەکەنرێت و دەردەکەوێت کە کێلگەکە نەوتی تێدایە یان نا، ئەگەر نەوتی تێدابوو ئەوا چەندبیرێکی تریش لە

دووری بـیری یەکـەم هەڵـدە کـەنرێ تاسنوروچوارچـێوەی پێکهاتەکـە بزانرێ.

کێڵگـەکانی سـنوری شـاری کـەرکوك (بـای حەسـەن، جـەمبور، کەرکوك، خەباز) لە دوو عەمباری زەویدا نەوتی تێدا هەیە ( سیانی و تەباشـیری Tertiary and Cretaceous) قـوڵی بیرەکانیش وەك یەك نین بەڵکو جیاوازن لەنێوان ٤٥٠م - ٣٠٠٠م دەبێت، بەڵام بیرەکـانی کەرکوك لەهەموو شوێنێك تەنکترە.

٣- ئەو نەوتـەی لەبیرەکانـەوە راسـتەوخۆ دەردەچـێت نـەوتی خـاوی پێـدەڵێن‌و رێژەیـەك گـازی تـواوەی تێدایـە کـە ناکرێـت بـەم گـازەوە هــەناردەی دەرەوە یــان پاڵاوگــەکان بکرێــت بــەڵکو پێویــستە لــە پرۆسـەکەدا ئـەوگازەی لێ جیابکرێتـەوە. لـە سـنوری شـاری کەرکوکـدا بۆهەرکۆمەڵــە بیرێــك ویــستگەیەکیان دروســت کــردووە ئــەرکی جیاکردنەوەی گازی تواوەی ناو نەوتی خاوە. لە سنووری کەرکوك (٢٤) ویـستگەی جیاکردنــەوەی غــاز ( **محطـة عـزل الغـاز** degasing station) هەیە کە بـەم چەشـنە دابـەش بوونەتـە سـەر کێڵگـەکان : - کێڵگـەی کـەرکوك (٨) ویـستگە لەوانـە (شـۆراو، جەبـەل بـۆر، سـارەلو، سەربەشـاخ)، کێڵگـەی بـای حەسـەن ٣ ویـستگە، کێڵگـەی جـەمبور ٢ ویستگە، کێڵگـەکانی رۆژهـەڵاتی بەغـدا، خـەباز، عـەجیل، عـەین زالـە،

بوتمه، سوفەیه، گەیاره، نەفتخانـه، بەلـەد، کۆرمـۆر ١٠ ویـستگەیان بـۆ تەرخانکراوە.

٤- **پـرێس کردنـی گـاز**: پـاش جیاکردنـەوەی نـەوت وگازلـە یـەکتر گازەکە

رەوانەی ویستگەکانی پرێس کردنی گاز دەکرێـت کـە ژمارەیـان ١٢ ویـــستگەیە و دابەشـــی ســـەرکێلگە نەوتییـــەکان کـــراون، ئـــەرکیان کۆکردنــەوە وپــرێس کردنــی گــازی کێلگەکانــە پاشــان ناردنیــان بــۆ کۆمپانیای گازی باکوور بـۆ بەرهـەم هێنـانی گـازی وشـك وتـەڕ کـە بـۆ سووتەمەنی مالاّن وئیش پێکردنی ویستگەکانی بەرهەم هێنانی کارەبا بەکاردێن.

٥- **بەشـی چـرکردنەوە(ترکیـز)**: ئـەو نەوتـەی لەگازەکـە جیـا دەکرێتەوە رەوانەی بەشی چڕکردنەوە دەکرێت کە ئەرکەکەی بـریتی یە لە نەهێشتنی گازی H2S لە ناو نەوتەکە، هەروەها جیاکردنـەوەی خوێ لەنەوت. لە کەرکوك دوو بەشی چڕکردنەوە هەیـە یـەکێکیان لـە ناو کۆمپانیای نەوتی باکوورە و پـێ ی دەڵێن (تـەرکیزی کـۆن)، ئـەوی تریان لەسەر رێگەی یایچی یە پێ ی دەڵێن (تەرکیزی تازە).



**ویستگەکانی جیاکردنەوەی گاز**

٦- **چارەسەرکردنی نەوتی شێدار** : ئەم بەشە لە کۆتایی نەوەدەکانی سەدەی رابردووەوە دروستکراوە، ئەرکی جیاکردنەوەی ئاوە لەنەوتی خاو ئەگەر رێژەکە لە سنووری ئاسایی دەرچوو بووە دەرەوە.

٧- **تانکی یەکانی هەڵگرتنی نەوت** : دوای پاککردنەوەی نەوتە خاوەکە دوو ئاراستە دەگرێتە بەر یەکەمیان بۆ پاڵاوگەکان بۆ بەرهەم هێنانی گازوایل و نەوتی سپی وبەنزین دووەمیان بۆ تانکی یەکانی هەڵگرتنی نەوت لە کەیوان کە ژمارەیان ٢٨ تەنکی یەو لەتوانایاندایە ٥ ملیۆن بەرمیل نەوت هەڵبگرن. ئەم تانکی یانە خەسڵەتی تایبەتیان

هەیە ولەتوانایاندایە بەرگەی پاڵە پەستۆی بەرزبگرن. تیرەی تانکی یەکان جیاوازن لە نێوان ٣٠-٥٠ مەتر دەبێت، هەر کاتێك داواکاری لەسەر نەوتی خاو هەبوو ئەوا لە ڕێگەی پەمپی تایبەتەوە نەوتی تانکی یەکان ڕووەو بەندەرەکان پاڵ دەنرێن.



**تانكیەكانی كەیوان كەژمارەیان ٢٨ تانكیە**

٨- **لوولــەکانی هــەناردەکردن** : لــە بەشــەگرنگەکانی قۆناغــەکانی بەرهەم هێنان دەژمێردرێ، لە ساڵانی سیەکانی سەدەی رابـردووەوە تـا ئەمرۆ عێراق بە تۆڕێکی فراوانـی هـەناردەکردنی نەوتـەوە بەسـتراوە، سـەبارەت بەکـەرکوکیش لەئێـستادا هـەناردەکردن تـەنها لـە رێگـەی توركیاوەیە.

٩- **پرۆژەی ئاوتێکردن** (Water injection)

کێڵگـەکانی سـنوری شـاری کـەرکوك بـەهۆی ئـەو پەسـتانە بـەرزەی هەیان بووە بەبێ بـەکارهێنانی هـیچ ماتۆرێـك نەوتـە خاوەکـە خـۆی سەردەکەوتە سەرزەوی، بەڵام لە ئەنجامی بـەردەوام دەرهێنـانی نـەوت رۆژ لە دوای رۆژ پەسـتانەکەی کـەم دەبێتـەوە و نەوتەکـە لـە توانایـدا نابێت خۆی سەربکەوێت هەربۆیە لەهەموو کێڵگـە نـەوتی یەکانـدا بـۆ پاراسـتنو هێـشتنەوەی ئـەو پەسـتانە بەزینـدوویی ئـاو دەکرێتـە نـاو کێڵگە نەوتی یەکانەوە. کێڵگەی کەرکوك کە لـە سـاڵی ١٩٢٧ ەوە نـەوتی لێ بەرهەم دەهێنـرێ، لـە کۆتـایی سـاڵانی پـەنجاکانی سـەدەی رابـردوو واتە دوای نزیکەی ٣٠ ساڵ هەسـت بەکەمبوونـەوەی پەسـتانەکەی کـرا بۆیە پرۆژەی ئاو تێکردنیان دا هێنا. لـە رووی جیۆلـۆجی یـەوە وا بـە چاك زانـرا ئـەو شـوێنەی پرۆسـەی ئـاو تێکردنـی تێـدا ئـەنجام بـدرێت نزیك قەزای دوبز بێت هەر بۆیە شەش بیری تایبەت بەقوڵی نزیکـەی ١٠٠٠ مەتر هەڵکەنران ولە ١٧ی کانونی دووەمـی سـاڵی ١٩٦١ ئامـادە بـوو

بۆبــە کارهێنــان. ئــەوەی ئاســانکاری پرۆژەکــەی کــرد نزیکیــی زێ ی بچووك بوو لە کێلگەی نەوتی کەرکوکەوە کە رۆژانــە ١,٣٧٠,٠٠٠ ملیـۆن بەرمیل ئاوی لێ رادەکێشرا، ئاوەکەش پێش نـاردنی بـۆ ناوبیرەکـان لـە قوڕوخڵتە پاك دەکرایەوە.





ماتۆرو بۆرییەکانی پرۆژەی ئاوتێکردن

## هەناردەکردنی نەوت

لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٢٧-١٩٣٠ توانرا لە درێژی ٦٥ کیلۆمەتری کێڵگەی کەرکوکدا ٣٠ بیر هەڵبکەنرێ، روونیش بووە کە کەرکوك لەسەردەریایەکی نەوت مەلە دەکات، ئەوکات بیر لەوەکرایەوە لەڕووی بازرگانییەوە سوودی لێ وەربگرێت، چونکە پرۆسەی گواستنەوەی نەوت بەدووەم قۆناغی پیشەسازی نەوت دەژمێردرێو رۆڵێکی باڵا دەگێرێ لەرۆژگاری نوێدا، ئەوەبوو دەستیان کرد بەدانانی نەخشەو پلان بۆگەیاندنی ئەم نەوتە بۆ سەرکەنارەکانی دەریای ناوەڕاست لەڕێگەی بۆرییەوە کەخۆی لەخۆیدا پرۆژەیەکە پارەیەکی زۆری تێدەچێت وسەختی وئاستەنگی زۆری دێتە رێ،




**پرۆسەی راکێشانی لوولەی نەوتی نێوان عێراق – تەرابلوس**

بـەگوێرەی ئامارەکـان لـەو دەمـەدا ئـەو پـرۆژەیـە ۲۸۰ملیـۆن دۆلاری تێچووە.

لـەکۆتایی سـاڵی ۱۹۳٤ تـوانـرا دوولوولـەی ۱۲ ئینجـی لەکەرکوکـەوە رووەو حـەیفا (فەلەسـتین) وتـەرابلوس لـە لوبنـان رابکێـشرێ هـەردوو هێڵەکـەش بـەرەسمی لـەکانونی دووەمـی سـاڵی ۱۹۳٥ لەلایـەن مـەلیك غازییـەوە کرانـەوە، هێڵەکـەی کـەرکوك - حـەیفا درێژییەکـەی ۱۰۱۰کـم بـوو، هەرچـی هێڵەکـەی کـەرکوك - تەرابلوسـە۸٦۰ کـم بـوو، سـەرجەم وزەی بەرهەم هێنانی نەوت لەوکاتەدا ۸٤۲۰۰ بـەرمیل بـوو لەرۆژێکدا، بێگومـان راکێـشانی ئـەم دووبۆرییـە زۆر سـەخت بـوو چـونکە کارەکـە تەنها بۆری راکێشان نیە بەڵکو دەبوایە لەچەند شـوێنێك دا ویـستگەی پاڵنـان (محطـة الـضخ) یـش بنیـات بنـرێ بـۆ پاڵنـانی نەوتەکـە، لـەم پرۆسەیەدا بەهـەزاران ئەنـدازیار وکرێکـاری شـارو شارۆچکەکانی ئـەو ناوچـانە بەشـدارییان تێدا کـرد ولـەنێو تـەپ وتـۆزی بیابانـدا کاریـان دەکرد.

هەڵگیرسانی جەنگی دووەمی جیهانی لەساڵی ۱۹۳۹-۱۹٤٥ ئاسـتەنگێکی گەورەی خستە بەردەم ئەم پرۆسەی بەرهەمهێنانی نەوت ولە کۆی ٥۲ بیری نەوت تەنها چواریان بەکار کردوویی مانەوە.

ساڵ لەدوای ساڵ داوا وپێویـستی جیهـان بۆنـەوت روولـە زیـاد بـوون بوو، ئەمەش پاڵی بەکۆمپانیای IPCەوە نا بیر لەراکێشانی دوولوولەی

تـری (١٦) ئیـنـج بکاتـەوە، شـان بەشـانی دووهێڵەکـەی پێـشوو رووەو هەریەك لەحەیفاو تەرابولس بـەڵام رووداوە سیاسـیەکانی سـاڵی ١٩٤٨ی فەلەستینو شەڕی عـەرەب - ئیـسرائیل بـووە هـۆی پـەك خـستنی ئـەم پرۆژە نوێیە وتەنانەت وەستانی هـەتا هـەتایی ناردنـە دەرەوەی نـەوت لەرێگـەی حـەیفاوە، ئـەوەی مایـەوە تـەنها رێگـەی تـەرابولس بـوو کـە دواجـار هێڵـە ١٦ ئینجیەکـەش تـەواو بـوو، بەرهـەمی ڕۆژانـەی نـەوت گەیشتە ٢٥٠ هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا.

پـاش بەیـەکجارەکی پـەك کـەوتنی هێڵـی حـەیفا کۆمپانیـای نـەوتی عێـراق بڕیـاری دا هێڵـی (٣٠) ئینجـی کـەرکوك – بانیـاس، سـوریا) رابکێـشێ کەدرێژییەکـەی ٧٠٥کـم دەبـوو، بەتـەواوبوونی ئـەو هێڵـە لەسـاڵی ١٩٥٢ دەسـتکرا بەناردنـە دەرەوەی نـەوت بۆسـەر بەنـدەرەکانی دەریای ناوەراست، رۆژ لەدوای رۆژ بڕەکەی زیـادی دەکـرد تاسـاڵی ١٩٥٦ کـەبۆ مـاوەی چـەند مانگێـك راگیرا لەئـەنجامی شـەڕی نێـوان میـسرو ئیسرائیل، بـەڵام لەسـاڵی ١٩٥٧ سـەر لـەنوێ دەسـتی بـەکارکردەوە، هـەر لەهەمان ساڵدا دەستکرا بەڕاکێشانی هێڵـی تـر بـۆ تـەرابلوس وبانیـاس تالەساڵی ١٩٦١ بۆرییەکی (٣٢) ئینجی خرایە کار.

بێگومـــان ویـــستگەکانی پاڵنـــانی نـــەوت هەریەکـــەیان لەچـــەند تۆربینێکی گازی پێك هاتوون کە بـەو گـازە سروشـتییە کاریـان دەکـرد کە لە کێڵگە نەوتییەکانی بای حسن و جەمبوورەوە بۆیـان دەهـات، بـۆ

ئـەم مەبەسـتەش بـۆری ١٦ ئینجیـان لـەو کێڵگانـەوە راکێـشابوو بـۆ گواسـتنەوەی گـازی سروشـتی بـۆ ویـستگەکانی پاڵنـانی نـەوت، ویستگەکانیش ئەمانەن :

١- ویستگەی K1

ئەم ناوە لەناو خەڵکدا بەکەیوان ناسـراوە ودەکەوێتـە سـەر رێگـەی کـەرکوك ودوبـز، ئـەم ویـستگەیە نـەوت لەتانکیـە سـەرەکییەکانەوە لەناوچەی KI کە ژمارەیان ٢٨ تانکیە پاڵ دەنێت بۆ K2، K3 ، لـەم ویـستگەیە خـانوو بـۆ کرێکـار وفەرمانبـەرو وئەنـدازیارەکان دروسـت کراوە.

خاڵێکی گرنگ هەیە پێویست بەباس کردن دەکات ئـەویش ئەوەیـە نـەوت دوای ئـەوەی لەکێڵگەکانـەوە بـەخاوی دەردەهێنـرێ نـاکرێ یەکسەر بـۆ دەرەوە بنێـردرێ چونکە خڵتـەوگازی $H_2S$ی تێدایـە کـە ژەهراوییە ولوولـە نەوتییـەکان دائـەرزێنێ، بـۆ ئـەم مەبەسـتە سـەرەتا دەنێـردرێ بـۆ (ترکیـز )بـۆ پاککردنـەوەی لـە $H_2O$ وخڵتـە پاشـان لەوێوە بۆ ویستگەی K1

٢- ویستگەی K2

ئەم ویستگەیە ٨ کیلۆمـەتر لەناحیـەی بێجییـەوە و١٠٦ کیلـۆ مـەتر لـە کەرکوکـەوە و١٣٥ کیلـۆ مـەتر لـە K3 ەوە دوورە، ئـەرکی سـەرەکی پاڵنانی نەوتی کەرکوکە بۆ پاڵاوگەی دۆرە.

لەم ویستگەیەش چەندین خانوو بۆ کارمەندەکانی دروست کراوە.

٣- ویستگەی K3

دەکەوێتـــــە دووری ١١ کیلومەترلەقـــــەزای حەدیـــــسەوە، ٢٤١ کیلومەترلەکەرکوکەوە، ئەم ویستگەیە پێشوازی ئەو نەوتە دەکات کە لە K1 ەوە بۆی دێت.



**کۆمەڵگەی نیشتەجێبوون لە K3**

ناردنــه دەرەوەی نــەوتی کــەرکوك لــەم ڕێگەیــەوە بەمەبەســتی بازرگانی تاساڵی ١٩٨٣ بەردەوام بوو، لەو ساڵەدا حکومەتی سوریا لەبەر ئەوەی هاوپەیمانی ئێران بـوو لەشـەڕی دژی عێـراق، بـۆ زیـاتر گوشـار خستنە سەرحکومەتی عیراق ڕۆیشتنی نەوتی لەم لوولانەوە ڕاگرت.

بارودۆخەکە بەوشـێوەیە مایـەوە تاسـاڵی ٢٠٠١ کەپەیوەنـدی نێـوان سوریا وعێراق ئاسایی بـووەوە ئەوسـا بـۆ ماوەیـەکی کـورت ئـەو لوولـە نەوتانەیان سەر لەنوێ ئێش پێکردەوە بەڵام بەتوانایەکی زۆر کەمەوە چونکە پـاش ئـەوماوە زۆرەی وەسـتان لوولـەکان تووشـی دارِزان‌و کـون بوون.

پاش نیسانی ٢٠٠٣ ورووخانی ڕژێمی بـەعس هەنـدێ هـەوڵ لـەم لاو لەولا دراوە بۆ زیندوکردنـەوەی لوولـە نەوتیـەکانی نێـوان کـەرکوك – حەیفا ئەوەبوو (محمد ئاشتیە) وەزیری ئەشغالی گشتی فەلەستینی لـە ٢٠٠٥/٩/٢١ لەلێداونێکیــدا ڕایگەیانــد دەســەڵاتدارانی فەلەســتینی ســەرقاڵی تــاوتوێ کردنــی پــرۆژەی بەســتنەوەی کــەرکوکن بەکــەرتی غــەززەی فەلەســتینیەوە لەرێگــەی لوولــە نەوتیەکانــەوە واتــە زیندووکردنەوەی پرۆژە کۆنەکەی ساڵانی سیەکان کە لـەو ڕێگەیـەوە نەوت لە کەرکوکەوە ڕەوانەی ئیسرائیل دەکرا.

پرۆژەکـەش ١مليـار دۆلاری تێدەچـێت وسـاڵ ونیوێـك دەخایـەنێت بەڵام تـا ئامـادەکردنی ئـەم کتێبـە هـیچ ئاماژەیـەکی ئاشـکرا بـۆ تـەواو بوونی پرۆژەکە لەئارادانیە.

لـە دوای پرۆسـەی ئازادیـشەوە وەزارەتـی نـەوتی عێـراق ویـستی لەرێگـەی کۆمپانیایـەکی روسـییەوە نـۆژەنی هێڵەکـە بکاتـەوە بـەڵام تاوەکو ئەم ساتە ئەو بیرۆکەیە نەچووەتە بواری جێ بەجێکردنەوە.

## هەناردەكردنی نەوت لەرێگەی توركیاوە

یەكێك لەتایبەتمەندییە گرنگەكانی هەناردەكردنی نەوت ئەوەیە ئەوشوێنەی لوولە نەوتیەكانی پێداتێپەڕدەبێت پێویستە شوێنێكی ئارام ودوور لەشەڕو شۆڕ بێت تا پرۆسەی ناردنی نەوت نەوەستێنێتو دامەزراوەكان دووچاری پەككەوتن نەبن، هەروەك پێشتر روونمان كردەوە لوولە نەوتییكانی كەركوك بەسوریا ولوبنان وفەلەستین دا تێپەر دەبوون كە لەنیوەی یەكەمی سەدەی پێشوودا شوێنی شەڕو شۆڕو زۆرانبازیو ململانێ بوو، بۆیە هەر تاوناتاوێك لەكاركردن دەوەستا. جارێك بەهۆی شەڕی ئیسرائیلەوە، جارێكی تر بەهۆی هێرشی سێ قۆڵی بۆ سەر میسر، هەموو ئەمانە وای لەبەرپرسان كرد بیر لەرێگەیەكی تر بكەنەوە كە ناردنە دەرەوەی نەوت تێیدا ئارام بێت، بیرۆكەی ناردنە دەرەوەی نەوت لەرێگەی توركیاوە لەئەیلولی ١٩٥٧ سەری هەڵدا ئەوكاتەی وەزیری ئابووری عێراق لەسەردانێكیدا بۆ لەندەن لەگەڵ گەورە بەرپرسانی كۆمپانیای IPC كەوتنە باسكردنی مەسەلەی راكێشانی لوولە نەوتی نوێ، لەو كۆبوونەوەیەدا لایەنی ئینگلیزی داوایان كرد بۆریە نەوتیە نوێیەكان بەتوركیادا تێپەر بكرێت بەڵام لایەنی عێراقی قبووڵیان نەكرد ئەو بۆرییانە لەوڵاتانی عەرەب بەولاوە بە هیچ شوێنێكی تردا تێپەر بێت.

بیرۆکەکـــە وەك خـــۆی مایـــەوە تـــا ئەوکاتـــەی لەتـــەمموزی ١٩٦٨ بەعسییەکان هاتنە سـەرتەخت، بەعـسییەکان لەگـەڵ دەسـەڵات گرتنـە دەست نەیانتوانی دەست بەو بیرۆکەیەوە بدەن چونکە ئەوکاتە هێشتا بزوتنەوەی کورد لەوپەڕی بەهێزیدا بوو وبۆی یەکلا نەکرابۆوە، بۆیە راکێـــشانی لوولەنەوتییـــەکان بەهـــەرێمی کوردســـتان وناوچـــە کوردنـــشینەکاندا رووبـــەڕووی گیروگرفتـــی دەکـــردن لەلایـــەن هێـــزی پێـــشمەرگەوە، لەســـاڵی ١٩٦٩ هێـــزی پێـــشمەرگە لـــەبیرە نەوتـــەکانی کەرکوکیان داو زیانێکی زۆریان پێگەیاند.

ئەو هۆیانەی پـاڵی بەحکومـەتی عێراقـەوە نـا جـەخت لەسـەر ئـەم بیرۆکەیە بکاتەوە ئەمانەبوون :

١- ئەوکاتە ناردنە دەرەوەی نەوت تەنها لەرێگەی سوریاوە بوو، بۆیە ترسی ئەوەیان هەبوو بەتەقینەوەی ناکۆکییەکانی نێوان هەردوو بـاڵی بەعس لەعێراق وسوریا تەگـەرەش بکەوێتـە رێگـەی هـەناردنی نـەوت کە کاردانەوەی لەسەر رژێمی نوێی عێراق دەبێت.

٢- دوای ئەنجام دانی خۆمـاڵی کـردن تـەواوی دامـەزراوەکان کەوتنـە دەست حکومەتی عێراق، رادەی بەرهەم هێنان بـەرز بـووەوە، ئەمـەش وای لێکردن بیر لەرێگەیەکی تر بکەنەوە بۆ نەوت ناردنە دەرەوە.

یەکێك لەسیاسەت وخەسڵەتەکانی حوکمی بەعس فرە سەرچاوەیی بوو لە هاوردەکردن (استیراد )، هەرگیز رێك نەکەوتووە بەعس چەك

لەتاقە وڵاتێك بكرێ وخۆی بخاتە ژێر ركێف و رەحمەتی ئەو وڵاتەوەو رەشمەی خۆی بداتە دەستیەوە بەڵكو هەمیشە لەچەند وڵاتێكەوە چەكی دەكڕی تا ئەگەر یەكێكیان دەرگای لەروو داخست ئەوانی تر هەر بمێنن وپەكی نەكەوێ، بەنیسبەت ناردنی نەوتیشەوە هەمان سیاسەتی رەچاو دەكرد ئەگەر سوریا نەوتەكەی ببەستێت ئەوا توركیای دەمێنێ.

لە ١٩٧٤/١٢/٢٦ رێكەوتنامەی دامەزراندنی هێڵی عێراق - توركیا لەنێوان هەردوو حكومەت دا ئیمزاكرا، لە٧ ی نیسانی ١٩٧٥ (واتە راستەوخۆ دوای هەرەسی شۆرشی ئەیلول ) دەستكرا بە كاركردن لەو هێڵە لەلایەن كۆمپانیای (مانسمان )ی ئەڵمانییەوە، پرۆژەكەش بریتی بوو لەراكێشانی لوولەیەكی (٤٠) ئینجی بەتوانای (٧٥٠)هەزار بەرمیل لەرۆژێكدا، ئەمە جگە لەدانانی چەند ویستگەیەكی پاڵنان (محطات ضخ) لەهەردوو بەری عێراق وتوركیادا، لەگەڵ دانانی ویستگەیەكی ژماردن (محطة القیاسات Measuring station) لە نزیك زاخۆ، درێژی هێڵەكە ٩٨٥,٣كم بوو، لە ویستگەیIT1 كە دەكەوێتە دووری ٢٦كم لە رۆژئاوای كەركوكەوە دەست پێ دەكات، ماوەی ٣٤٥كم ی پرۆژەكە دەكەوێتە ناوخاكی عێراقەوە واتە لەكەركوكەوە تا زاخۆ ٦٤٠,٣ كیلۆمەتریشی دەكەوێتە خاكی توركیاوە،

هێڵەکە بەتەریبی لەگەڵ هێڵی عێراقی سوری دەڕوات تا لە رووباری دجلە وزێی خاپوور دەپەڕێتەوەو دەچێتە خاکی تورکیاوە.

لەکانونی دووەمی ١٩٧٧ ( تەها محی الدین معروف) جێگری سەرۆك کۆماری ئەوسای عێراق پرۆژەی بۆری نەوتی عێراق - تورکیای کردەوە، لەکاتی کردنەوەکە دا ئاهەنگێکی گەورە سازکرا کە سلێمان دیمریل سەرۆك وەزیرانی ئەوسای تورکیا و ژمارەیەك وەزیری تری لەگەڵدا بوو، لەسەرەتای ئاهەنگەکە (تایە عبدالکریم ) وەزیری نەوتی عێراقی وتی : ئەمڕۆ لەگەڵ میوانە ئازیزەکانمان لە تورکیای دراوسێو دۆستمانەوە کۆئەبینەوە.

لەم بارەیەوە رۆژنامەی (وطن) کە لەتورکیا دەردەچێ ستایشی پرۆژەکەی کردو نووسیبوی عێراق پاش خەباتێکی دژوار دژی کۆمپانیا مۆنۆپۆڵەکان نەوتی خۆی خۆماڵی کردووەو ئەو ئاواتەی بەدی هێناوە کەگەلی عەرەب لەماوەی ٥٠ ساڵ خەبات دژی مۆنۆپۆڵە بێگانەکان خەونی پێوە دەبینی.

لەئازاری ١٩٧٧ بەشێوەیەکی ئەزموونی کاربەهێڵەکە کرا، دوای ئەوە بەماوەیەك هەندێ گۆڕانکاری تێدا کرا تاوزەی ناردن گەیشتە ١,٠٥٧,٠٠٠ بەرمیل لەرۆژێکدا.

لەساڵی ١٩٨٦ هێڵەکە فراوانییەکی تری بەخۆوە دی ولوولەیەکی تری (٤٦) ئینجی بۆ راکێشرا، بەپێی توێژینەوەیەکی کۆنگرێسی

ئـــەمریکا توانـــای هـــەناردنی هـــەردوو لوولەکـــە ١,٦٠٠,٠٠٠ بەرمیلـــە لەرۆژێکدا.

لەبـــەری عێراقـــی هێڵەکـــە ســـێ ویـــستگە هەیـــە IT1 واتـــە (Iraq–Turkey one) دەکەوێتـــە دووری ٢٦کـــم لـــە رۆژئـــاوای کەرکوکەوە نزیك پرۆژەی ئاوی کەرکوك لەسەر رێگەی حەویجە، لـەم ویستگەیەوە نەوتی کەرکوك لە تەرکیزی نوێو بای حەسـەنو ئاڤانـاو جەمبورەوە لـە ٦ تـانکی گـەورەدا کۆ دەکرێتـەوە پاشـان لـەرِێی چـوار ماتۆری کارەبای گەورەوە رووەو (Iraq–Turkey two) کە لەنزیك شاری موسڵە پاڵ دەنرێ، لەوێـشەوە لەرێگەی چـەند مـاتۆرِێکی تـرەوە رووەو ویستگەی ژماردن MS لەزاخۆ پـاڵ دەنـرێ کـە لـەوێ میلێکـی ژماردنی لێیەو چەندێك نەوت رەوانـە بکـرێ لـەوێ هـەژمار دەکرێـت، ویـــستگەی MS ئەکەوێتـــە بـــاکوری رۆژئـــاوای زاخـــۆوە لـــە ناوچـــەی (دێربون ).

بەڵام لەبەری تورکیادا سێ ویستگەی پاڵنانی سـەرەکی هەیـە ps-3 (جـەزیرە) ps4 (مـاردین)،ps-5 (غـازی عەنتـەب ) دواجـار دەگاتـە بەندەری (جەیهان )ی تورکی لەناوچەی (ئەدەنە). بەدرێژایی هێڵەکـە لەدیوی تورکیا چەندین زمانە ( Valveصمام) تێدایە.

وێستگەکانی ژماردن (MS) ئەوانەی دەکەونە ناو خـاکی تورکیـاوە ساڵانە چوار پۆل کارمەند لە کۆمپانیای نەوتی باکوورەوە رەوانەی ناو

خاکی تورکیا دەکرێن تا بە هاو بەشی لەگەڵ کارمەندانی تورکیا کارەکە بەڕێوە ببەن و بە وردی هەناردەی رۆژانە بژمێرن. هەر پۆلێك لەو کارمەندانە سێ مانگ دەمێنێتەوە.

خاڵێکی زۆر گرنگ لێرەدا زۆر پێویستە ئاماژەی پێبکەین ئەویش ئەوەیە ناردنە دەرەوەی نەوت لەعێراق دا کرابووە تۆڕێك (Network)، چەندین هێڵی ناردنی نەوت هەبوو هەموو پێکەوە بەسترابوون، واتە ناردنە دەرەوەی نەوت لەکەرکوك وبەسرەوە بەیەکەوە بەسترابوو، لەکەرکوکەوە نەوت بەرەو سوریا وتورکیا دەچوو، لەبەسرەشەوە بەرەو کەنداوی عەرەبی. هێڵێك لەبەسرەوە راکێشرابوو بۆ K3 کە نەوتی کەرکوکیشی پێدا تێپەردەبوو، بەم جۆرە هەر کاتێك نەوتی کەرکوك پەکی بکەوتایە لەبەسرەوە نەوت رەوانەی تورکیا دەکرا، بەپێچەوانەوە ئەگەر بەسرە پەکی بکەوتایە لەکەرکوکەوە نەوت رەوانە دەکرا، بەلآم لەدوای پرۆسەی ئازادی لەبەر ئەوەی K3 بۆردومان کراو بوو بەبنکەیەکی سەربازی ئەمەریکا ئیتر نەوتی کەرکوك وبەسرە پەیوەندیان پێکەوە نەما.

# ژیان لەکۆمپانیای نەوتی عێراقدا

ئینگلیزەکـان بـەحوکمی ئـەوەی خۆیـان خـەڵکانێکی هوشـیارو پێشکەوتووبوونو لـەو ولاٚتێکی پێشکەوتووی جیهانـەوە هـاتبوون بـۆ عێـراق، مانەوەکەشـیان بـۆ چـەند رۆژو مانگێـك نـەبوو، لەبـەر ئـەم هۆیەو هەرهیچ نەبێت لەبەر خۆیان بایەخیان بەو شوێنە زۆردەدا کە لێی دەژیان، دەیانویست نزیکی بخەنـەوە لـە لەندەنەکەی لای خۆیـان، لەپاڵ ئەمەشەوە خەڵکی ناوچەکە کـە ئێمـە لێـرەدا بـاس لـە کـەرکوك دەکـەین سـوودیان لـەو بـارە دەبـینی وخـۆش گـوزەران ئـەبوون پێـی. ئەگـەر تاوێـك بگەڕێینـە دواوە وپرسـیار لـە کرێکـارو فەرمانبـەرە کۆنەکانی نەوتی کەرکوك بکەین تێبینی دەکەین ژیانی ئەوان هـەردەم لەژیانی فەرمانگەکانی تر زۆر جیاوازبوو لـەرووی موچـەوخانووبەرەو خۆشگوزەرانیو شوێنی کارکردنو گـەلێك بـواری تـر، ئـەو سیـستەمەی ئینگلیزەکـان کاریـان لەسـەر دەکـرد لەبنـچینەوە جیـاوازبوو لـەو سیستەمەی حکومەتی عێراق رەفتاری پێ دەکرد.

ئینگلیزەکـان لەروانینیانـدا بـۆ فەرمانبـەر وکرێکارەکـان هـەرگیز نەتەوەو ناسین ومەزهەبیان نەئەکرد بە پێوەر بەڵکو دڵسۆزی وکـاری شێلگیرانە تاقە پێوەر بوو بەلایانەوە.

ئەمەو ئینگلیزەکان ماندووبوونو کارکردنی کرێکارانیان هەمیشە لەبەرچاو دەگرتو بوارەکانی خواردنو حەسانەوە وکات بەسەربردنیان فەرامۆش نەکردبوو.

لەبواری چێشتخانەدا کۆمپانیاکە چێشتخانەیەکی زۆر گەورەی بۆ کارمەندەکانی بنیات نابوو کە ڕۆژانە خواردنی پێشکەش بە ٢٥٠٠ فەرمانبەر دەکرد، لەوەرزی هاویندا تەنها بۆنانی ئێواران دەکرایەوە، بەلاَم لەزستاندا تەنها بۆ نیوەڕوان چێشتی ئامادە دەکرد، ژەمە خورادنەکەش هەموو چەشنە خواردنێکی تێدابوو، چێشتخانەکە لەلایەن بەڵێندەرێکەوە بەڕێوە دەبرا وشارەزاترین چێشتلێنەر تیایدا کاریان دەکرد، دەسەلاَتدارانی تەندروستی کۆمپانیاش چاودێری خواردنەکەو پاك وخاوێنیان دەکرد، چێشتخانەکە لەسەر بنەمای (خۆت خزمەتی خۆت بکە - Serve your self ) دەڕۆی بەڕێوە، هەرکرێکارێك دوای کڕینی بلیتێك بە ٣٠٠ فلس دەچوو خواردنی خۆی هەڵدەبژارد.





ریستۆرانتی کرێکاران و فەرمانبەران

بۆكــات بەســەربردنی فەرمانبــەرانیش لــەدوای دەوامــی ئاســایی ئینگلیزەكان بیریان لەو بابەتە كردبۆوە، لەبەر ئەوەی لەو سەردەمەدا خۆیــان دەســەلأتیان بەســەر كۆمپانیــای نــەوتی كەركوكــدا هــەبوو، ناوجەرگەی شاری كەركوك بازاڕێكی وەها گەورەی نەبوو وشوێنی كات بەسەربردنی بۆ فەرمانبەران تێدا بەدینەئەكرا، بۆ ئەم مەبەستە یانەیەكیان لەگەڕەكی عەرەفەی ئێستا دروست كرد.

یانەكە لەهۆڵێكی گەورە پێك هاتبوو كە شوێنی ئاهەنگ وكۆڕ و كۆبوونــەوە و یــاری وكتێــب خوێندنــەوەی تێــدابوو، ســەرباری ئەمانــە چێشتخانەشی تێدا دروست كرابوو، یانەكـە باخـچەیەكی گـەورەی تێـدابوو كـە جێگـەی هـەموو ئاهـەنگێكی تێـدادەبووەوە، هـەروەها گۆرەپانێكی وەرزشی تێدا بنیات نرابوو كە تیایدا شوێن بۆ چەندین جـۆرە یـاری تـەرخان كرابـوو، هـەر ئەنـدامێكی ئـەو یانەیـە مانگانـە (١٥٠)فلس ئابوونەی دەدا.

ئـەم یانەیـە دوای خۆمـاڵی كردنـی نـەوت حكومـەتی بـەعس نـاوی گۆری بۆ (١حوزەیران) كـە دەكەوێتـە سـنوری نێـوان هـەردوو گـەرەكی تەپە وعەرەفەوە، پاش پرۆسەی ئازادیش ناوی گۆررا بۆ (كەركوك ).



**یانەی فەرمانبەران**

بەحوکمی ئەوەی کۆمپانیا ژمارەیەکی زۆر خانووبەرەی بۆ کرێکارو فەرمانبەرەکانی دروست کردبوو کە خۆی لەسەدان خانووداو ناوی لێنابوو گەڕەکی New Kirkuk واتە (کەرکوکی نوێ) بۆیە ئەم ماڵانە پێویستیان بەبازارێك هەبوو کە پێویستی رۆژانەی تێدا بکڕن، بۆ ئەم مەبەستە ریزە دوکانێکیان بنیات نا کەتائێستا ماون وکاری ئاسایی خۆیان دەکەن ناویان لێ نان (کانتین).



**کانتین یا بازاری عەرەفە ( تا ئێستا ماوە )**

ئینگلیزەکان هەرزوو گرنگی وبایەخی کارەبایان زانیبوو، هێشتا شارەوانی کەرکوك کارەبای نەگەیاندبووە کەرکوك، کۆمپانیای نەوتی عێراق لەساڵی ۱۹٤۹ یەکەم ویستگەی کارەبای لەناوچەی بابا دامەزراند، ئەم ویستگەیە سەرباری بەڕێخستنی کاروباری دامەزراوە نەوتیەکان ۳هەزار کیلۆ واتیان بەسەنتەری شاری کەرکوك دەدا، هەرچەندە بەشی هەموو کەرکوکی نەئەکرد، تا لەساڵی ۱۹۵۸ وێستگەی کارەبای دوبز کرایەوە.




**تابلۆی ویستگەی کارەبای نەوت کەتا ئەمرۆ ماوە**

هەروەها کرێکاران کاتێك ماوەیەکی زۆریان لەخزمەت کردنی کۆمپانیاکە دەبردە سەر ئەوا هەرساڵەو پۆلێکیان لێ جیادەکردنەوەو خەلاّتی رێز لێنانیان پێشکەش دەکردن، بۆ نموونە لەساڵی ١٩٦١ مستەر ئێف سی رایلاند نوێنەری بەڕێوەبەری کۆمپانیا دیاری پێشکەش ئەو کرێکارانە کرد کە لە (٢٥) ساڵ زیاتر خزمەتیان هەبووە.



**ژمارەیەك كارمەند بەبۆنەی تێپەڕبوونی ٢٥ساڵ بەسەر راژەكەیاندا لەلایەن كۆمپانیاوە بە سەعاتێكی زێڕین خەڵات دەكرێن**

وەرزشیش یەكێك بوو لەو بوارانـەی زۆر بایـەخیان پـێ دەداو، هـەر بەشێك لەكۆمپانیاكە تیپی تایبەتی خۆی هـەبوو وهەرچـەند مانگێـك جارێك خولێكیـان بـۆ دەكردنـەوە ویـاری جۆراوجـۆری تێـدا پێـشكەش دەكرا.

كۆمپانیای نـەوتی عێـراق IPC گۆڕەپـانێكی یـاری كردنـی دروسـت كردبـوو پێـی دەووتـرا گۆڕەپـانی كۆمپانیـا (سـاحة الـشركة ) ئـەم گۆڕەپانـە لەسـەیرترین گۆڕەپانـەكانی یـاری كـردن بـوو كـە لـەجیاتی

چاندنی گیا زەوییەکەی نەوت ڕێژ کرابوو، زۆر یاریزانی عێراقی لەم گۆرەپانە یارییان کردووە لەوانە (عمو بابا )لە نەتەوەی ئاشورییە، (کەریم ئەفەندی- کورد )، (عادل عبدالله- تورکمان )، (قاسم دێو — تورکمان). لەکۆتایی هاوینی ساڵی ١٩٦١ پاڵەوانێتی مەلەوانی بۆ جامی (لۆرد مۆنیکن ) سەرۆکی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی کۆمپانیا سازکراو تیایدا ٤٣ مەلەوانی بەشداریان کرد.




**یاریکەرانی کۆمپانیای نەوتی عێراق لە ساڵانی پە نجاکاندا**



هەروەها کاتێك بەڕێوەبەرێکی گشتی دەگۆردراو یەکێکی تر جێگەی دەگرتەوە ئاهەنگی بەڕێکردن وبەخێرهاتنیان سازدەکرد.



بە رێخستنی مستەر تود بەڕێوبەری گشتی کۆمپانیای نەوتی عێراق

جگە لەمانە ئینگلیزەکان هیچ کاتێك بواری رۆشنبیرییان فەرامۆش نەکردبوو، بۆ ئەم مەبەستە وێرای بوونی کتێبخانە لە کۆمپانیاکە دوو گۆڤاریان بەزمانی عەرەبی وئینگلیزی دەردەکرد عەرەبیەکەیان بەناوی (العاملون في النفط) کە ئەم رستەیەی لەسەر نووسرابوو (مجلة داخلية شهرية لعمال ومستخدمي شركة نفط العراق /

شـركة نفـط الموصـل / شـركة نفـط البـصرة )صـاحبها وريئـيس تحريرهـا المـسؤول لطفـي امـين فـوزي المحـامي)، هەرچـی گۆڤـارە ئینگلیزیەکەیە ناوی Cresent بوو کەلە هەردووکیاندا دەنگو باسو بابـەتی رۆشـنبیری تێـدا بلأودەکرایـەوە، گۆڤـارێکی تـریش هـەبوو لەبەغـدا دەردەچـوو بـەناوی ( اهـل الـنفط ) بـەلأم کـەمتر باسـی لەکۆمپانیای کەرکوك دەکرد.




گۆڤاری (العاملون في النفط)

سەبارەت بە خزمەتگوزاری تەندروستی کۆمپانیای نەوتی عێراق هەمیشە بەتەنگ تەندروستی کارمەندەکانیەوە هاتووە وبەپێ ی توانا نەخۆشخانەو بنکەی تەندروستی یان کردووەتەوە. ساڵی ١٩٤٠ لە کەیوان نەخۆشخانەیەکی ١٤٠ قەرەوێڵەیی بەهەموو پێداویستی یەکانیەوە دروستکرد جگە لە کردنەوەی چەندین بنکەی تەندروستی لەگەرەکی عەرەفەو ویستگەکانی لوولە نەوتیەکان، ئەمە سەرباری کردنەوەی نەخۆشخانەیەك لە K3.



**نەخۆشخانەی کەیوان و یەکێك لە قاوشەکانی**

## پرۆژەی پاشەکەوتکردن:

بەمەستی مسۆگەر کردنی ژیانی کرێکاران کۆمپانیای نەوتی عێراق لە ساڵی ١٩٤٩ پرۆژەی پاشکەوت کردنی داهێناو دروشمەکەی بریتی بوو لە (پارەی سپی بۆ رۆژی رەش) ئامانج لە پرۆژەکە هاندانی کرێکاران و فەرمانبەران بوو لەسەر پێگەیاندنی گیانی ئابووری وکەمکردنەوەی زیادە رۆیی لەمەسرەفکردندا ئەمەش لەسەر بناغەی ئارەزووی تاك بوو نەك بە زۆر. هەر کەسێك کە دادەمەزرا مافی هەبوو بچێتە ناو ئەو پرۆژەیەوە و چەندی بویستایە مانگانە لەموچەکەی دەبرا بەمەرجێ لە ٤٠٠ فلس بۆ کرێکارو ٣ دیناریش بۆ پلە بەرزەکان کەمتر نەبوایە. پارەکە دەبرایە بانك وساڵانە ٤٪ ی دەهاتە سەر. هەموو کاتێکیش هانی بەشداربووان دەدرا بۆ حاڵەتی زۆر پێویست نەبوایە پارەکەیان رانەکێشنەوە، هەروەها لە ساڵێکدا لە ٤ جار زیاتر رێگە نەئەدرا پارە راکێشێت. هەرکەسێکێش بیویستایە لە پرۆژەکە دەربچێت پارەکەی خۆی وقازانجەکەی بۆ دەگەرێندرایەوە بەرامبەر ئەوەش بۆی نەبوو تا ساڵێك بەشداری پرۆژەکە بکات. ئەم پرۆژەیە رێگەی والاکرد بۆ زۆر کرێکار خانوو دروست بکەن یان پێداویستی یەکانی ماڵەوەی پێبکرن وەك ساردکەرەوە و ئۆتۆمبیل...هتد.

## گواستنەوە:

گواستنەوە بە فاکتەرێکی زۆر گرنگ وسەرەکی بەردەوام بوونی بەرهەم هێنانی نەوت دەژمێردرێ. بە هۆی ئەو رووبەرە فراوانەی کێلگە نەوتی یەکان هەیانە ناتوانرێت بەبێ ئۆتۆمبیل وشەمەندەفەر کرێکار لە کاتی خۆیدا بگاتە سەرکار. هەموو کاتێك کۆمپانیای نەوتی عێراقی خاوەنی ئۆتۆمبیلی خۆی بووە بە هەموو چەشنەکانیەوە (بچووك، پاس، پیکاب، ئامێری قورسی وەك شۆڤەڵ وگەلآبە). لە ساڵی ١٩٦٦ خاوەنی ٤٧٠ ئۆتۆمبیل و ئامێری قورس بوو کە کرێکارانی لە ماڵەوە دەگەیاند تا گەڕەکی عەرەفە ئیتر لەوێوە بە ئۆتۆمبیل یان شەمەندەفەر بۆ سەر کار دەچوون.






**فڕۆکەو شەمەندەفەر دوو ئامرازی گواستنەوە بوون**

لـەهیچ قۆنـاغێکی مێـژوودا پێویـستییان بـە ئۆتـۆمبیلی خـەڵکی نـەبووە لـە دوو قۆناغـدا نـەبێت، قۆنـاغی یەکـەم دوای سـاڵی ١٩٩١ کـە ژمارەیـەکی زۆر ئۆتـۆمبیلی کۆمپانیـای نـەوت لـە شـەڕی رزگـارکردنی کوێتو راپەرین دا تێك و پێك دران وبە تـالآنبران، لەبەرئـەم هۆیـە لـە دوای راپەرینەوە ئۆتۆمبیلی خەڵکی یان بەکرێ گرت بـۆ گواسـتنەوەی فەرمانبەران بەلاّم لە دوای سـاڵی ١٩٩٦ کـە بەرنامـەی نـەوت بەرامبـەر خـۆراك هاتـە مەیـدان ژمارەیـەکی زۆر پاسـیان لـە ولآتـی کۆریـا کـڕی. قۆنـاغی دووەم لـە دوای پرۆسـەی ئـازادی سـاڵی ٢٠٠٣ هـەر چـەندە کۆمپانیـا خـاوەنی ئۆتـۆمبیلێکی زۆر بـوو بـەلاّم لـە ترسـی تیرۆرسـتان نەیان ئەتوانی ئۆتۆمبیلی حکومی بـۆ شـوێنە دوورەکان بنێـرن بۆیـە زیاتر متمانەیان لەسەر ئۆتۆمبێلی خەڵکی بـوو وبـەکرێ یـان دەگـرت. ئێستا کە لە ساڵی ٢٠١١ دایـن کۆمپانیـای نـەوتی بـاکوور خـاوەنی (٤٠٠) ئۆتۆمبێلی سووك وەك پاص وقەمـەرەن لەگـەڵ (١٦٢) ئـامێری قورسـی وەك شۆفەڵ وگەلاّبەو بەرزکەرەوە....هتد.

لـــە رۆژگـــاری ئەمرۆمانـــدا کۆمپانیـــا پاســـێکی زۆری هەیـــەو فەرمانبەرانو کرێکاران لە نزیك ماڵی خۆیانەوە هەڵدەگرن تا بـەردەم شوێنی کارکردنیان.

## پەیمانگای نەوت

کۆمپانیـای نـەوت تاقـە کۆمپانیایـەکی عێراقـە کـە قوتابخانەیـەکی تایبــەت بــەخۆی هــەبوو بــۆ پێگەیانــدنی کــادری نــەوتی لــەبوارە جیاجیاکاندا.

لەساڵی ١٩٥١ کۆمپانیای نەوتی عێراق سەنتەری راهێنانی پیشەسازی داهێنـا کـە نـوێترین شـێوازەکانی راهێنـانی ئەوکاتـەی تێـدابووە بـۆ فێرکردنی خوێندکارە پیشەسازییەکان لەبواری تیۆری وپراکتیکی.

خوێنـدکار دەبوایـە دەرچووی سـەرەتایی بێـت وتەمـەنی لـە١٦ ساڵ زیـاتر نـەبێت، مـاوەی راهێنـان ٥ سـاڵ بـوو کـە دابـەش دەکرایـە سـەر دووقۆنــاغ، قۆنــاغی یەکــەم پیــشەیی بــوو مــاوەی دوو ســاڵ بــوو لەمەڵبەنـدی راهێنــان ئـەنجام دەدرا، قۆنـاغی دووەم سـێ سـاڵ بـوو دەکرایە دوو لقەوە وخوێندکار ئارەزوومەندانـە دەچووە یەکێکیانـەوە (لقی بازرگانی ولقی هونـەری ) لەکارگـە وفەرمانگـەکانی کۆمپانیاکـە ماوەکەی تەواو دەکرد.

کۆمپانیاکە وێڕای مەسـرەفی خوێنـدن دەرماڵەیـەکی مانگانەشـی بـۆ خوێندکار بڕی بووەوە. خوێندکار دوای تەواو کردنی ئـەو پێـنج سـاڵە بۆی هەبوو تـاقی کردنـەوەی پـەیمانگای City and Quilds بـدات.

لەساڵی ١٩٦٦ بەدواوە خولی راهێنانی هونەری بۆ دەرچووانی ئامادەیی پیشەسازی وبەشی زانستی کرایەوە تیایدا بەشەکانی ئەندازەیان دەخوێند. پێش خۆماڵی کردنی نەوت ژمارەی ئەوانەی ساڵانە وەردەگیران ٤٠ خوێندکار بوون. لەو کەسانەی کە دەرچووی ئەو پەیمانگایەن لەساڵانی پەنجاو وشەستەکاندا

١- طلعت گلی کە دوای پرۆسەی ئازادی بووە ئەندام پەرلەمانی بەغداو یەکێکە لە داهێنەرانی رادیۆی گەلی کوردستان لەساڵی ١٩٧٩.

٢- رەمەزان زامدار خاوەنی ستۆدیۆی رەمەزان لەشەقامی جمهوری.

٣- عادل قزاز کە لە دوای پرۆسەی ئازادییەوە کرا بە بەڕێوبەری گشتی کۆمپانیای نەوتی باکوور.



**سەنتەری راهێنانی نەوت سالآنی شەستەکان**

## ناردنە دەرەوەی خوێندکاران

یەکێك لە دەستکەوتە گرنگەکانی کۆمپانیای نەوتی عێراق بۆ خوێندکاران ناردنە دەرەوەیان بوو بۆ تەواوکردنی خوێندنی بالاّ لە لەندەن. توانی یان تا کۆتایی ساڵی ١٩٦٦ نزیکەی ٥٠٠ خوێندکاری عێراقی بنێرنە دەرەوەو لەو سەرەوە بە بڕوانامەیەکی بەرزەوە بگەڕێنەوە بۆ خزمەتی ولاّتەکەیان. دوای رێکەوتننامەی ساڵی ١٩٥٢ی نێوان حکومەتی عێراق وکۆمپانیای نەوت پێویستی کۆمپانیاکە بۆ کەسانی هونەری لەبوارەکانی پیشەسازی نەوت زیادی کرد ئەمەش وای لەکار بەدەستانی کۆمپانیای نەوتی عێراق IPC کرد دەرچووانی دوا ناوەندی بنێرنە دەرەوە بۆ سوود وەرگرتن لە بواری نەوت. ئەوانەی هەڵدەبژێردران یەکەمی قۆناغی دواناوەندی یەکان بوون بەو مەرجەی ساڵی لە ٤٠ - ٧٥ خوێندکار زیاتر نەبێت. ئەم خوێندکارانە لە ماوەی خوێندنیاندا لە لەندەن مانگانە ٤٥ دیناریان بۆ خەرج دەکرا کە دەیکردە ١٣٥ دۆلار ئەمە جگە لە خەرج کردنی دەرماڵەی کتێبو جلوبەرگ کە ساڵانە دەیکردە ٤٥٠ دۆلار ئەو بابەتانەش کە لەدەرەوە دەیانخوێند پەیوەندی بە پیشەسازی نەوتەوە هەبوو وەك جیۆلۆجیا، ئەندازیاری نەوت، میکانیك، ژمێریاری یاسایی. خوێندکار پێش چوونە زانکۆ دوو ساڵی لە کۆلێجی هونەری دەبردە سەر دواتر

دەچووە زانکۆ. لەساڵی ١٩٥٣ یەکەم پۆلی خوێندکارانی عێراق کە ژمارەیان ٣٨ خوێندکار بوو گەیشتنە لەندەنی پایتەختی بەریتانیا.

بەڵام پاش خۆماڵی کردنی نەوت دوای ئەوەی دامودەزگا نەوتیەکان بەتەواوی کەوتە ژێر دەسەڵاتی بەعس ئیتر حکومەت پەرەی بە پەیمانگاکە داو ساڵ لەدوای ساڵ مۆرکی عەرەبو شۆڤێنیەتی پێوە دیار بوو تاوای لێ هات بەهیچ جۆرێك کورد بۆی نەبوو بچێتە ئەو پەیمانگەیەوە، لەناوەڕاستی نەوەدەکانی سەدەی رابردووەوە حکومەتی بەعس پەیمانگەکەی بە یەکجاری لەکەرکوك نەهێشتو گواستیەوە بۆ شاری بێجی. سەبارەت بەسیستەمی خوێندنیش وەك هەر پەیمانگەیەکی تر سەیری دەکراو خوێندکار لەدوای قۆناغی ئامادەییەوە دەیتوانی بۆی بچێت واتە وازیان لەو سیستەمە پێنج ساڵیەی ئینگلیزەکان هێنا.

دوای پرۆسەی ئازادیش بەهیمەتی مەڵبەندی کەرکوکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و سەرکردایەتی کورد توانرا جارێکی تر پەیمانگای نەوت لە کەرکوك بەستافێکی نوێوە کە کورد بەشێکی ئەو پێکهاتەیە بێت بکرێتەوە، بە پێی بڕیاری وەزاری ژمارە ٩٨١/٢/٢٢٩ لە بەرواری ٢٠٠٥/٤/١٠ جارێکی تر پەیمانگای نەوتی کەرکوك کرایەوە و لە ناو یەکێك لە بیناکانی کۆمپانیای نەوتی باکور جێگیر بون. بەڵام بەهۆی تەسکی جێگەیان و پێویستییان بۆ هۆڵی گەورەو وەرشەو

تاقیگەی نوێ داوا لە وەزارەت کرا ڕەزامەند بێت لەسەر دروستکردنی بینایەکی نوێ بۆ پەیمانگاکە. ئەوەبوو بە هەماهەنگیکردن لەگەڵ کۆمپانیای نەوتی باکور توانرا پارچە زەوییەك بە روبەری ١٤ دۆنم لە گەڕەکی عەرەفە تەرخان بکرێت.




**تەلاری نوێی پەیمانگەی نەوت**




**تابلۆی نوێی پەیمانگای نەوتی کەرکوك**

بینا نوێیەکە بۆ خوێندنی ساڵی ٢٠٠٨-٢٠٠٩ کۆتایی هات و پێکهاتووە لە ١٢ بەشی پسپۆری لە بوارەکانی پیشەسازی نەوت کە پێشتر تەنها ٤ بەشی زانستی تێدابوو. ساڵ لە دوای ساڵ ژمارەی خوێندکارەکانی زیادی دەکرد، لە ساڵی یەکەمیدا ٢٠٠٥- ٢٠٠٦ تەنها ١٤٦ خوێندکار وەرگیران بەڵام لە ساڵی خوێندنی ٢٠١٠- ٢٠١١ گەیشتە ٥٠٠

خويندكار. پەيمانگای نەوت لەدوای دوبارە دروست بونەوە لە کەرکوك توانیویەتی ٧٣٨ خوێندكار پێبگەیەنێت. دەرچوەكانیش هەمویان بە شێوەی مەركەزی لە وەزارەتی نەوتەوە دامەزران.

بۆ یەكمجاریشە بەرێوبەرەكەی كەسێكی كوردە بەناوی ( حەسەن مەعروف ).

# کۆمپانیای نەوتی عێراق وبەشداری کردن لەئاوەدانکرنەوە

دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٣١ بەڕێوبەرایەتی کۆمپانیای نـەوتی عێـراق (IPC) لەشـاری کـەرکوك بەفـەرمی دامـەزرا، دەسـتیان کـرد بـەپێك هێنـانی بەشـەکانی ئەنـدازیاری و شـارەوانی تایبـەت بـەخۆیان. ئـەم بەشانە خاوەنی ئامێرو ئۆتۆمبێل وتەکنێکی تایبـەت بـەخۆیان بـوون. ئەم کۆمپانیایە تا ئەو کاتەی لە ١ ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٧٢ خۆمـاڵیکرا ئینگلیزەکان خۆیان سەرپەرشتی هەموو کارێکیـان دەکـردو تـوانی یـان لە ماوەی کارکردنی خۆیانـدا خزمـەتێکی بـاش بـە شـارەکە بگەیـەنن‌و دەسـتێکی ئـاوەدانی بـۆ درێـژ بکـەن چـونکە لـەو سـاڵانەدا حکومـەتی عێراق ئەوەندە دەسترۆو باڵادەست نەبوو.

١- **بـواری کارەبـا**: کارەبـا یەکێکـە لەپێویـستی یـە سـەرەکی یـەکانی پرۆسەی هەڵکەندن و بەرهەم هێنـان وهـەناردەکردنی نـەوت چونکە لەسـەرجەم پرۆسـەکە چـەندین مـاتۆر کاردەکـەن، کـە پێویـستی یـان بەووزەی کارەبایـە، لەبەرئـەم هۆیـە یەکـەم خـەمی کۆمپانیاکە دابـین کردنــی کارەبــا بــوو. پــێش ئــەوەی حکومــەتی عێــراق کارەبــا بــۆ هاووڵاتیــانی کــەرکوك دابــین بکــاتو ویــستگەی کارەبــای دوبــز دابمەزرێنێت، ئینگلیزەکان لە ساڵی ١٩٤٩ لە رێگـەی ویـستگەی کارەبـای

تایبەت بەکۆمپانیاکە کارەبایان بۆ پرۆژەی پاڵنانی ئاو لە دوبـزەوە بـۆ کـەرکوك دابینکـرد. بـۆ سـاڵی دوایـی ١٩٥٠ کۆمپانیـای نـەوت رۆژانـە ٢ هەزار کیلۆوات وزەی کارەبای بۆ رووناك کردنەوەی کەرکوك دابینکرد. لـە سـاڵی ١٩٥٢ ئـەوبڕە کارەبایـەیان گەیانـدە ٣٨٠٠ کیلـۆوات. لـەم سـاڵە بەدواوە ئیتر شاری کەرکوك لەرووی کارەبـاوە بـوو بـەخاوەنی کارەبـای تایبەت بەخۆی ئەویش بە دامەزراندنی ویستگەی کارەبای دوبز کە تـا ئەمرۆش لە کاردایە.

٢- **بواری ئاو**: ئاو لە گرنگترین ئەو بوارانەیە کـە کۆمپانیـای نـەوتی عێراق بەشداری تێدا کردووە بۆ دەستە بەرکردنی ئاو بـۆ دانیـشتوانی شـارەکە. لەسـاڵی ١٩٥٠ بەرێکـەوتنی نێـوان موتەسـەریفی کـەرکوك‌و کۆمپانیـای نـەوت پـرۆژەی ئـاوی کـەرکوکیان لەشارۆچـکەی دوبـز کردەوەو بەشێکی ئەرکەکەیان گرتـە ئەسـتۆ. لەساڵی ١٩٥٤ لوولەیـەکی ئـاوی ٢٤ ئنجـی یـان لـە شارۆچـکەی دوبـزەوە بـۆ نـاو شـاری کـەرکوك راکێشا کە لە توانایدا بوو رۆژانە ( ٤,٥ ) ملیـۆن گـاڵۆن ئـاو بـۆ خـەڵکی شارەکە دابین بکات. لەهەر شارۆچکە و شارەدێ وگوندێك قەیرانی ئـاو هەبوایە دەستبەجێ تیمـە تایبەتـەکانی کۆمپانیـای نـەوت دەگەیـشتنە ئـەو شـوێنە و بـیری ئاویـان بـۆ هەڵدەکەنـدن تـا رزگاریـان بێـت لـە کەمئاوی.




**وێنەی موتەسەریفی کەرکوك و بەڕێوبەری کۆمپانیای نەوتی عێراق لە کاتی هەڵکەندنی بیرێکی ئاودا**

لەساڵی ١٩٦٨ بەهۆی گەورەبوونی شارەکە و زیادبوونی دانیشتوانەکەی ئاوی پرۆژەی دوبز نەئەگەییە هەندێك لە گەڕەکەکانی شاری کەرکوك وەك تەپپەی مەلا عەبدولاّ و قەلاّ، بۆ ئەم مەبەستە کۆمپانیای نەوت بە بەستنی دوو پەمپی تر بۆ ویستگەی ئاوی دوبز توانی پاڵنانی ئاو لە ٧ ملیۆن گاڵۆنەوە بۆ ١١ ملیۆن گاڵۆن بەرز بکاتەوە کە بەمە کەمی ئاویان لەناو شاری کەرکوك بۆ ئەو قوناغە چارەسەرکرد. هەر لەو ساڵەدا بۆ یارمەتی دانی گوندەکانی دەوروبەری تسعینو تازە خورماتو و بەشیر ١٧ بیری ئاویان بە قوڵی ٣٠٠ مەتر بۆ هەڵکەندن بە مەبەستی زیادکردنی ئاوی خواردنەوەو ئاودێری.

لەسەردەمی حکومەتی بەعسیشدا کاری باشیان بۆ کەرکوك کرد هەرچەندە ئامانجەکە سیاسی بوو، بۆ باشتر کردنی گوزەرانی عەرەبە هاوردەکان بوو. پێش راپەرینی بە هاری ١٩٩١ یان چاکتروایە بڵێین پێش ئابلۆوقەی نێو دەوڵەتی لەسەر عێراق، حکومەتی بەغدا ویستی پرۆژەی ئاوی یەکگرتوو لە نزیك (کەیوان) بکاتەوە و کۆمپانیای (هۆندای) کۆری ئەرکەکەی لە ئەستۆ گرت، بەلاّم بارودۆخی ئابلۆوقەی سەر عێراق وای کرد پرۆژە کە پێش تەواو بوونی بوەستێت. کەم ئاوی کاریگەری تەواوی بەسەر شارەکەدا بەجێهێشتبوو بەتایبەت گەڕەکە تەعریبە تازە دروست بووەکان، لەبەر ئەم هۆیە

کۆمپانیای نەوتی باکوور پرۆژەکەی تەواو کرد و لەمانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٩٢ ئاوی رووەو شارەکە پاڵنا وشارەکەی لەکەمئاوی رزگارکرد، گەڕەکی شۆڕیجەش لەگەڕەکە کەمئاوە کوردنشینەکان بوو کە سوودیان لێبینی.

لە کۆتایی نەوەدەکانی سەدەی رابردوو حکومەتی عێراق بە هۆی ناکۆکی یەکانی لەگەڵ ئەمریکا ولەترسی ئەگەری وشك بوونی ئاوی زێی بچووك کەسەرچاوەی ئاوی کەرکوکە پێشنیاریان کرد پرۆژەیەکی نوێ دابرێژرێ بەناوی(ئاوی بەدیل)، بۆ ئەم مەبەستەش ناوچەی ساڵەیی‌و شوانیان دەست نیشان کرد تا بیری ئاوی تێدا لێبدەن. ئەوە بوو ئەندازیارانی کۆمپانیای نەوت ٨٠ بیری ئاویان لەو ناوچەیە هەڵکەند و لە رێگەی بۆر ییەوە گەیاندیانە ناو کەرکوك وتەنها ئەوەندە مابوو لەگەڵ پرۆژە کۆنەکەی ئاوی کەرکوکدا ببەسترێ بەلاّم پرۆسەی ئازادی ساڵی ٢٠٠٣ ی بەسەرهاتو هەرچی بۆری وپەمپ و شتومەکی پرۆژەکە هەیە هەموو تالاّنکران. ئەگەر وای بەسەر نەهاتایە و بۆ ئەم رۆژەی کەرکوك بمایە ئەوا سوودێکی زۆری لێدەبینرا. ئەوەندەی ئاگاداربم بەڕێوەبەرایەتی ئاوی کەرکوك بەنیازبوو ئەم پرۆژەیە زیندوو بکاتەوە ئەوە بوو لیژنەیەکیان بۆ ئەم مەبەستە تەرخانکرد، لەراپۆرتی کۆتاییاندا پێشنیاریان کرد ٢٢ ملیار دیناری بۆ تەرخان بکرێت بەلاّم بەغدا رەتی کردەوە.

**٣- بواری ڕێگەوبان:** لەساڵی ١٩٥٤ کۆمپانیای نەوتی عێراق دوای دوو ساڵ کارکردن توانی یان پردێك لەسەر زێی بچووك لەقەزای دوبز دروست بکەن کە درێژی یەکەی ١٤٠٠ پێ یە. تا ئێستاش ئەو پردە ماوەو بەکاردەهێنرێ.

**پاش پرۆسەی ئازادی:** لە دوای پرۆسەی ئازادی کۆمپانیای نەوتی باکوور هیچ بەشداری یەکی بەرچاوی لەئاوەدا نکردنەوەی کەرکوك نەکردووە چونکە وەزارەتی نەوتی عێراق ڕێگەی پێ نەئەدا هەرچەندە عەبدولرەحمان مستەفا پارێزگاری کەرکوك چەندین جار داوای یارمەتیدانی بۆ ئاوەدانکردنەوە لێکردوون، ئەوەی کردوویەتی کاری بچووکە وەك ناردنی شۆفەڵ وئامێر بۆ تەختکردنی ڕێگاو بانەکان و ناردنی ئاوی تەنکەر بۆ هەندێ شوێن کە دووچاری قەیرانی ئاو دەبوونەوە. لە کاتی نوسینەوەی ئەم کتێبەدا دکتۆر نەجمەدین کەریم پارێزگاری کەرکوك لە سەردانێکیدا بۆ لای نوری مالیکی سەرۆك وەزیران داوای لێکردن کە وەزارەتی نەوت هاوکاری ئیدارەی کەرکوك بکات لە خزمەتکردنی شارەکە.

# پرۆژەی خانوو دروست کردن بۆ کارمەندان (H.O.S)

خانوو گرنگییەکی گەورەی هەیە بۆ تاك وخێزان کە دەبێتە مایەی جێگیربوون ودڵنیابوون لەژیان.

لەبەر ئەم هۆیە کۆمپانیای نەوتی عێراق IPC بیری لەژیانو گوزەرانی کارمەندەکانی کردۆتەوە بەتایبەت ئەوانەی ماوەی خزمەت کردنیان کۆتایی دەهات وهێشتا نەبوونەتە خاوەنی هیچ خانوویەك، بۆ ئەم مەبەستە لەساڵی ١٩٥٢ کۆمپانیاکە پرۆژەی خاوەنداریێتی کردنی خانووی (H.O.S)ی خستەروو، بە گوێرەی پرۆژەکە هەرکارمەندێك بۆی هەبوو پارچە زەوییەك لەشوێنێکی کەرکوك دا (وابەباشتر دەزانرا نزیك کۆمپانیای نەوت بێت) دیاری بکات. بەگوێرەی پرۆژەکە کۆمپانیا زەوییەکەی بۆ دەکڕی و بیناکەشی بۆ دروست دەکرد، کارمەندەکەش ١٠٪ی نرخی زەوی وبیناکەی دەدا، ئەوەی دەمایەوە بەقست لەماوەیەکی گونجاودا کە لەبیست ساڵ زیاتر نەبێت دەدرایەوە، ئیتر لەوە بەدوا ئەو خانووە دەبووە ملکی کارمەندەکە.

مەرجەکانی داواکردنی خانووش بریتی بوو لە ١- عێراقی بێت ٢- دووساڵ راژەی کەمتر نەبێت.

ئەوەی لەم پرۆژەیەدا جێگەی سەرنجە ئەوەیە ژیانی کارمەندی تێدا دەستەبەر ئەبوو بەجۆرێك ئەگەر پێش تەواو بوونی قستەکە خاوەن خانووەکە بمردایە ئەوا خانووەکە دەدرایە دەست وەرەسەکانیو کۆمپانیاش

لەپاشماوەی قستەکانی خۆی خۆش دەبوو، لە خەسڵەتەکانی ئەم پرۆژەیە ئەوە بووو کارمەندەکە خۆی شوێنو شێوەی خانووەکەی دیاری دەکرد، پاشان کۆمپانیا هەڵئەسا بەنەخشە کێشان وسەرپەرشتی کردن، جگە لەمە کارمەندەکە دەیتوانی خانوویەکی ئامادەکراو دەست نیشان بکاتو کۆمپانیاکەش بۆی بکڕێ بەڵام زۆربەی کارمەندان ئارەزوویان وابوو کە خانووەکە بەنوێی بنیات بنرێ.

لەئەنجامی ئەم پرۆسەیەدا هەزاران کرێکار بوون بەخاوەنی خانووی خۆیان. خانووەکانیش زیاتر ئەکەوتنە گەڕەکەکانی تەپەی مەلا عەبدوڵا، رەحیماوا، ئەڵماس، عەرەفە، بەکۆتایی هاتنی ساڵی ١٩٦٦ کۆمپانیای نەوتی عێراق نزیکەی ٣هەزار خانووی بۆ کارمەندەکانی دروست کرد.





**خانووی کارمەندانی نەوت**

شـان بەشـانی ئـەو خانووانـەی سـەرەوە کـە بـا سمـان لێکـردن کـە دەبوونــە ملکـی کارمەنـد، کۆمپانیاکـە خـانووی خۆشـی هـەبوو کـە کارمەنـد بـەکرێ لێـی دادەنیـشیت تـا ئێـستاش لەگـەرەکی عەرەفـە هـەرماوە، نزیکـەی (١٤٠)خـانووش هەیـە لەناوچـە پیـشەسازییەکەی کۆمپانیـای نـەوت کـە پێـی دەڵـێن ( بابـای شـەرقی وبابـای غـەربی)، ئەمانە لەوکاتەدا بۆ ئینگلیزەکان خۆیان دروست کرابـوون، بـەلاّم دوای خۆمــاڵی کردنــی نــەوت تــەنها گــەورە بەڕێوبــەرو بەعــسییەکانی کۆمپانیای نەوت بۆیان هـەبوو نیـشتەجێی بـن، لەگـەڕەکی عەرەفـەش (مسیجه ) هەیە کە ئەمانە لە٥٠ ماڵ زیـاترن وهـەموو بـۆ ئەنـدازیارە ئینگلیزەکـان بـوو، بـەلاّم دوای خۆمـاڵی کـردن ئەمانـەش بـۆ گـەورە بەعـسیەکان مایـەوە، دوای پرۆسـەی ئـازادیش ئـەم بەعـسیانە هـەموو هەلاّتن وئێستا ئاوارەی کوردی تێدا نیشتەجێ بووە.

لەســاڵی ١٩٧٥ بــەدواوە حکومــەتی بــەعس بەمەبەســتی تــەعریبی کەرکوك وجێنشینکردنی کرێکارە عەرەبەکان گـەڕەکی (الفـین دار ) ی دروست کرد کەلە نزیکەی دووهەزار خانوو پێك دێت و دابەشـی کـرد بە سەر عەرەبە هاوردەکان وهەنـدێ تورکمـان کـە کارمەنـد بـوون لـەو کۆمپانیایە، ئەتوانرێ بووترێ ١٪ ی کوردی تێدایـە، لـەپێش رووخـانی رژێمەوە نزیکـەی (٤٠) خـانووی تـازە لـەپاڵ گـەرەکی (الفـین دار ) ەوە بنیات نرا کەرووخانی رژێمیشی بەسەر داهات هێشتا تەواو نـەبووبوو،

ئـەوە بـوو ئـاوارەی کـورد هاتنـە نـاوی وتائێـستاش هـەرماون نـاوی شوێنەکەشیان ناوە (گەڕەکی قازی محمد)

پێـشتر ووتبوومـان ئینگلیزەکـان لەهـەر شـوێنێکی کۆمپانیاکـەو ویـستگەیەکی پاڵنـان هەبوایـە لـەو شـوێنە خـانووی بـۆ کرێکـارو کارمەنـدەکانی دروسـت دەکـرد هـەروەك لـە K1،K2،K3، زاب ئەنجامدران.

دەتوانین لە خشتەی ژمارە (٢) دا ژمارەی خانووەکانی کۆمپانیاکە لەسنووری شاری کەرکوك روون بکەینەوە.

| شوێن | ژمارەی خانوو | سەردەمی دروست کردن |
| --- | --- | --- |
| عەرەفەی یەکەم | ٣٤ | ئینگلیز |
| عەرەفەی دووەم | ٦٤ | ئینگلیز |
| عەرەفەی سێ هەم | ٣٩٦ | ئینگلیز |
| خانوکانی زاب | ١٨ بۆ فەرمانبەران | ئینگلیز |
| خانووەکانی زاب | ٧٠ بۆ کرێکار | ئینگلیز |
| بابای شەرقی | ٦٤ | ئینگلیز |
| بابای غەربی | ٧٩ | ئینگلیز |
| K1 | ٤٣ | ئینگلیز |
| شوقەکانی کەیوان | ٤٣ | ئینگلیز |
| خانووەکانی گەرەکی واستی | ٢٦ | ئینگلیز |
| گەرەکی (الفین دار ) | ١٥٠٠ | سەردەمی بەعس |
| سەرجەم | ٢٣٣٧ | |

کۆمپانیای نەوتی باکوور لە بەرنامەیدایە جارێکی تر زەوی بەسەر کارمەنـــدەکانی دابـــەش بکـــات و بیانکـــات بـــە خـــانوو لـــە رێگـــەی کۆمپانیایـەکی وەبەرهێنـەر. ئـەوەی تـا ئـەم کاتـە ئـەنجام دراوە تـەنها پارچە کردنی زەوی یەکانە بەڵام دابـەش نـەکراون. لـەمانگی تـشرینی یەکـــەمی ســـاڵی ٢٠١١ کۆمپانیـــای نـــەوتی بـــاکوور فـــۆرمێکی بەســـە کارمەنـــدەکانی دابـــەش کـــرد بەمەبەســـتی دروســـتکردنی خـــانوو بـــۆ کارمەنـدان بـەڵام فۆرمەکـە مـەرجی ( ١٠ ) سـاڵ خزمـەتی دانـابوو کـە بـەو پێیـە هـیچ کارمەنـدێکی کوردی نەئەگرتـەوە، سـەرباری ئـەوەش کارمەندی هاوردە هیچ رێوشوێنێکی وەهای بۆ دانەنرابوو کە جارێکی تر نـەتوانێت سـوودمەندبێتەوە و بۆیـە ئـەم فۆرمـە لەلایـەن ئیـدارەو ئەنجومەنی پارێزگاوە رەتکرایەوە.

## کارکردن لە کۆمپانیای نەوتی باکوور

ئەو کاتەی کۆمپانیای نەوتی باکوور بەدەستی ئینگلیزەکانەوە بوو دامەزراندنی کرێکار یان فەرمانبەر بە دەستی ئەندازیارە ئینگلیزەکان بوو، تاقە پێوەر بەلایانەوە دڵسۆزی بوو بۆ کارکردن.

ئەندازیارە بیانی یەکان زۆر حەزیان بە ئیشی کرێکاری کورد دەکرد چونکە هەردەم رژد بوون لە سەر کارکردن وفرت وفێڵیان نەئەکرد. لەبەر ئەم هۆیە دەبینین هەردەم ژمارەی کرێکاری کورد لە سەرووی نەتەوەکانی ترەوە بووە تەنها مەسیحی نەبێت چونکە مەسیحی یەکان لای ئینگلیزەکان زۆر ویستراو بوون ئەوەش دەگەرێتەوە بۆ هاو ئاینیان هەروەها لە رووی خوێندەواریشەوە لە هەموو لایەك پێشکەتووتربوون.

لەساڵی ١٩٧٢ بەدواوە کە نەوت کەوتە ژێر رکێفی حکومەتی عێراق پێوەرەکانی دامەزراندن گۆڕا بەتایبەت دوای ساڵی ١٩٧٥ تەنها عەرەب بۆی هەبوو دابمەزرێ، هەزاران عەرەبیان لە باشوور و ناوەڕاستو شاری موسڵەوە هاوردەکردو بەشێکیان لە کۆمپانیای نەوت دامەزراند.

لە ئامارێکی ساڵی ١٩٦٦ ی کۆمپانیای نەوتی عێراقدا هاتووە کەلە نێوان ساڵانی ١٩٦٠-١٩٦٦ ژمارەی بیانی زۆر کەم بۆتەوەو ژمارەی عێراقی بەرزبۆتەوە تا وای لێهات لە کۆی ٦٢٧٧ کرێکارو ئەندازیارو

فەرمانبـەر تـەنها ٤٤ بیـانی تێـدا مـابووەوە. لـە ئامـارێکی تـری سـاڵی (١٩٧٥) یشدا ژمارەی کارمەندان بەم چەشـنە هـاتووە ٧٤٩٤ کارمەنـد لـە نێوانیانـدا ٧٠٦٨ کرێکـار، ٣٠٠ ئەنـدازیار، ١٢٦ فەرمانبـەر، لـەم سـاڵەدا ئەندازیاری بیانی نەمابوون.

لە ڕۆژی پێش رووخانی بـەعس لـە نیـسانی ٢٠٠٣ دا لـە کـۆی ٩٨٣٩ کرێکارو فەرمانبەر ٩٦ کوردی تێـدامابوو رێژەکـەش بـەم چەشـنەبوو:- عەرەب ٧٣٪، تورکمان ١٩٪، مەسیحی ٦٪، کورد١٪.

دوای ڕووخـانی بـەعس لـە ٩نیـسانی سـاڵی ٢٠٠٣ دامەزرانـدن لـەو کۆمپانیایە زیاتر لە رێگەی حزبەکانـەوە ئـەنجام دەدرا، لێـرە نـاتوانین رۆڵی مەڵبەندی دووی کەرکوکی (ی.ن.ك) باس نەکەین کـە بـە راسـتی هـەر لـە سـەرەتاوە کادرەکـانی بێپـسانەوە کاریـان دەکـرد و روویـان لـە هەموو لایەك دەکرد تا یەکێك دابمـەزرێنن یـان کەسـێکی فەسـڵ کـراو بگەڕێننەوە. سەدان کەس کە شـوێنی دەوامیـان دوور لـە کـەرکوك بـوو لە بێجی وبەغدا وشوێنەکانی تـر گەڕانیانـەوە بـۆ کـەرکوك. لەلایـەکی تریشەوە هەوڵی دامەزراندن بە لیست یان بە تـاك هـەر بـەردەوام بـوو بەڵام گەورەترین لیست ئەو لیستە بوو کە لە سـەرەتای مـانگی ئـازاری ٢٠٠٥ دامـەزران کـە لـە ١٨٠ دەرچـووی کـولێج و پـەیمانگا پێکهـاتبوون، بەڵام بەداخەوە لـەم ژمارەیـە ٥٠ کەسـیان دامەزرانـدنیان رەت کـردەوە

سەرەڕای ئەوەی چەندین جار لە ڕێگەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە بانگەوازیان بۆ کرا.

لەلایەکی تریشەوە وەزارەتی نەوت بە ئارەزووی خۆی لیستی ناوی عەرەبی بۆ دامەزراندن رەوانەی کەرکوك دەکرد و پارێزگاریش ڕەتی دەکردەوە لەبەر ئەوەی خەڵکی کەرکوك نەبوون، بەڵام دواتر وەزارەت ڕێگەی لە پارێزگار گرت کە چیتر دەست نەخاتە کاروباری وەزارەتە سیادییەکانەوە.

ساڵ لە دوای ساڵ دامەزراندن ئەستەم تر ئەبوو، دامەزراندن بە تاك تاك یان مەرکەزی ئەنجام دەدرا.

لە ساڵی ٢٠٠٧ کۆمپانیای نەوتی باکوور بڕیاری دامەزراندنی کارمەندی کاتی (وقتی) دەرکرد واتە بە ڕۆژانە ئەوە بوو تا ٢٠١٠/١/١ زیاتر لە ٤٠٠٠ کرێکار وفەرمانبەر وکارمەندی کاتی دامەزران، مووچەشیان ڕۆژانە بوو دەرچووی کۆلێج ١٢ هەزار دینار، دەرچووی پەیمانگاو ئامادەیی ١٠ هەزار دینار، ناوەندی بەخوارەوە ٧,٥٠٠ دینار، دوای چەند ساڵێك ئەم ڕۆژانەیە دوو قات کرا. ئەم کارمەندە کاتی یانە تێکەڵاوبوون لە نەتەوەکان و ژمارەیان دەگەیشتنە (٤١٥٠) کارمەند کە تەنها (٢٧٥) یان لە نەتەوەی کورد بوون.

بەڕێوبەری گشتی لە ڕێگەی وەزارەتی نەوتەوە هەوڵی چەسپاندنی ئەم کارمەندە کاتییانەی دا سەرەتا لە ئازاری ٢٠١١ بە فەرمانێکی ئیداری ٥٥٧ یان لێ جێگیرکردن کە تەنها ٦٥ کەسیان کوردبوون.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ساڵانی پەنجاکان ئەوکاتەی هێشتا دەسەلاتی بەعس دوور بوو لەنەوت ژمارەی کارمەندەکان خۆیان لە سەرووی دوو هەزار کەس دەدا کە ڕێژەی نەتەوەکان بەم چەشنەبوون (ئەم ئامارەی کۆمپانیای نەوتی عێراق تەنها ئەوانە دەگرێتەوە کە لە ناو کەرکوکدا بوون نەك ئەوانەی دەرەوە)

کورد ٣٨٪، مەسیحی ٤٠٪، تورکمان١٦٪، عەرەب ١٪

ئەمرۆش کەنیسانی ساڵی (٢٠١١) یە دوای ئەو هەوڵانەی حیزبە کوردی یەکان و سەرکردایەتی کورد بارودۆخی کۆمپانیای نەوتی باکوور لە ڕووی دابەش بوونی نەتەوایەتیەوە بەم چەشنەیە:

| ناوی دەستە (هیئە) | ژمارەی عەرەب | ژمارەی تورکمان | ژمارەی کورد | ژمارەی مەسیحی | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| کارگێری (اداریە) | ٣٥٢ | ١٤٥ | ٤٧ | ٣٣ | ٥٧٧ |
| نەخشە کێشان | ٧٢ | ٥٤ | ١٢ | ١٥ | ١٥٣ |
| کێڵگەکان | ٣٩٣ | ٢٧٥ | ١٢٥ | ٤٠ | ٨٣٣ |
| پزیشکی | ١٨٧ | ٨٤ | ٤٥ | ٢٠ | ٣٣٦ |
| عەمەلیات | ٢٦٤٢ | ٤٩٤ | ١٨٤ | ٧٠ | ٣٣٩٠ |
| دارایی | ٩٧ | ٤٩ | ١٠ | ٢ | ١٥٨ |
| پرۆژەکان | ١٧٣ | ١٥٦ | ٥٣ | ١٦ | ٣٩٨ |
| ئەندازیاری | ١٤٧٥ | ٩١٦ | ١٦٤ | ٩٦ | ٢٦٥١ |
| خزمەتگوزارییەکان | ٨٠٥ | ٣٧٦ | ٦٩ | ٣٤ | ١٢٨٤ |
| بەشەکانی سەر بە بەڕێوبەری گشتی | ١٨٣ | ٩٧ | ٣٢ | ٣٢ | ٣٤٤ |
| سەرجەم | ٦٣٧٩ | ٢٦٤٦ | ٧٤١ | ٣٥٨ | ١٠١٢٤ |
| ڕیژە | ٪٦٣ | ٪٢٦ | ٪٧ | ٪٤ | |

**تێبینی: ٦٥ کارمەندی تێدایە لە نەتەوەو ئایینەکانی تر**

**خشتەی ژمارە (٣) ڕێژەی نەتەوەکان لە ئێستادا روون دەکاتەوە**

## کاریگەری نەوت لەسەر دیموگرافیای کەرکوك

لێرەدا نامەوێت باسی ئەو سەدان هەزار عەرەبە بکەم کە بە مەبەستی سیاسی لە سەردەمی حوکمی کۆماری عێراقدا بەتایبەت سەردەمی بەعس هاوردەی کەرکوك کراون ونیشتەجێکراون، هەموو ئیمتیازێکیان دراوەتێ، بەڵکو ئەمەوێ لە ڕێگەی نووسراوەکانی ئەو سەردەمەوە باس لەسەردەمی حوکمی پاشایاتی بکەم کە نەوت چ کاریگەرییەکی لەسەر ژمارەی دانیشتوان بەجێهشتووە.

لەساڵی ١٩١٩ ئەو کاتەی هێشتا هیچ بیرەنەوتێك لە کەرکوك هەڵنەکەنرا بوو هیچ دامەزراوەیەکی نەوتی لە ئارادانەبوو ژمارەی دانیشتوانی سەنتەری شارەکە یان بڵێین قەزای کەرکوك ٢٠ هەزار کەس بوو. لەساڵی ١٩٢٧ ئەوکاتەی یەکەم بیری نەوت هەڵکەنراو دەستکرا بە بەکرێگرتنی کرێکار چ لەناوەوەی کەرکوك وچ لەدەرەوە ژمارەی دانیشتوانی سەنتەری شار بەرزبووەوە بۆ ٣٥ هەزار کەس. لەساڵی ١٩٣١ ئەو ساڵەی بەفەرمی بەڕێوبەرایەتی کۆمپانیای نەوتی عێراق (IPC) لەگەرەکی عەرەفەی شاری کەرکوك دامەزرا، بەو هۆیەوە چەندین فەرمانبەرو کرێکار دامەزرێنران، سنوری کارکردن لە کۆمپانیای نەوتی عێراق زۆر بەرفراوان بوو هەموو عێراقی دەگرتەوە تەنها شاری بەسرە نەبێت.



بەڕێوبەرایەتی کۆمپانیا لە ساڵی ١٩٥٩



بەڕێوبەرایەتی کۆمپانیا ساڵی ١٩٣٠

هـەروەها لەبـەر ئـەوەی پرۆسـەی گـەڕان وهەڵکەنـدن و بەرهـەم هێنانو هەناردەکردن پرۆسەیەکی زۆر فراوانەو ژمارەیەکی زۆر شـارو شارۆچکەی عێراقی دەگرتەوە بۆ نموونە لەهەناردەکردنی نەوتدا.

لوولـە نـەوتی یـەکان لـە کەرکوکـەوە دەردەچێت تـا سـەر سـنوری سـوریا لـەو نێوانـەش چـەند ویـستگەیەکی پاڵنـان ( PUMPING STATION) دامـەزراوە و چـەندین کارمەنـد تێیـدا کاردەکـەن کـە کۆمپانیاکــە وای بــەلاوە بــاش بــوو خــەڵکی ناوچــەکەبن. ئــەم کارمەندانــەش چــەندین جــار وای پێویــست دەکــرد بــۆ کــەرکوك بگوێزرێنەوە یان خۆیان داوایان دەکرد کەئەمـەش سـەرەنجام کـاری لـە ژمارەی دانیشتوانی کەرکوك دەکرد. بەحوکمی ئەوەی پرۆسەکە زیـاتر ئینگلیزەکـان خۆیـان سەرپەرشـتی یـان دەکـرد چونکە کـادری عێراقـی نەگەیـشتبووە ئـەو ئاسـتە لـە زانـستی نـەوت کـە ئـەرکێکی وەهـا لـە ئەسـتۆبگرن، لەبـەر ئـەم هۆیـە ژمارەیـەکی زۆر ئەنـدازیارو کرێکـاری بیـانی یـان بەخێزانـەوە لەگـەڵ خۆیـان دەهێنـا چـەندین سـاڵ لـە کەرکوك دەمانەوە. لە ساڵی ١٩٣٥ ژمـارەی بیانییـەکان لەسـەنتەری شـار چ ئەوانـەی بەمەبەسـتی گەشـت وگـوزار یـان کـارکردن یـان پاراسـتنی دامودەزگا نەوتیەکان هاتبوون گەیشتە چەندین هەزار بیانی.

لەسـاڵی ١٩٥١ لـەکاتی راکێـشانی هێڵـی نـەوتی عێـراق - سـوریا و تێپەربوونی بەناوچەکانی بێجی وفەتحە و قائم وگونـدەکانی سـنوری

سوريا، ئینگلیزەکان پەنایان بۆ دەستی کرێکاری ئەو دەڤەرانە برد و لە کۆمپانیای نەوتی عێراق دایانمەزراندن. لەم ساڵەدا ژمارەی دانیشتوانی سەنتەری شارگەیشتە ٩٢٤٤٤ کەس.

لەساڵانی چلەکانی سەدەی رابردوودا بەهۆی بوونی کێشەی کشتوکاڵی لە نێوان عەشیرەتەکان لەباشووری عێراق بەتایبەت شاری عەمارە، حکومەت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان هەڵسا بە گواستنەوەی بەشێك لەو خێزانانە بۆ شاری کەرکوك. پسپۆرێکی ئەو سەردەمە لەو بارەیەوە دەڵێت (بەشێکی گەورەی کەرکوك نیمچە ووشکایی یە بەتایبەت بەشی باشووری بەلأم بوونی کۆمپانیای نەوتی عێراق وبیرە زۆرەکانی رێژەی دانیشتوانەکەی بەرزکردۆتەوە). بەپێی ئاماری فەرمی ساڵی ١٩٤٧ ژمارەی دانیشتوانی سەنتەری شاری کەرکوك (٦٧٧٥٦) کەس بووە، ژمارەی ئەوانەی لەدایك بووی کەرکوکن ٤٩٤٤١ کەسن ئەوانی تر کە دەکەنە ١٨٣١٥ کەس لەدایك بووی شارەکانی موسڵو بەغداو کەربەلاو دیوانیەو چەند شارێکی تری باشووری عێراقن. لە ئاماری ساڵی ١٩٥٧ ژمارەی دانیشتوانی سەنتەری شار گەیشتە ١٥٣١٧٣ کەس.

لەم چەند رستەیەی سەرەوە دەگەینە ئەو راستیەی بوونی نەوت لە کەرکوك سەرەکی ترین فاکتەر بوو بۆ زۆر بوونی ژمارەی عەرەب لە شارەکە هەر چەندە ئەگەر مەبەستەکە تەعریبیش نەبوبێت.

گومــانی تێدانیــە تــا شۆڕشــی ١٤ی تــەمموزی ١٩٥٨ بەرنامەیــەکی بەرفراوان و ستراتیجی نەبووە بۆ تەعریبی کەرکوك بەڵام لەدوای ئەو مێــژووەوە بەتایبــەت دوای هاتنی بەعــسییەکان لەســاڵی ١٩٦٣ تــەعریب کرا بە بەرنامە.

## پێكهاتەی كارگێری كۆمپانیای نەوتی باكوور

هەموو دامەزراوەیەك كە لەسەرەتا دادەمەزرێ شتێكی زۆر ئاساییە كە لەو پەڕی سادەیی دا بێت بەلآم لەگەڵ رۆژگاردا وپێشكەوتنی دامەزراوەكە و زیاد بوونی كارەكانی و زۆربوونی ژمارەی كارمەندەكانی ئەوا ژمارەی بەشەكانیشی زیاد دەكات، كات لەدوای كات بەشی تازەی تێدا دەكرێتەوە.

كۆمپانیای نەوت لەسەردەمی ئینگلیزەكاندا بەو شێوەیە فراوانە نەبوو كە ئێستا هەیە.

كۆمپانیای نەوتی باكوور بەگوێرەی نوێترین هەیكەلی كارگێری لە ١٠ دەستە (هیئە) پێك هاتووە هەر یەكەیان ژمارەیەك بەش (قسم) یان تێدایە كە كۆی دەكاتە ٤٧ بەش.

دابەشبوونی نەتەوەیی دەستەو بەشەكان بەم شێوەیەن :

دەستە(هیئە)كان : ١٠ دەستە

كورد : ٤

عەرەب : ٤

توركمان : ٢

بەشەكان (الاقسام): ٤٧ بەش

كورد : ٧

عەرەب : ١٨

تورکمان : ١٩

مەسیحی: ٤

لە کۆی ١٨٦ هۆبە (شعبە ) تەنها ( ٧ ) ی کوردە.

لەپێش خۆماڵی کردنی نەوت بەڕێوبەری گشتی کۆمپانیاکە هەردەم ئینگلیزبووە، بەلاّم بەپێی ڕێکەوتنامەکانی نێوان کۆمپانیاکەو حکومەتی عێراق هەمیشە یەك یا دوو عێراقی شان بەشانی ئەو بەڕێوبەرە کاریان دەکردو دەسەلاّتی باشیشیان هەبووە.



مستەر تود لە ساڵی( ١٩٣٣ )ەوە لەوکۆمپانیایە کاری کردووەو پلە و شوێنی جیاجیای بینیوە تا لە ساڵی ١٩٦١ کراوە بە بەڕێوبەری گشتی

لەو سەردەمەدا بەڕێوبەرەکان لەسەر بناغەی توانـاو لێهاتوویی ڕەوانەی عێراق دەکران ئەمانە شارەزای تەواوی ناوچەکە بوونو لەبوارەکەی خۆیاندا زۆر پسپۆربوون وەك مستەرتود کە لەساڵی ١٩٦١ کراوە بە بەڕێوبەری کۆمپانیای نەوتی عێراق و پێشتر ماوەی ٢٨ ساڵ لەو کۆمپانیایە کاری کردبوو.



**مستەر برکس لە ساڵی ( ١٩٣٣ )ەوە لەبواری نەوت کاری کردووە،**
**لەساڵی ١٩٥٩ بووە بە بەڕێوبەری گشتی**

مستەر (بریکس) یش یەکێکی ترە لەو کەسانەی ماوەیەکی دورودرێژ لەو کۆمپانیایە کاری کردووە، هەر لەساڵی( ١٩٣٣) ەوە رەوانەی عێراق کراوە و زۆربەی بەشەکانی کۆمپانیاکەی بینیوە تا لە ساڵی ١٩٥٩ گەیشتوەتە پۆستی بەڕێوبەری گشتی کۆمپانیاکە.

یەکێکی تر لەبەڕێوبەرەکان ناوی مستەر( تیسۆ) بوو کە شوێنێکی بۆ حەوانەی خۆی دروست کردو پاش رۆیشتنیشی ئەو شوێنە هەر بەناوی ئەوەوە ناسرا.

دوا بەڕێوەبەری ئینگلیزیش مستەر (گلن) بوو، کە لەسەرەتادا جێگر بوو پاشان بوو بە بەرێوەبەر وتا خۆماڵیکردنی نەوت مایەوە.

حکومەتی بەعس لەساڵی (١٩٧٢ )ەوە تاروخانی لە نیسانی ٢٠٠٣ ئەو بەرێوبەرانەی دایدەمەزراندن هەموو عەرەبی بەعسی بوونو تواناو شارەزاییو لێهاتوویی رۆڵی نەمابوو، تاقە پێوەر وابەستەییو مل کەچ کردنو بەعسی بوون بوو، لەماوەی ئەو ٣١ ساڵەدا تاقە بەرێوبەرێکی غەیرە عەرەبی دانەنا، ئەمەش ناوی هەمو ئەو بەرێوبەرانەیە کە لەنێوان ساڵانی ١٩٧٢-٢٠٠٣ حوکمی کۆمپانیای نەوتی باکووریان کردووە : -

غانم عبدالجلیل (لە هەوڵە ئینقلابیەکەی ساڵی ١٩٧٩ لەسێدارە درا) عبدالستار الراوی، اسماعیل النجار، ماجد الحمدانی (برای عدنان حمدانی بوو دوای لەسێدارەدانی ئەویشیان دەرکرد)،

هاشم الخرسانی، دکتۆر سامی شریف، غازی صابر علی، طلال عاشور کنعان، رافد عبدالحکیم، علی حمید.

بەهاتنی پرۆسەی ئازادی وڕووخانی بەعس بەڕێوبەری گشتی کۆمپانیاکە هەڵات، بە هەماهەنگی نێوان سوپای ئەمەریکاو دەسەڵاتدارانی کورد لەو کاتەدا کە فەرەیدون عبدالقادر ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان نوێنەرایەتی دەکرد عەرەبێکی بێلایەنیان بەناوی (عادل قەزاز ) کرد بە بەڕێوبەری کۆمپانیاکە.



**عادل قەزاز ( عەرەبی سونەیە ) لەدوای پروسەی ئازادی بوو بە بەڕێوەبەری گشتی**

عادل قەزاز لە ساڵی ٢٠٠٦ لـە ڕووداوێکـی تـەم و مژاویـدا لەوکاتـەی بەمەبەستی کۆبوونەوە سـەردانی وەزارەتـی نـەوتی کردبـوو ڕفێنـرا تـا ئەم ساتەش هیچ شوێنەوارێکی نیـە. پاشـان شـێخ مـەناع عوبێـدی کـە ئەنـدازیارێکی عـەرەبی سـوننەی کـەرکوکی یـە وخـەڵکی ناوچـەی حەویجەیە ساڵانێکی زۆرە لەو کۆمپانیایە کاردەکات کرا بە بەڕێوبەری گشتی کۆمپانیاکە.



**شێخ مەناع عوبەیدی**

هەر لەو ماوەیەدا لە ڕێگەی هەوڵ و کۆششی مەڵبەندی کەرکوکی (ی.ن.ك) کارمەندێکی کوردیان بەناوی سەفا عبدالرحمن کرد بە یاریدەدەری بەڕێوبەری گشتی. ناوبراو فەرمانبەرێکی کۆنی نەوتەو شارەزابوو لە زۆر لایەنی کۆمپانیاکە. شیخ مەناع بە حوکمی ئەوەی کابرایەکی نەخۆشی بە تەمەن بوو بۆیە زۆربەی کارو دەسەڵاتەکانی دابووە دەست یاریدەدەرەکەیەوە.



سەفا عەبدولرەحمان

لە ٢٠١٠/١/١ شێخ مەناع عوبێدی خانەنشین کرا وئەندازیارێکی تری کۆمپانیاکە بەناوی حمید الساعدی کرا بە بەڕێوبەری گشتی. ناوبراو کابرایەکی شیعەی خەڵکی حلەیەو نزیکەی ٤٠ ساڵە نیشتەجێ کەرکوکە. ساعدی زۆری حەز بەجێ بەجێکردنی لێوان لێوی یاساو ڕێنمایی یەکان دەکرد، کەسێکی پاك بوو گەندەڵ و کۆنە بەعسی نەبوو بەڵام لەگەڵ ئەمانەدا لەکەڵ کورد پەیوەندی یەکانی سارد بوو بەتەنگ ئەو زوڵم و جەورەوە نەئەهات کەلە بەرامبەر کورد کراوە.



**حەمید ساعدی بەڕێوبەری ئێستای کۆمپانیای نەوت**

هۆبـــەی ڕاگەیانـــدن لـــە کۆمپانیـــای نـــەوت بەشـــێکی گرنگـــی کۆمپانیاکەیەو ڕاستەوخۆ پەیوەندی بـە بەڕێوبـەری گشتییەوە هەیـە لە دوای پڕۆسەی ئـازادی یـەوە تـا سـاڵی ٢٠١١ بەدەسـتی فەرمانبـەرێکی عەرەبـەوە بـوو، لـەو مێـژووە بـەدواوە کەوتـە دەسـت فەرمانبـەرێکی کورد.

هۆبـەی ڕاگەیانـدن لـە دوای پڕۆسـەی ئـازادی گۆڤارێکیـان بـەناوی (باباگرگر)بە دیزاینێکی زۆر نارێك وناپوختـەوە دەردەکـرد ونزیکـەی ١٠ ژمارەیان لێ بلاٌوکردەوە بەڵام دواتر وەستا.




**گۆڤاری بابا گوڕگوڕ**

سەبارەت بەناوەجیاجیاکانی کۆمپانیاکە دەڵێین لەسەرەتادا و پێش هەڵکەندنی یەکەم بیری نەوت ناوی (کۆمپانیای نەوتی تورکی )بوو، پاشان له ساڵی ١٩٢٨ دوای لێبوونەوە لە هەڵکەندنی یەکەم بیری نەوت ناوی گورا بۆ (کۆمپانیای نەوتی عێراق IPC)

دوای خۆماڵی کردنی نەوت ناوی گۆڕا بۆ (الشركة العراقية للعمليات النفطية I.C.O.O ). دواتر دوای فراوان بوونی کارەکانی لەساڵی (١٩٧٩) ناوی کرا بە (المؤسسة العامة لنفط الشمال N.P.C )

پاش چەند ساڵێکی تر لە ١٩٨٧ (نەوتی ناوەڕاست – نفط الوسط)یشی خرایە سەرو بوو بە (شركة نفط الشمال N.O.C ) تا ئێستاش هەر بەو ناوەوە ماوەتەوە.

حاڵی حازر قەڵەمڕەوی کۆمپانیاکە لەسنووری تورکیاوە لەباکوور تا هێڵی پانی ٣٢,٥ لە باشوور درێژە دەکێشێ، لەرۆژهەڵاتیشەوە لە سنووری ئێرانەوە تا سنووری سوریا لەرۆژئاوا، ئەم پارێزگایانەش دەکەونە چوارچێوەیەوە کەرکوك، موسڵ، سەلاحەدین، هەولێر، دهۆك، سلێمانی، بەغدا، ئەنبار، دیالە، کوت، چەند شوێنێکیش لەپارێزگای بابل.

بەم چەشنە خاکی عێراق دابەشی سەردوو کۆمپانیا کرا کۆمپانیای نەوتی باکوور وکۆمپانیای نەوتی باشوور.

ئەوەی ماوەتەوە لێرەدا باسی بکەین وەزارەتی نەوتە کە پێش ساڵی ١٩٥٩ وەکو وەزارەت بوونی نەبووە بەڵکو بەڕێوبەرایەتی یەك بووە سەربە وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە بەناوی بەڕێوبەرایەتی کاروباری نەوت، عبدالعزیز الوتاری یەکێك بوو لەوەزیرە سەرەتاییەکانی نەوت، وەزیرەکان بەردەوام سەردانی کەرکوکیان دەکردو کۆمپانیاکەیان بەسەر دەکردەوە وەك لە ٢٣ی ئەیلولی ١٩٦٢ محمد سلمان وەزیری نەوت بەسەردانێکی کورت گەیشتە فرۆکەخانەی کەیوان کە هەریەك لە بریکاری فەرماندەی تیپی / ٢، موتەسەڕیفی کەرکوك، بەرێوبەری پۆلیس‌و بەڕێوبەری گشتی کۆمپانیاکە لەگەڵ ژمارەیەك گەورە کاربەدەست لەپێشوازیدا بوون.



**سەردانی وەزیری نەوت بۆکۆمپانیای نەوتی عێراق**
**ساڵی ١٩٦٢**

هەندێ جار سەرکردەی وڵاتانیش سەردانی کۆمپانیای نەوتیان دەکرد وەك لە ٢٦ی ئازاری ١٩٦٢ کەمیل شەمعونی سەرۆکی لوبنانی سەردانی دامەزراوەکانی کۆمپانیاکەی کرد وبەشە جیاجیاکانی بەسەرکردەوە پاشان سەردانی ناوشاری کەرکوکی کرد ولەلایەن خەڵكو قوتابیانو کاسبکارانەوە پێشوازی لێکراو لەوێدا (٢٥٠)دیناری بەسەر هەژارانی شارەکە دابەش کرد.

باڵیۆزی وڵاتانیش بێ پسانەوە بۆ بەئاگا بوون لەئیش وکارەکان سەردانی کۆمپانیاکەیان کردووە، لەتشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٥٥ باڵیۆزی فەرەنسا سەردانی کۆمپانیای نەوتی عێراقی کرد لەهەمان کاتدا مستەر د.ج. هۆبر باڵیۆزی بەریتانیا بە سەردانێك گەیشتە کۆمپانیاکە.

لە ١ ی ئەیلولی ساڵی ٢٠١٠ لەسەر بڕیارێکی وەزارەتی نەوت کۆمپانیای نەوتی ناوەڕاست دامەزراو بارەگاکەی لە (راشدیە) بوو، ئەوەش لەسەر ئەو بناغەیەی هەر شارێك بتوانێت ١٠٠ هەزار بەرمیل نەوت بەسەرەوە لە ڕۆژێکدا بەرهەم بهێنێ بۆی هەیە کۆمپانیای نەوت لە شارەکەیدا دابمەزرێنێ. بەوپێ یە نزیکەی ١٧ کێڵگە ی نەوتی بە خۆی و کارمەندەکانیەوە لە کۆمپانیای نەوتی باکوور دابڕێنران کەگێڵگەی نەفتخانە یەکێك بوو لەوانە.

لە سەردەمی ئینگلیزەکاندا تەواوی پرۆسەی بەرهەمهێنانی نەوت هەر لە هەڵکەندنەوە تاجیاکردنەوەی بەروبومەکانی هەر لەلایەن کۆمپانیای نەوتی عێراقەوە ئەنجام دەدرا، بەڵام دوای ئەوەی نەوت کەوتە ژێر دەستی حکومەتی عێراقەوە کۆمەڵێك لقی لێبوەوە، وا لێرەدا یەك لەدوای یەك باسیان دەکەین :-

## کۆمپانیای گازی باکوور

یەکێك لە کۆمپانیا گرنگەکانی سەربە وەزارەتی نەوتی عێراقە و ئەرکی بەرهەم هێنانی گازی کارگەو ماڵانە.

لە ساڵی ١٩٥٤ بۆ یەکەم جار بیر لەوە کرایەوە سوود لەو گازە وەربگیرێ کە شان بە شانی نەوت لە بیرەکاندا دێتە دەرەوە. بۆ ئەم مەبەستە لە ساڵی ١٩٦٦ کارگەیەکیان لە کەرکوك کردەوە بەناوی (کارگەی گۆگرد – معمل کبریت) کە دەکەوێتە سەر رێگەی کەرکوك – دوبز لە توانایدا بوو رۆژانە ٨٣ ملیۆن پێ سێجا غاز پاك بکاتەوە. لە ساڵی ١٩٨٠ کۆمپانیای غازی باکوور دروست کرا و لە ساڵی ١٩٨٣ کەوتە کارو جێگەی کارگەی گۆگردی گرتەوە.

ئەم کارگەیە لە ١٧ بەش پێك هاتووە هەر بەشێکیش لە چەند (هۆبە)یەك.

ئەو ماددانەی ئەم کارگەیە بەرهەمی دەهێنێ بریتین لە :

١-گۆگرد ئەویش بە گۆڕینی غازی $H_2S$ بۆ گۆگرد، توانای کۆمپانیاکە رۆژانە ١٥٠٠ تەنە بەڵام بەرهەمی ناگاتە ئەو ژمارەیە.

٢- گازی پرۆپان وبیوتان کە بە تێکەڵ کردنیان گازی ماڵان دروست دەبێت.

٣- گازی (میسان و ئیسان) بۆ بەگەڕخستنی کارگە و ویستگەکانی کارەبا بە کاردێن.

لــەم كارگەيــــەدا ٢١٥٠ كارمەنـــدى هەميـــشەيى هەيـــە و ٥٠ - ٦٠ كارمەندى كاتى.

ڕێژەى دابەش بوونى نەتەوەيى لەم كۆمپانيايە بەم چەشنەيە :-

عەرەب ٢٩٪، كورد ٢٠٪، توركمان ٤٨٪، مەسيحى٣٪

يەكــەم بەڕێوبــەرى كارگەكــە (حــسين الحــديثي ) بــوو، ئــەو بەڕێوبەرانەش كە لە دواى هاتوون هەمويان عەرەب بوون.

بەڕێوبـەرى ئێـستاى كۆمپانياكـە ئەنـدازيار هونـەر نەجيبـە كـە لـە نەتەوەى كوردە.

# پاڵاوگەی نەوتی کەرکوك

پاڵاوگە لە سنووری کوردستان بۆ یەکەم جار لە خانەقین دانرا ئەویش پاڵاوگەی ئەڵوەند بوو لە ساڵی ١٩٢٥ بەلاّم ئەم پاڵاوگەیە بەهۆی شەڕی عێراق و ئێرانەوە نەماو لە ناو چوو، لەئێستادا داوایەك لە خەڵکی سنوورەکەوە بەرز کراوەتەوە بۆ سەر لە نوێی دامەزراندنەوەی ئەو پاڵاوگەیە.

سەبارەت بە کەرکوکیش لە سەرەتادا پاڵاوگە نەبوو، بۆ دەست هێنانی سووتەمەنی وەك بەنزین و گازو نەوتی سپی متمانە دەکرایە سەر پاڵاوگەکانی تری شارەکانی عێراق وەك (دۆرە) هەروەها بەشی (چرکردنەوە - تەرکیز) لە ناو کۆمپانیای نەوت بڕێکیان لە بەروبومە نەوتیەکان بەرهەم دەهێنا. لە راپۆرتێکی ساڵی ١٩٥١ کۆمپانیاکەدا باس لەو بڕە بەنزین و گازوایل و نەوتە دەکات کە بەرهەمی هێناوە، لە راپۆرتەکەدا هاتووە بری ١٤٦٢٠٠٠ ملیۆن گاڵۆن بەنزین بەرهەم هاتووە، گاز ١٧٢٥٠٠٠ ملیۆن گاڵۆن، نەوتی سپی ٢٢٧٥٠٠٠ ملیۆن گاڵۆن. لە ساڵی ١٩٥٩ لوولەیەکی نەوت لە کەرکوکەوە رووە و پاڵاوگەی دۆرە راکێشرا بە مەبەستی بەرهەمهێنانی بەروبومە نەوتیەکان، لەولاشەوە بەشێك لەو بەروبومانە رەوانەی کەرکوك دەکرانەوە.

دوای فـراوان بـونی شـاری کـەرکوك و زیـاد بـونی داواکـاری لەسـەر بەرهەمـەکانی نـەوت لـە سـاڵی ١٩٧٢ پاڵاوگەیـەك لـە کـەرکوك دامـەزرا کەلـە بنەرەتـدا مـۆدیلی چـلەکان بـوو. ئـەم پاڵاوگەیـە لـە ٣ یەکـە (UNIT) پێکهـاتوە هـەر یەکـەیان ١٠ هـەزار بـەرمیل لـە بەروبومـە نەوتیەکان بەرهەم دەهێنێت کە بریتین لـە نـەوتی سـپی، گـاز، نەفتـە کە مادەیەکی بنەڕەتیە لە بەرهەمهێنانی بەنزین.

ژمارەی کارمەندەکانیان نزیکەی ٣٠٠ کـەس دەبـن کـە رێـژەی کـورد تیایدا ١٥٪ دەبێت.

ئــەم پاڵاوگەیــە لــە رووی ئیدارییــەوە بڕیارەکــانی لــە بێجییــەوە وەردەگرێت کە بەرێوبەرایەتی گشتی پاڵاوگەکانی باکوری لێیە. یەکـەم بەڕێوبــەری ئــەم پاڵاوگەیــە ( محمـد صـادق صـبری) بـوو، لـە دوای ئەویشەوە(٨) بەرێوبەری تر هاتوە کە هەمویان عەرەب بون تـەنها دوا بەڕێوبەریان نـەبێت کە لە نەتـەوەی کوردە بـە نـاوی عومـەر حەمـە سـاڵح کــە لــە ســاڵی ٢٠٠٧ەوە دەســت بــەکاربووە و بەڕێوبــەری پاڵاوگەکەیە.

لـە دوای پرۆسـەی ئازادییـەوە بـە هـۆی دروسـت بـوونی کێـشەی سـوتەمەنییەوە ئیـدارەی کـەرکوك گوشـاری خـستە سـەر بەغـدا بـۆ دامەزراندنی پاڵاوگەیەکی نوێ، ئەوەبوو لە ٢٠٠٧/١/٢٠ وەزارەتی نـەوت رەزامەندی لەسەر دەربری. سەبارەت بە دیاریکردنی شوێنی پاڵاوگەکە

سەرەتا ڕێگەی کەرکوك - هەولێریان دەست نیشان کرد بەلاّم لە وەزارەت بە پیلانێك ئەمەیان ڕەتکردەوە. لیژنەیەکی پسپۆر پێکهێنرا بۆ دیاریکردنی جێگەیەکی تر ئەوەبو ڕێگەی کەرکوك –دوبز نزیك گوندی (قوشقایە) یان دیاری کرد کە ڕوبەرەکەی ٣٢٠٠٠مەتر دوجایە، درێژییەکەی ٢٠٠٠مەترە و پانیەکەشی١٦٠٠ مەترە، نزیکەی ١٥ کیلۆمەتر لە سەنتەری شاری کەرکوکەوە دوورە.

حکومەتی بەغدا هەر ڕۆژە بە بیانویەك دوای دەخات و تەگەرەی دەخاتە ڕێ.

ڕۆژی ٢٠١١/٧/١١ لە کۆبونەوەیەکی فراواندا لە هۆڵی کۆبونەوەکانی پەیمانگای نەوتی کەرکوك بە ئامادەبونی بەڕێوبەری گشتی پالاّوگەکانو ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوكو نوێنەری مەڵبەندی کەرکوك بە تێرو تەسەلی باس لەو پرۆژەیە کراو بڕیاردرا دەست بە دروستکردنی پالاّوگەکە بکرێت کە لە توانایدایە ڕۆژانە١٥٠ هەزار بەرمیل بەروبوومی نەوت بەرهەم بهێنێت و نزیکەی ٣ هەزار ڕۆڵەی شارەکەی تێدا دابمەزرێت.

تائێستاش روون نیە ئایا وەزارەتی نەوت بەڵێنەکەی خۆی جێبەجێدەکات.

## کۆمپانیای هەڵکەندن

ئـەم کۆمپانیایـە تـا سـاڵی ١٩٩٠ بەشـێك بـوو لـە کۆمپانیـای نـەوتی باکوورو ئەرکی هەڵکەنـدنی بـیرە نەوتـەکانی لـە ئەسـتۆ گرتبـوو. ئـەم کۆمپانیایـە لـە سـاڵی ١٩٩٠ دامـەزراوە و بـە شـێوەی خـۆ بەخێوکـەر (تمویـل زاتـی ) کاردەکـات و سـەربە وەزارەتـی نەوتـە. لـە سـاڵی ٢٠٠٩ هەیکەلی ئیداری یەکەی دەستکاری کرا. کۆمپانیاکـە خـاوەنی ٧ تـاوەری هەڵکەنـدنی کـۆن و ٢ تـاوەری ئیتـاڵی نوێیـە.سـنووری کارکردنیـان لـە بەغـداوە تـا زاخۆیـە. رۆژانـەی کـارکردنی تاوەرەکانیـان ٢٤ملیـۆن دینارە.

سە بارەت بە کارمەندەکانیان ژمارەیـان نزیکـەی ١٦٥٠ کـەس دەبێـت ژمارەی کوردیش لە ١١٠ کەس تێپەرنابێت.

## کۆمپانیای دابەشکردنی بەرهەمە نەوتیەکان

پێش ساڵی ١٩٥٩ دابەشکردنی بەرهەمە نەوتیەکانی وەك نەوت، بەنزین، گاز و نەوتی سپی لەلایەن کۆمپانیایەکی سەر بە ئینگلیزەکانەوە ئەنجام دەدرا. لە ١٩٥٩/٣/٤ بۆ یەکەم جار دەزگایەکی حکومی بەناوی (بەرژەوەندی دابەشکردنی بەروبومە نەوتیەکان)ەوە دامەزرا.

لە کەرکوکیش لەساڵی ١٩٦٧ لقێکی تایبەت بە شارەکە کرایەوە و لە ١٩٦٧/٧/١ (سامی عزیز بنی) وەك یەکەم بەڕێوبەر دەست بەکاربوو. لەو کاتەوە تاوەکو پێش روخانی بەعس لە نیسانی ٢٠٠٣ دا یانزە بەڕێوبەری بەخۆوە دیوە کە هیچ کامیان کورد نەبوون بەڵام لە پرۆسەی ئازادی بەدواوە ئەو کۆمپانیایە(٢) بەڕێوبەری کوردی بەخۆوە دیوە بە ناوەکانی (فازیل شەفیق، قادر عومەر، رەحمان).

ژمارەی کارمەندانی ئەم کۆمپانیایە (١٣٠٠ ) کارمەندی هەمیشەیی دەبێت کە ٣٠٪ کوردن، هەروەها ٢٠٠ کارمەندی کاتیشیان هەیە.

ئامانجی سەرەکی ئەم کۆمپانیایە مسۆگەر کردنی بەرهەمە نەوتیەکانە بۆ هاووڵاتیانی شارەکانی کەرکوك‌و سلێمانی‌و هەولێر.

## پاراستنی بۆرییە نەوتیەکان

کۆمپانیای نەوت لە هەموو شوێنێکدا بەحوکمی ئیشەکەیو پەرتو بڵاوی شوێنەکانی کارکردن رووبەرێکی فراوان داگیر دەکاتو دامو دەزگاکانی تێدا دادەمەزرێنێ، کاتێک کۆمپانیای IPC لەکەرکوك دەستی کرد بەدەرهێنانی نەوتو پاشان ناردنە دەرەوەی نەوتەکە رووبەری کارکردنی گەلێك بەرفراوان بوو کە لەبیرە نەوتەکانی کەرکوکەوە تاسنووری سوریا کە لوولە نەوتیەکانی پێدا تێپەردەبێت درێژەی دەکێشا، چەندین شارو شارۆچکەی وەك K1،K2،K3 لەسەردامەزراوە، ئەم سنوورە فراوانەش پێویستی بەپاراستن هەیە نەك لەکاری تیرۆریستی کە ئەوکاتە شتی وەها لەئارادا نەبوو بەڵکو لەدزین وتێك دانی لەلایەن کەسانی نەشارەزا و نەزانەوە، جاپێش ئەوەی بیر لە دامەزراندنی پۆلیسی نەوت بکرێتەوە پاراستنی بیرو لوولە نەوتیەکانیان بەخەڵکی عەشایەری ناوچەکە سپاردو بەقۆنتەرات دەیاندایە سەرەك هۆزەکان، ئەوانیش لە خەڵکی هۆزەکەی خۆیان چەکداریان بۆ بەکرێ دەگرتن. لەسنووری قەزای دوبز ئەو کارە بەشێخ تاهیری قەرەدەرە وکاکە حەمەی شێخ حوسێن سپێردرا، ئەوسا کە بەپاسەوانەکان دەووترا (سەنتەری). لەساڵی ١٩٥٠ بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی نەوت دامەزرا و یەکەم کەس بەڕێوبەری ئەو

پۆستەی وەرگرت محمد على اسعد بوو كە لەدایك بووی ساڵی ١٩٠٠ بوو پاشان فكرەت مستەفا كە لەدایك بووی ١٩١٧ی بەغدا بوو.

ئامانجی ئەم بەڕێوبەرایەتیە پاراستنی كۆمپانیاكە ولوولە نەوتیەكان وڕێگەوبانەكان بوو لەگەڵ بەدوور ڕاگرتنی لەدەستی تێكدان وویران كردن، بۆ ئەم مەبەستە چەند بنكەیەك لەباباو عەرەفەو K3.K2.K1، حەدیسەو زەنبور كرایەوە، پۆلیسی نەوت هەمان ئیمتیازاتی فەرمانبەرانیان هەبوو، مووچەی پۆلیسی نەوت هەمان مووچەی پۆلیسی ناوخۆ بوو بەلاّم دەرماڵەو موكافەئەی فەرمانبەرانی نەوتی هەبوو.

لەسەردەمی بەعس دا پۆلیسی نەوت تەنها بەرپرسی پرسگەكان بوو، بەلاّم پاراستنی دامەزراوەكان خرایە ئەستۆی سوپا.

پۆلیس وعەشایەری سەنتەری لەماوەی نێوان ساڵانی ١٩٢٧ -٢٠٠٣ ئەوەندەیان زیان لێ نەكەوتبوو كەشایانی باس بێت.

بەرووخانی بەعس لە ٩ ی نیسانی ٢٠٠٣ پۆلیسی نەوت وسوپای عێراق هەمووی هەڵوەشایەوە و دامەزراوە ولوولە نەوتیەكان بێ پاسەوان مانەوە، لەمانگی نیسانی ساڵی ٢٠٠٣ دا هێزێكی عەشایەری بە سەرپەرشتی ئەمریكایی یەكان و بەسەرۆكایەتی شێخ محەمەد كەسنەزانی پێك هات بۆ پاراستنی دامەزراوە نەوتی یەكان.

له ٢٠٠٣/٥/٤ گرێبەستێك لەگەڵ کۆمپانیای (KBR) ی ئەمەریکی بەستراو نەوزاد ئەسعەد بەرزنجی کرا بە سەرپەرشتیاری سەربازی هێزەکە کە جێگای ڕەزامەندی هێزی هاوپەیمانان بوو. لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٤ یشدا کۆمپانیایەکی بەریتانی تایبەت بە پاسەوانی بە ناوی (ئێرنس) ئەرکەکەی وەرگرت و تا کۆتایی ئەو ساڵە بەردەوام بوو. لە ٢٠٠٥/١/١ بەبریارێکی (**ثامر غضبان**) ی وەزیری نەوت (بەڕێوبەرایەتی پاراستنی دامەزراوە نەوتی یەکان ) پێك هات کە لە سێ لق پێك هاتبوو (باکوور، ناوەراست، باشوور )، بەرێوبەری گشتیش لە بەغدا بوو. کارکردن لەو بەرێوبەرایەتی یە لە سەرەتا بە گرێبەست بوو پاشان لە ٢٠٠٧/٣/٢٥ فەرمانێك لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەرچوو بە ناردنی ئەم هێزە بۆ سەر میلاکی وەزارەتی ناوخۆی عێراق، ناوەکەشی گۆرا بۆ (پۆلیسی نەوتی باکوور). لە ٢٠٠٨/٢/٢٣ یش بڕیاردرا (٥٥٦٣) پاسەوان بکرێن بە پۆلیسی هەمیشەیی لە سەر میلاکی وەزارەتی ناوخۆ.

سەبارەت بە ئەرکەکانیان دەتوانین بڵێین پۆلیسی نەوتی باکوور ئەرکی پاراستنی( ٩٨ ) پێگەی نەوتی لە سنووری شارەکانی کەرکوكو موسڵو سەلاحەدینوئەنبار لە ئەستۆ گرتوە وێڕای پاراستنی (١٨٠) کیلۆمەتر لە لوولەی نەوتی کەرکوك ئەو بەشەی نێوان موسڵو سنووری تورکیا.

ڕاستی یەك هەیە بە پێویستی ئەزانم بۆ مێژوو باسی بکەم، لوولەی نەوتی کەرکوك - تورکیا ڕۆژانە دووچاری کاری تیرۆریستی ئەبۆوە و دەتەقێنرایەوە بەلاّم دوای ئەوەی لە ٤ ی حوزەیرانی ٢٠٠٧ چوار فەوجی پۆلیسیان دروست کرد بۆ پاراستنی ئەو بۆڕیە ئیتر کاری تیرۆریستی لە ئاست ئەو بۆڕیە نەوتە زۆر کەم بووەوە کە ئەم کارە نە ئەمەریکی یەکان نە حکومەتی عێراق خۆیان لە قەرەی نەدا.

ژمارەی کارمەندانی پۆلیسیش تا نوسینەوەی ئەم چەند دێرە (٧٤٥٠) ئەفسەرو پۆلیسە، ئەفسەرەکان پێکهاتوون لە ئەفسەری گرێبەست وچەسپاو، ژمارەی ئەفسەری چەسپاو ١٤٣ ئەفسەرە.

یەکێك لەو کێشانەی رووبەڕووی بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی باکوور بووەتەوە کێشەی ئەفسەرە گرێبەستەکانە، لەو بەڕێوبەرایەتی یە ٣٤٨ ئەفسەری گرێبەست هەبوو چەندین جار داوایان پێشکەش کردووە بۆ جێگیر کردنیان بەلاّم بێ سوود بووە تا دواجار ٤٥ ئەفسەریان لێ جێگیر کردن و ٣٠٣ ئەفسەریان هەر بە گرێبەست ماونەوتەوە کە سەرجەمیان کوردن.

پۆلیسی نەوت لە ١٤ فەوج پێك هاتووەو دابەش بوون بە سەر کەرکوك، موسڵو بێجی، ٥ فەوجیان لە کەرکوك کاردەکەنو ژمارەیان نزیکەی ٣ هەزار پۆلیس دەبن، دەتوانین بڵێین ٩٠٪ ی پۆلیسەکان لەنەتەوەی کوردن.



**عەمید نەوزاد بەرزنجی یەکەم بەڕێوبەری پۆلیسی نەوت لە دوا ی پرۆسەی ئازادی**

لە دوای پرۆسەی ئازادی یەوە یەکەم بەڕێوبەری پۆلیسی نەوت نەوزاد ئەسعەد بەرزنجی بوو کە لە ٢٠٠٥/٦/٦ دەستی کێشایەوەو گەڕایەوە بۆ ناو هێزی پێشمەرگە. دواتر عەمید سامی ئەمین شوانی دەست بەکار بوو، ئەمیش لە ٢٠٠٩/٩/١٩ بە بڕیارێکی وەزارەت فەرمانی لادانی دەرکرا بێئەوەی هۆیەکەی روون بکرێتەوە ئەمە لە کاتێکدایە لە سەردەمی ئەودا پۆلیس لەوپەڕی دیسپلین(ضبط)دا بوو، لەوەبەدوا لە ٢٠٠٩/٩/٢٩ عەقید عەدنان عیسی فەتاح جێگەی گرتەوەو تا ئێستا بەردەوامە.



عەمید سامی ئەمین شوانی



عەقید عەدنان عیسا فەتاح




**عەقید حەیدەر حەمە یەکێك لە فەرماندەی**
**فەوجەکانی پۆلیسی نەوت**

لەو فەوجانەی لەناو کۆمپانیای نەوتی باکوور ئەرکی پاراستنی فەرمانبەرو دامەزراوە نەوتی یەکانیان گرتووەتە ئەستۆو زۆرترین قورسایی‌و بارگرانیان کەوتوەتە ئەستۆ و نەیان هێشتووە لە سنوری کارکردنیاندا یەك کاری تیرۆریستی روبدات فەوجەکەی عەقید (حەیدەر محەمەد نەجم)ە کەلەسەرەتاوە بەشداری لە پاراستنی کۆمپانیای نەوت کردووە لە (٢٠٠٣/٤/١٥) ە وە تا ئەمرۆ بەردەوام ئەرکەکانی خۆی رادەپەڕێنێ.

پۆلیسی نەوت لە میانی جێبەجێکردنی ئەرکەکانیدا دەیان جار دوو چاری کاری تیرۆرستی بووەتەوە و شەهیدی لە پێناودا بەخشیوە. لە دوای پرۆسەی ئازادی یەوە نزیکەی ( ١٠٠) شەهیدی لە پێناو پاراستنی سامانی ولآتدا بەخشیوە.

گەورەترین کاری تیرۆریستی دژ بەلوولە ودامەزراوە نەوتیەکان ئەنجامدرابێت لەسنووری شاری کەرکوك ئەو ئاگرە بوو کە لە کێلگەی نەوتی (خەباز) بەردرا، لەناوەراستی مانگی تشرینی دووەمی ٢٠٠٤ تیرۆریستان ئاگریان لەپێنج بیرە نەوتی چالگەی خەباز بەردا کە ٣٥کم لەرۆژئاوای شاری کەرکوکەوەیە. تیمەکانی فریاکەوتن لەکۆمپانیای نەوت هیچیان بۆ نەکرا و ئاگرەکەش هەربەردەوام بوو تا لە٢٠٠٤/١٢/٣١ ژمارەیەك شارەزای بیانی لەبواری ئاگر کوژاندنەوە توانیان ئاگرەکە بکوژێننەوە، شارەزاکان بریتی بوون لە کەنەدی وئیسپانی وبەلجیکی، بەپێی ووتەی (ثامر الغضبان)ی وەزیری نەوتی ئەو سەردەمە لەئەنجامی ئەو ئاگر کەوتنەوەیەدا زیانی ٢٠ ملیۆن دۆلار بەئابووری وولآت کەوتووە، پێشتریش لەکۆتایی ساڵی ٢٠٠٣ بیرێکی نەوت لەهەمان کێلگە تەقێنرایەوە دوای ٤٥ رۆژ کوژایەوە، زیانەکەشی ٢,٥ ملیۆن دۆلاربوو.

# کوردو نەوتی کەرکوك

هەڵکەوتنی شوێنی جوگرافی کوردستان لەناو دڵی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا گرنگی وبایەخێکی گەورەی جیۆپۆلەتێکی هەیە، چونکە رۆژهەڵاتی ناوەراست ناوچەیەکی ستراتیژ و دەوڵەمەندی نەوتەو ئەڵقەی پێکەوە بەستنی کیشوەرەکانی ئاسیاو ئەفریقیاو ئەوروپایەو بەدرێژایی مێژووش گۆرەپانی شەڕو ململانێی توندو تیژی نێوان دەوڵەتە زلهێزەکان بووە. نەوتێکی زۆر لەژێر خاکەکەیدایە، کوردستانی کردووەتە مەیدانی ئەو شەڕو ململانێ خوێناویە کە ئەویش کاریگەری خراپی لەسەر کوردستان بەجێهێشتووە وهۆکاری سەرەکی دواکەوتنی بووە لەبوارەکانی سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتیو فەرهەنگیداو رێگری سەرەکی بووە لەبەردەم پێکهێنانی قەوارەیەکی کوردستانیدا.

شاری کەرکوکیش تا ئەوساتەی بۆنی نەوتی تێدا کرا وەك هەر شارێکی تری ئەم عێراقە سەیر دەکرا وهیچ جیاوازییەکی تێدا بەدی نەدەکرا، هیچ هەوڵێکی گۆرینی دیموگرافی شارەکە نەدراوە بە مەبەستێکی سیاسی، بەڵام دوای دۆزینەوەی نەوت تیایدا و دەرك کردن بەوەی نەوت گرنگترین فاکتەری پێشخستنی وڵات و بەگەر خستنی ئابووریەکەیەتی ئەوا ئەوکات مەسەلەکە وەرچەرخانێکی ١٨٠

پلەیی بەسەرداهات وبەچەندین شێوە حیسابی بۆ دەکرا چ لەلایەن حکومەتی مەرکەزی عێراقەوە چ لەلایەن ولاَتانی هەرێمیو ولاَتە زلهێزەکانەوە.

هەر لەو چرکە ساتەوەی نەوت لە باباگوڕگوڕەکەی کەرکوکەوە فیچقەی کرد ئەو نەوتە لەبری ئەوەی ببێتە خێرو بەرەکەت بۆ خەڵکی شارەکە بوو بە زەهرو دەرخواردی خەڵکەکەی درا بەتایبەت دانیشتوانە کوردەکەی، هەر ئەم نەوتە بوو بە سەرەکی ترین هاندەر بۆ بەعەرەب کردنی شارەکە کە لەسەردەمی پاشایەتیەوە دەستی پێکرد. دوای وەستانی شەڕی جیهانی یەکەم ئینگلیزەکان ویستیان سەرنجی کورد بەلای خۆیاندا رابکێشن بۆ ئەم مەبەستەش لە ١٩١٨/١١/١ مێجەر نوئیلی حاکمی سیاسی بەریتانیا گەیشتە لای شێخ مەحمودو بریاریاندا شێخ بکەنە حوکمداری کوردستان وبۆ ماوەیەکیش رێگەیاندا لەناوچەی سلێمانی حوکمڕانی بکات، بەلاَم پاشتر پێکەوە نەگونجان وزنجیرەیەك شەڕ لەنێوان هەردوولادا هەڵگیرسا، دواجار لە١٧ی تەمموزی ١٩٢٤ چرای حکومەتەکەیان کوژاندەوە، هۆی دژایەتیکردنی شێخ مەحمود ورێگەگرتن لە حکومەتەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بەریتانیا لەو سەردەمەدا لەبەرژەوەندیدا نەبووە کە حکومەتێکی سەربەخۆی کوردی دروست ببێت چونکە بەدامەزراندنی ئەو حکومەتە زیانێکی گەورە لەبەرژەوەندیە نەوتیەکانی دەکەوت.

بەریتانیا بۆ گواستنەوەی نەوتی کوردستان بۆ سەردەریا، دەوڵەتی عێراقی عەرەبی دروست کرد تا لەو ڕێگەیەوە نەوتی کوردستان بۆ وڵاتەکەی بگوێزێتەوە، ئەمەش ئەو راستیە دەسەلمێنێ کە نەوت رۆڵێکی خراپی بۆ سەر چارەنووسی سیاسی گەلی کورد هەبووە وڕێگر بووە لەبەردەم دامەزراندنی قەوارەی سیاسی کوردستاندا و هۆی سەرەکی لەناوبردنی حکومەتەکەی شێخ مەحمودیش بووە، بەم جۆرە بەرژەوەندییە نەوتیەکانی وڵاتە زلهێزەکان بوو بە هۆی ئەوەی کە چاو لەماف وداواکارییەکانی گەلی کوردستان بپۆشن وئەوەشی پێشتر لەپەیمانی سیڤەردا سەبارەت بەدامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی بەرجەستە ببوو لەپەیمانی لۆزاندا کرا بەقوربانی بەرژەوەندی نەوتی دەوڵەتە زلهێزەکان وزیندە بەچاڵ کرا و لەسەر داوای بەریتانیا کوردستانی خواروو لە ٥ ی حوزەیرانی ١٩٢٦ بەزۆری زۆرداری و بەبێ رەزامەندی خەڵکەکەی بەتەواوی بەعێراقی عەرەبیەوە لکێنرا و بەرامبەر بەوازهێنانی لەکوردستانی باشوور تورکیا بڕی (٣٠٠) هەزار پاوەنی ئێستەرلینی وەرگرت وبڕیاریش درا کە بۆ ماوەی (٥٠) ساڵ ١٠٪ی پشکی نەوتی ولایەتی موسڵی لەلایەن عێراقەوە بدرێتێ و لەوەش دڵنیاکرایەوە کە دەوڵەتی کوردی دروست ناکرێ.

دروست کردنی دەوڵەتی عێراق لەسەر ئەو بنچینەیەی کە کەمینەی سوننەی عەرەب حوکمی رەهای عێراق بکات وبێبەشکردنی

زۆرینەی خەڵکی کورد و شیعە لەبەشداریکردن لەحوکمدا گەورەترین شوێنەواری خراپی لەسەر ژیانی سیاسی خەڵکی کورد وشیعە بەجێ هێشت بەشێکی زۆری سامانی ئابووری مرۆیی گەلی کوردستان و شیعەکانی بەهەدەرداو گەلانی عێراق رووبەڕووی چەندین کارەساتی ناهەموارکردەوە.

لەسەردەمی ساڵانی سییەکاندا دوای تەواو بەگەڕخستنی دامەزراوە نەوتییەکان ودەست بەکار بوونی کۆمپانیای نەوتی عێراق لە کەرکوك لەرێگەی چەندین بڕوبیانووەوە عەرەب لە باشووری عێراقەوە رەوانەی شاری کەرکوك دەکرا بۆ کارکردن لە کۆمپانیای نەوت بۆ نموونە بەهۆی ئەو کێشە کشتوکاڵییانەی لەباشووری عێراق بەتایبەت شاری عەمارە هەبوو حکومەت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان هەڵسا بەگواستنەوەی خێزانە عەرەبەکان بۆ شارەکانی بەغداو دیوانیەو کەرکوك، ئەو بەشەی بەر کەرکوك کەوت زیاتر لە کۆمپانیای نەوتی کەرکوك دادەمەزرێنران، ئەمە جگە لەو عەرەبانەی بە مەبەستی گەڕان بەدوای کاردا روویان لەکەرکوك دەکرد و لەکۆمپانیای نەوت کاریان دەکرد. سەرەڕای هەموو ئەمانە بەهۆی ئەوەی کۆمپانیاکە بەدەستی ئینگلیزەکانەوە بوو حکومەت بۆی نەبوو کرێکارو فەرمانبەری کورد لە کۆمپانیاکە دەربکات هەرچەندە حکومەتیش لەو

کاتەدا ئەو سیاسەتە توندە شۆڤینییانەشی نەگرتبووە بەر لەسەردەمی کۆماریدا گیرایە بەر

ئینگلیزەکان زیاتر ئارەزووی دامەزراندنی کرێکاری کوردیان دەکرد لەبەر ئەوەی پابەندی ئیشەکانیان بوون بۆیە هەردەم لەو سەردەمەدا ژمارەی کورد لەو کۆمپانیایە لەژمارەی نەتەوەکانی تر زیاتر بوو.

ئاشووریەکانیش بەحوکمی هاوئاییینی یان لەگەڵ ئینگلیزەکان ولێك نزیکی دابونەریتیان زۆرتر لەو کۆمپانیایە وەردەگیران، بەپلەی جیاوازجیاواز دەیان ژنە ئاشوری بەشێوەی کارەکەر لەماڵە ئینگلیزەکان کاریان دەکرد، لە بەر ئەم هۆیە دەبینین ئاشوریەکان بەزۆری لە گەڕەکەکانی عەرەفە و تەپەی مەلا عەبدوڵا و شاترلو کۆببونەوە.

بەگەڕانەوە بۆ ئەرشیفەکانی کۆمپانیای نەوتی عێراق دەردەکەوێت کۆنترین کارمەندی کۆمپانیاکە کابرایەکی کوردە بەناوی (سەمین مستەفا) کە لەسەرەتای ساڵی ١٩٢٦ وەکو کار گوزارێك دامەزراوە پاشان چووەتە بەشی تەرکیز ولەوێ پلەکەی بەرزبووەتەوە.



**کۆنترین کارمەندی کۆمپانیای نەوت ناوی ( سەمین مستەفا )یە لە سەرەتای ساڵی ١٩٢٦ دامەزراوە**

خاڵێکی گرنگ هەیە کە زۆر بە پێویستی ئەزانم باسی بکەم تا خۆمان لەئاست راستیەکان چەواشە نەکەین ئەویش ئەوەیە هەرچەندە کورد ژمارەی لە هەموو نەتەوەکان لەکۆمپانیاکە زیاتر بوو بەلاّم کورد زۆر بەکەمی ئەندازیارو بەرێوبەری بەشو بەشە ئیدارییە بەرزەکانی بەرکەوتووە کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نزمی ئاستی خوێندەواری لەناو کوردا لەوکاتەدا کە کەم کەس هەبوو کوڕەکانیان بنێرنە زانکۆکان وبڕوانامەی بەرز بهێنێتەوە، ئەو کوردەی

لەوێ کاری دەکرد زیاتر کرێکار بوو ئیتر لەو کرێکاریەوە بەرز دەبۆوە بۆ پلە جیاوازەکانی کرێکاری شارەزا وەك فۆرمەن .... هتد.

بەکۆتایی هاتنی سەردەمی پاشایەتی وهاتنی رژێمی کۆماری چەوساندنەوەی کورد بەفیعلی دەستی پێکرد بەتایبەتی دوای بەرپابوونی شۆرشی ئەیلولی ١٩٦١ ئەوسا گرتن وراوەدوونانی کرێکارو فەرمانبەری کورد دەستی پێکرد، رۆژ لەدوای رۆژ ژمارەی کورد روو لەکەمی بوو، گوندی شۆراو کە دەکەوێتە ناوجەرگەی بیرە نەوتەکانەوە زۆربەی زۆری خەڵکەکەی کرێکاری نەوت بوون.

لەساڵی ١٩٦٣ حکومەتی عێراق بەبیانووی پاراستنی دامەزراوە نەوتیەکان لەهێرشی هێزی پێشمەرگەی کورد خەتی کەرکوك دوبزیان لەکورد چۆڵ کردو دەیان گوندیان پێوە تەخت کرد وەك عەمشە، قەرەدەرە، هەنجیرە، چۆبلیجە، کونە کۆتر ... هتد، ئەمە جگە لەو گوندانەی ناو کەرکوك وەك شۆراو وگورگەچاڵ، وێرای ئەمانە عەرەبێکی زۆری ناوچەکانی شەرگات وحەویجە هێنرایە کەرکوکەوە، پاشان ژمارەیەکی زۆر لە هەردوو عەشیرەتی جبور وشەرگات لە کۆمپانیاکە دامەزرێنران، بەڵام هێشتا حکومەت بۆی نەبوو بەو رادەیە دەست لە کاروباری کۆمپانیاکە وەربدات وبەئارەزووی خۆی کرێکار دەربکات یان دابمەزرێنێت.

بارودۆخەکە بەم چەشنە رۆیی بەرێوە تا ئەوکاتەی لە ١٩٧٢/٦/١ نەوتی کەرکوك خۆماڵی کرا، لەوساتە بەدواوە حکومەتی مەرکەزی دەسەلاتی تەواوی بەسەرکۆمپانیاکەدا سەپاند وبڕو بکوژ هەر خۆیان بوون.

هەر لەو مێژووە بەدواوە دروشمی (نەوتی خۆمان بۆ خۆمان – نفطنا لنا )یان بەرزکردەوە، پاش یەك دووساڵێك دروشمەکەی گۆڕی بۆ (نەوتی عەرەب بۆ عەرەب )

لەسەرەتای ساڵی ١٩٧٤ هەموو چەند مانگێکی مابوو ئەو ئاگربەسە چوار ساڵییەی نێوان سەرکردایەتی ئەوسای کورد وحکومەتی عێراق کۆتایی بێت حکومەتی بەعس بڕیارێکی زۆر ترسناکی دەرکرد ئەویش دەرکردنی کرێکارە کوردەکان بوو لەکۆمپانیای نەوت وگواستنەوەیان بۆ پارێزگا جیاوازەکانی عێراق، هەفتەنامەی برایەتی زمان حاڵی پارتی دیموکراتی کوردستان لەژمارە ٢٦ ی رۆژی ١٩٧٤/٢/٧ بابەتێکی لەم بارەیەوە بلاوکردەوە کە ئەمەش دەقەکەیەتی:

(ئەم رۆژنامەیە زانیویەتی کە فەرمانێك لەکاربەدەستانی بەرزی دەوڵەتەوە دەرچووە بۆ گواستنەوەی ١١٨ کرێکاری کورد کە لەکۆمپانیای نەوتی کەرکوك کاردەکەن وبەگوێرەی نووسراوی ژمارە ١ المكتب الخاص أمن ٨/١٢٠/لە ٥ ی شوباتی ١٩٧٤ فەرمانەکە دەرکراوە. لەم فەرمانەدا هاتووە کە بەخێرایی ئەو کرێکارانە بگوێزرێنەوە بۆ

دەرەوەی پارێزگای کەرکوك، زۆر جێگای داخە ئەم هەنگاوە لەکاتێکدا دەنرێ کە گفتوگۆ لەنێوان نوێنەرانی پارتیمانو بزوتنەوەی نیشتیمانی کورد لە لایەك وحیزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستدا دەکرێ بۆ گەیشتنە چارەسەرێکی پەسەند و جێ بەجی کردنی بەندەکانی رێکەوتنەکەی ١١ی مارت وهێنانەدی حوکمی زاتی کوردستان.

ئەم بڕیارە کارێکی زۆردارانەیە دەرهەق ئەو کرێکارە کوردانەی کە چەندەها ساڵە بەئارەق رشتن وخۆماندووکردن خزمەتی کۆمپانیای ناوبراویان کردووە ئێستاش ئەو کۆمپانیایە لە هەموو وەختێك زیاتر پێویستی پێیان هەیە ... ئەم بڕیارە کارێکی زۆر خراپ دەکاتە سەر یەکێتی نیشتیمانی وبرایەتی وجیاوازی کردنێکی ئاشکرایە لەنێوان هاوولاتییەکاندا وئاراستەی هاوولاتییە کوردەکانمان کراوە، بەگەرمییەوە داوا لەکاربەدەستان دەکەین چاوێك بەم بڕیارە بخشێننەوە و بەرژەوەندی گشتی وخواست وئارەزووی کرێکاران کە دەیانەوێت لەشوێنی دانیشتنی خۆیاندا بمێننەوە ... رەچاو بکەن ئەوەی شایانی باسیش بێت چەند برایەکی نیقابی سەرکردەش لەو لیستەیەدا ناوی هاتووە وەك: کاك شکورمەردان جێگری سەرۆکی دەستەی بەڕێوبەری نەقابی نەوت ومعادن.

كاك جهاد ابـراهيم – ئەنـدامی دەسـتەی بەڕێوبـەری نـەقابی، كـاك ئـەنوەر مـیرزا سـكرتێری دەسـتەی بەڕێوبـەر، كـاك نجـم الـدين گلـی – سـكرتێری یـەكێتی نەقابـەكانی كرێكـاران لقـی كـەركوك، وهەنـدێك ئەندامی لیژنە سەرەكیەكانی نەقابە )

دوابەدوای دەرچوونی بڕیارەكە دەستكرا بـە گواسـتنەوەی كرێكاری كـورد هـەر جـارەی ژمارەیـەكیان لـێ دەگواسـتنەوە تـا گەیـشتە مـانگی حوزەیرانی ١٩٧٤ كـە ژمـارەی كرێكاری كورد تـەواو كـەم ببـۆوە، ئەمـە جگە لە بـەردەوام هێنـانی عـەرەب بـۆ ئـەو شـوێنە، سـاڵانی هەشـتاكان سـاڵانی تـەعريبی كـەركوك بـوو بەچـڕی چـونكە لـەو كاتـەدا عێـراق بەهۆی پشتیوانی جیهانی وعەرەبیەوە خاوەن ئابووریـەكی بـەهێزبوو، بەوهۆیـەوە تـوانی عـەرەبێكی زۆر بهێنێتـە كـەركوكو لـەكۆمپانیای نەوت بەتایبەتی وفەرمانگەكانی تر بەگشتی دایانبمەزرێنێ.



بسم الله الرحمن الرحيم

محافظة دهوك
الادارة المحلية
الادارة والذاتية

العدد / ٢٥٥٦
التاريخ / ٦/٧/٩٧٥

امر اداري ٢٠٥

بناء على ما جاء بكتاب مجلس قيادة الثورة / مكتب امانة السر المرقم م.ق/ ٢٤٥٤/٩/٢٢ في ١٢/٥/٩٧٥ المبلغ الينا بكتاب وزارة الداخلية / مديرية الادارة المحلية العامة / مديرية الادارة والذاتية المرقم ١٠٦٧٥ في ٢٧/٥/٩٧٥ .

تقرر منح اسادة المدرجة اسماؤهم وعناوين وظائفهم ورواتبهم ادناه للعمال المنقولين من الشركة العراقية للعمليات النفطية الى ادارة محافظتنا الزيادات السنوية التي كانوا يستحقونها واعتبارا من التواريخ المؤشرة ازاء اسم كل منهم .

| الاسم | عنوان الوظيفة | الراتب الحالي فلس دينار | تاريخ الاستحقاق | مقدار الزيادة | الراتب الجديد |
|---|---|---|---|---|---|
| ١- حسن احمد صالح | كاتب | ٦٦/٥٠٠ | ٩٧٥/٧/٢٤ | ١/٥٠٠ | ٦٨/٠٠٠ |
| ٢- مدحت صابر ابراهيم | نجار ماهر | ٦٣/٢٥٠ | ٩٧٤/٦/١ | ١/٢٥٠ | ٦٤/٥٠٠ |
| * | | ٦٤/٥٠٠ | ٩٧٥/٦/١ | ١/٢٥٠ | ٦٥/٧٥٠ |
| ٣- حسين علي حسين | كاتب | ٧٤/- | ٩٧٤/١٠/١ | ١/٥٠٠ | ٧٥/٥٠٠ |

يحيى الجاف
محافظ دهوك
رئيس مجلس المحافظة

صورة منه الى /
وزارة الداخلية / مديرية الادارة المحلية العامة / مديرية الادارة والذاتية / كتابكم اعلاه للتفضل بالعلم مع التقدير
الامانة العامة لادارة الشؤون الداخلية لمنطقة الحكم الذاتي / اربيل / للتفضل بالعلم مع التقدير
مديرية خزينة محافظة دهوك
مديرية خزينة الادارة المحلية / لاجراء اللازم
نقابة الخدمات الاجتماعية دهوك
ملاحظ الادارة والذاتية
دائرة تقاعد وضمان دهوك / ٣
الاضبارة الشخصية / ٣

**وێنەی یەکێك لە نوسراوەکانی گواستنەوەی کرێکاران**

دوای داگیرکردنی کویت لەلایەن حکومەتی عێراقەوە پاشان هەڵگیرساندنی شەڕی کەنداو و ڕوودانی ڕاپەڕینەکەی بەهاری ١٩٩١ کەرکوك یەکێك بوولەو شارانەی ئازادکرا، کۆمپانیای نەوتی کەرکوکیش وەك هەرشوێنێکی تر کەوتەبەر شاڵاوی تاڵان وتێك دان،ماڵێکی زۆری عەرەبە هاوردەکان تاڵان کران، زۆربەشیان کۆمپانیای نەوتیان بەجێ هێشت ولەترسی جەماوەری ڕاپەڕیو ڕایان کرد، بەلاَم کەراپەرین خامۆشکراو وجارێکی تر سوپای بەعسی بەڕابەرایەتی عزت الدوری هاتەوە بۆ کەرکوك ئیتر عەرەبە هاوردەکانی کۆمپانیاکەش گەڕانەوە شارەکە وکەوتنە وێزەی گیانی ماڵی بەجێماوی کوردی کەرکوك، ئەوەبوو تالآنێکی گەورەیان لەگەڕەکەکانی دەوروبەری کۆمپانیا ئەنجام دا.

کورد لەماوەی ساڵانی سەردەمی حوکمی بەعسدا هەر لەهەڵپەی ئەوەدا بوون زۆرترین زیان بەکۆمپانیای نەوتی کەرکوك بگەیەنن چونکە ئەو نەوتەیان بەئاوی ئاسیاوی هێزە جەنگییەکەی بەعس دەزانی و بەبڕبڕەی پشتی ئابووری ئەو ڕژێمە چەوسێنەرەیان لەقەڵەم دەدا، کورد بۆجێبەجێ کردنی ئەم خەونانە ڕێگەی دەست وەشاندنو زیانگەیاندن بەدامەزراوە نەوتییەکانیان بەچاك زانی، بەدرێژایی مێژووی کورد چەند جارێك هێزی پێشمەرگە پەلاماری لوولە نەوتییەکانی داوە  وەك ئەوەی لەساڵی ١٩٦٩، ١٩٨٦ ڕوویدا.

لەساڵانی نەوەدەکانی سەدەی رابردوو وپێش رووخانی رژێمی بەعس بەتاك تاکە کورد لە کۆمپانیای نەوتی کەرکوك مابوون کە لەهەموو کۆمپانیاکە نەدەگەیشتە ١٠٠ کەس، بەم دۆخەشەوە لە ٢٠٠٠/٢/٧ (مجلس قيادة الثورة ) لەبڕیارێکیدا کە ئاراستەی کۆمپانیای نەوتی باکوری کردووە دەڵێت (بەڕێوبەری کۆمپانیا دەسەڵاتی ئەوەی هەیە بۆ لەبەرچاوگرتنی حاڵەتی ئەمنی هەر کارمەندێکی غەیرە عەرەب (کورد وتورکمان ) خانەنشین بکات.

وەزع وژیانی کورد لە کۆمپانیای نەوت هەر بەوخراپیە مایەوە تا پرۆسەی ئازادی بەرپاکرا ورژێمی بەعس رووخا، لەوساتە بەدواوە کۆمپانیای نەوت راستەوخۆ کەوتە ژێر رکێفی ئەمەریکیەکان وخۆیان راستەوخۆ دەیان پاراست تا ئەوکاتەی توانرا تەسلیم بەعێراقیەکان بکرێتەوە.

والێرەشدا خشتەیەك دەخەینە روو کە ژمارەی کارمەندانی کۆمپانیای نەوت لەنێوان ساڵانی ١٩٥٨-٢٠٠٥ لەرووی پێك هاتەی نەتەوەییەوە دەردەخات (خشتەکە ئەوانە دەگرێتەوە کە دەوامیان لە ناو کەرکوك بووە).

| سالٌ | عەرەب | کورد | تورکمان | ئاشوری | ئینکلیز | سەرجەم |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٩٥٨ | ٣٥-٤٠<br>١ ٪ | ٨٠٠-<br>٨٥٠<br>٣٨٪ | ٣٥٠-<br>٣٧٠<br>١٦ ٪ | ٧٥٠-<br>٩٠٠<br>٤٠٪ | ٥-٧٠<br>٣٪ | ٢٢٣٠ |
| ١٩٦٠ | ٥٠-٥٠٠<br>١ ٪ | ١٢٥٠-<br>١٣٥٠<br>٤٣ ٪ | ٤٥٠-<br>٥٠٠<br>١٦٪ | ١٠٠٠-<br>١١٠٠<br>٣٥٪ | ٦٠-<br>٦٥<br>٢٪ | ٣٠٧٠ |
| ١٩٦٣ | ٧٠-١٠٠<br>٢ ٪ | ١١٠٠-<br>١١٥٠<br>٣٣ ٪ | ٥٠٠-<br>٧٠٠<br>٢٠٪ | ١١٠٠-<br>١٤٠٠<br>٤١٪ | ٥٠-<br>٩٠<br>١٪ | ٣٤١٠ |
| ١٩٦٥ | ١٥٠-١٧٠<br>٥ ٪ | ٩٥٠-<br>١٠٠٠<br>٢٩ ٪ | ٧٥٠-<br>٨٠٠<br>٢٣٪ | ١٣٠٠-<br>١٣٥٠<br>٤٠٪ | ٥٠-<br>٥٥<br>١٪ | ٣٣٧٥ |
| ١٩٦٨ | ٢٥٠-٣٠٠<br>٩ ٪ | ٨٥٠-<br>٨٧٥<br>٢٨ ٪ | ٨٠٠-<br>٨٥٠<br>٢٧٪ | ١١٠٠-<br>١٠٠٠<br>٣٢٪ | ٥٠<br>١٪ | ٣٠٧٥ |
| ١٩٧٢ | ٨٥٠-٩٠٠<br>٢٥ ٪ | ٧٥٠-<br>٧٠٠<br>٢٠ ٪ | ٨٥٠-<br>٩٠٠<br>٢٥٪ | ٩٥٠-<br>١٠٠٠<br>٢٨٪ | | ٣٥٠٠ |
| ١٩٧٥ | ٢٥٠٠-<br>٢٧٠٠<br>٥١ ٪ | ٦٠٠-<br>٥٠٠<br>٩ ٪ | ١٠٠٠-<br>١٢٠٠<br>٢٢٪ | ٩٥٠-<br>٨٥٠<br>١٦٪ | | ٥٢٥٠ |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٩٨٢ | ٤٠٠٠-<br>٤٥٠٠<br>٦٢ ٪ | ٥٠٠-<br>٤٠٠<br>٥ ٪ | ١٣٠٠-<br>١٥٠٠<br>٢٠٪ | ٧٥٠-<br>٨٠٠<br>١١٪ | | ٧٢٠٠ |
| ١٩٨٨ | ٤٨٠٠-<br>٥٢٠٠<br>٦٥ ٪ | ٣٥٠-<br>٣٠٠<br>٣ ٪ | ١٥٠٠-<br>١٧٠٠<br>٢١٪ | ٧٠٠-<br>٧٥٠<br>١٩٪ | | ٧٩٥٠ |
| ١٩٩٥ | ٦٥٠٠-<br>٦٦٠٠<br>٧٠ ٪ | ٢٥٠-<br>٢٦٠<br>٢ ٪ | ١٧٥٠-<br>١٨٠٠<br>١٩٪ | ٦٥٠-<br>٧٠٠<br>٧٪ | | ٩٣٦٠ |
| ٢٠٠٠ | ٧٠٠٠-<br>٧٢٠٠<br>٧٣ ٪ | ١١٩<br>١ ٪ | ١٩٠٠-<br>١٩٢٠<br>١٩٪ | ٥٠٠-<br>٦٠٠<br>٦٪ | | ٩٨٣٩ |
| ٢٠٠٥ | ٧٢٠٠-<br>٧٣٠٠<br>٦٩ ٪ | ٦١٠<br>٥ ٪ | ٢٠٠٠-<br>٢١٠٠<br>١٩٪ | ٤٥٠-<br>٥٠٠<br>٤٪ | | ١٠٥١<br>٠ |

**خشتەی ژمارە(٤) ڕێژەی نەتەوەکان لە ساڵی ١٩٥٧- ٢٠٠٥ ڕوون دەکاتەوە**

## كۆمپانیای نەوت دوای پرۆسەی ئازادی

بـــەهاتنی پرۆســـەی ئـــازادی و رووخـــانی بـــەعس ژمارەیـــەکی زۆر لەعەرەبە هاوردەکان لەترسی هێـزی پێـشمەرگە وجـەماوەر هـەڵاتن و کـەرکوکیان بـەجێ هێـشت لـەپێش هەموویانـەوە بەرێوبـەری گـشتی کۆمپانیاکە (عەلی حەمید) کە بەپارەیـەکی زۆرەوە رایکـرد، دوای سێ رۆژ لە رزگارکردنی کـەرکوك ودەرچـوونی زۆربـەی هێـزی پێـشمەرگە لەشـارەکە ئـیتر وورده وورده عەرەبـە هاوردەکـان ترسـیان رەویـەوە بەتایبـەت دوای ئـەوەی بینیـان کـەس ئازاریـان نـادات و دەسـت لـە کاروباری ژیانیان وەرنادات.

بەهاتنی پرۆسەی ئازادی گۆڕانێکی ئەوتۆ بەسەر کۆمپانیای نەوتدا نەهات ئەوەی گۆڕا بەرێوبەرە گشتییەکەی بـوو، چـەند پۆستێکیـشیان بەو بەرێوبەرە کوردانە بەخشی کە لە کۆمپانیاکەدا بوون.

جگە لەمانە گۆڕانێکی ئەوتۆ روویـنەداوە کە شایانی باس بێت، هـەر هەمان ئەو دەستەو تاقمـەی پێشوو حوکمیـان بەدەسـتەوە گـرت. هـەر ئەوانە مانەوە و بەئارەزووی خۆیان کاریان دەکرد، بەدەست تێکـەڵاوی لەگەڵ وەزارەتی نەوت زۆر پیلانیان دژ بە کورد گێڕا،

تیرۆرسـتانیش لای خۆیانـەوە هـەتا بۆیـان کرابێـت دەسـتیان لـەو کوردە دڵسۆزانە دەوەشاند کە قورسـاییەکیان لـە کۆمپانیاکـەدا هـەبو و بە مەترسیان دەزانی لەسەر خۆیان لەوانە :-

١- غــازی تاڵــەبانی کــە لەشەســتەکانی ســەدەی رابــردووەوە کارمەنــدبووەو دوای پرۆســەی ئــازادی پۆســتی ئاسایــشی نــەوتی پــێ سپێردرابوو، لەساڵی ٢٠٠٤ لەبەردەم ماڵەکەی خۆیدا تیرۆر کرا.

٢- خالــدە مــیرزا لەبەشــی ژمێریــاری بــوو لــە ســاڵی ٢٠٠٦ لــەکاتی گەڕانەوەیدا بۆ ماڵەوە تیرۆر کرا. سەیر لەوەدایە وەزارەتی نــەوت ئــەم ژنەیان بەشەهید نەژمارد



شەهید غازی تاڵەبانی



شەهید خالدە میرزا شەریف

لەماوەی وەزارەتی محمد بحرالعلوم کە کابرایەکی شیعەیە سەدان شیعەی تورکمان وعەرەبیان لە کۆمپانیای نەوت دامەزراند، جگە لەمە وەزارەت بەنووسراوێك داوای لە کۆمپانیای نەوتی باکوور کرد کە خانووە حکومیەکانی کۆمپانیا لە گەڕەکی عەرەفە تەملیك بکرێتە سەرنیشتەجێ بووەکانی کە ٩٠٪ ی عەرەبی هاوردەیە، بەلاَم دەسەلاَتدارانی کورد لەکەکوك لەپێش هەموویانەوە مەلْبەندی ٢ ی یەکێتی بە یارمەتی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوك گوشارێکی گەورەیان کردە سەر ئەنجوومەنی وەزیرانی بەغدا ئەوەبوو دواجار ئەنجوومەنی وەزیرانی بەغدا بەنووسراوی ژمارە ٦٢٥/٧ لە ٢٠٠٦/٣/٨ کە ئاراستەی کۆمپانیای نەوتی باکوری کردوە بەیەکجاری بڕیاری تەملیك کردنی خانووە حکومیەکانی عەرەفەی هەلْوەشاندەوە.

ئەمە وئیدارەی کۆمپانیا هیچ کاتێك هەنگاوێکی لەدژی کۆنە بەعسیەکانی ناو کۆمپانیا نەناوە تەنانەت ئەو بەعسیانەی لە کۆمپانیا بەپێی بڕیاری لەریشە هەلْکێشانی بەعس دەرکرابوون هەر لەخانووەکانی کۆمپانیا مابوونەوە بێ ئەوەی داوای دەرکردنیان لێ بکرێ.

## سەرچاوەکان


١- البترول والسياسة العربية.

٢- نفط العراق.

٣- النفط من خلال الثورة.

٤- شركة نفط العراق المحدودة.

٥- شركة نفط العراق.

٦- عێراقی باکوور.

٧- لواء كركوك.

٨- نەفت له كوردستان، دكتور عبدالله غفور.

٩- نـەوت لـە کوردسـتانی عێراقـدا لـەبلاوکراوەکانی مەکتـەبی سیاسـی پارتی دیموکراتی کوردستان ١٩٩٧.

١٠- کوردستان وکورد دکتۆر عبدالرحمن قاسملو.

١١- بایــەخی جیۆپــۆلێتیکی ناوچــەی کــەرکوك ماســتەرنامەی دووخوێندکاری کورد.

١٢- كركوك وتوابعها حكم التاريخ والضمير كمال مظهر احمد.

١٣- نفط العراق عام ١٩٥٩.

١٤- دليل مصور / مكتب الاعلام والنشر / الشركة العراقية للعمليات النفطية

١٥- نفط عام ١٩٦٨.

١٦- مشروع تمليك المساكن اذار ١٩٦٧.

١٧- شركة نفط العراق عمليات وخدماتها في العراق.
١٨- گۆڤاری بەیان ژمارە ٥٣.
١٩- مجلة العاملون في النفط.
٢٠- مجلة دراسة في النفط.
٢١- مجلة (باباگرگر) لەلایەن کۆمپانیای نەوتی باکورەوە دەردەچێ.
٢٢- مجلة اهل النفط
٢٣- رۆژنامەی هاوکاری. چەند ژمارەیەك
٢٤- رۆژنامیەی برایەتی ژمارە ٢٦لە ١٩٧٤/٢/٧.
٢٥- رۆژنامەی کوردستانی نۆی ژمارە ٣٦٦٩، ٣٨٨٢،٣٦٧٠.
٢٦- رۆژنامەی (هەواڵ ) ژمارە ١٤٦، ١٨٠، ١٨٢، ١٩٢
٢٧- Iraq petroliun No 5 1959
ئەمانەو چەندین دۆکیۆمینتی تر

# بلاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران

## سالی (٢٠١١ – ٢٠١٢)

| ز | بلاوکراوەکان | نووسەرو وەرگێڕ | سالی چاپ |
|---|---|---|---|
| ٣٦٥ | پێگەی میدیا لەهەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکادا ژ. ز، (١٢) | رێبین حەسەن | ٢٠١١ |
| ٣٦٦ | مميزات النظام الفدرالي في العراق (ژ. ز. ١٣) | د. شورش حسن عمر | ٢٠١١ |
| ٣٦٧ | جیهانگیری، فاکتەرو گرفتەکانی دیموکراسی، ژ، ز، (١٤) | مەلا بەختیار | ٢٠١١ |
| ٣٦٨ | پەیدابونی عەلمانیەت لەتورکیای عوسمانیدا، ژ. ز. (١٥) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١١ |
| ٣٦٩ | ئیسلامو مۆدێرنە، ئیسلام لەبەردەم ئەگەری عەلمانیەتدا(ژ. ز. هۆشیاری (١٦) | ن. محمد رەزا شالگونی و. عوسمان حەسەن شاکر | ٢٠١١ |
| ٣٧٠ | سیاسەتی روسیای قەیسەری بەرامبەر بەکورد (١٨٥٠-١٩١٤) | هەستیار کەمال کوردی | ٢٠١١ |
| ٣٧١ | المحطات، اثرت في حياة الكورد وحركاتهم القومية | بقلم: عبدالرزاق محمود القيسي | ٢٠١١ |
| ٣٧٢ | کورتە باسێکی فەلسەفەی سیاسی | ن. دەیڤد میلەر و. لەئینگلیزیەوە: کارزان کاوسێن | ٢٠١١ |
| ٣٧٣ | هەواڵنامەی کوردستانی عیراق | ئامادەکردنی : نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |
| ٣٧٤ | ئاغاو شێخو دەوڵەت | ن. مارتین ڤان برونەسن | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | بەرگی دووەم | و. لەئەڵمانیەوە:<br>د. کوردۆ عەلی | |
| ٣٧٥ | **تاريخ الفكر الكردي** | مامۆستا جعفر<br>ترجمە: د. بندر علی | ٢٠١١ |
| ٣٧٦ | ڕۆژنامەنووسی کوردی لە کوردستانی عیراقدا<br>(١٩٩١-٢٠٠٥) | هەڵەت خەسرەو هەمەوەندی | ٢٠١١ |
| ٣٧٧ | مافی چارەی خۆنووسین لەئەدەبیاتی<br>(ی. ن. ك)دا (١٩٧٥-١٩٩٢) | نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |
| ٣٧٨ | سیاسەتی گۆڕینی ڕووخساری نەتەوەیی ناوچەی<br>کەرکوك - ژ. ز. هۆشاری (١٧) | د. نوری تاڵەبانی | ٢٠١١ |
| ٣٧٩ | ئەنفال لەکوردستانی عیراق<br>ژ. ز. هۆشیاری(١٨) | ن. مایکڵ لیزنبێرگ<br>و. کارزان محەمەد | ٢٠١١ |
| ٣٨٠ | ئۆپۆزسیۆن لەچەمکەوە بۆ ئەرك،<br>ژ. ز. (١٩) | بەختیار جەبار شاوەیس | ٢٠١١ |
| ٣٨١ | بەشداریکردنی سیاسی<br>ژ. ز. (٢٠) | عابد خالد ڕەسول | ٢٠١١ |
| ٣٨٢ | سیستمی فیدراڵ لەدەوڵەتی ئیماراتدا<br>ژ. ز. (٢١) | ن. عەبدوڵڵا عەنزی<br>و. سەردار عبدالکریم | ٢٠١١ |
| ٣٨٣ | کوردو پرسی دانپێدانانی دەستووری | خەلیل عەبدوڵڵا | ٢٠١١ |
| ٣٨٤ | تیرۆریزم هەڕەشەو مەترسیەکان | عادل عەلی | ٢٠١١ |
| ٣٨٥ | چرای ماڵە هەژارەکان | ئامادەکردنی: عەلی جۆلا | ٢٠١١ |
| ٣٨٦ | کەلتور — ژمارە (٣) | | ٢٠١١ |
| ٣٨٧ | سیکۆلاریزم بەزمانی سادە - عملانیەت | نوسینی : ئاستین کلاین<br>و. لەفارسیەوە:<br>کاوسێن بابەکر | |
| ٣٨٨ | کوردستان | نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |
| ٣٨٩ | دراسە تاریخیە وسیاسیە حول "الشعب الکردی" | تالیف: حسن ارفع | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | ترجمه:عبدالرزاق محمود القيسى | ٢٠١١ |
| ٣٩٠ | كورتەيەك لەتاوانەكانی رژێمی عیراق دژی گەلی كورد | ن: نوری تاڵەبانی<br>و. شاناز رەمزی | ٢٠١١ |
| ٣٩١ | گەشەكردنی سەرمایەداری لەكوردستاندا | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١١ |
| ٣٩٢ | سیاسەت لەنێوان بیرو جێبەجێكردندا | و. مظفر عبدالوهاب | ٢٠١١ |
| ٣٩٣ | كورد گەلێكی بێ دەوڵەت<br>زنجیرە نامیلكەی كورد لەمیدیای جیهانیدا،<br>ژمارە(١) | ن. ئینگۆنۆیمایەر<br>و. رێبوار تۆفیق | ٢٠١١ |
| ٣٩٤ | لەدیكتاتۆریەوە بۆ دیموكراسی | ن. د. جین شارپ<br>و. كارزان محمد | ٢٠١١ |
| ٣٩٥ | مۆدێلی حزبایەتی لەكوردستان.<br>ز. هۆشیاری (٢٥) | ئەنوەر حسێن بازگر | ٢٠١١ |
| ٣٩٦ | فلسفة الديمقراطية الاجتماعية<br>ژ. ز. هۆشیاری (٢٦) | د. حميد عزيز<br>ت: محسن بنى ويس | ٢٠١١ |
| ٣٩٧ | دەوڵەتشاری دێرین<br>ژ. ز. هۆشیاری (٢٧) | ن. مۆریس بارییە<br>و. عوسمان حەسەن شاكر | ٢٠١١ |
| ٣٩٨ | ئاین و سیاسەت<br>ژ. ز. هۆشیاری (٢٨) | ن. نینیان سمارت<br>و. یاسین عومەر | ٢٠١١ |
| ٣٩٩ | بەجینۆسایدناسینی ئەنفال<br>ژ. ز. هۆشیاری ، ژ(٢٩) | خەلیل عەبدوڵلا | ٢٠١١ |
| ٤٠٠ | جیۆپۆلەتیكی كوردستان<br>ژ. ز. هۆشیاری (٣٠) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١١ |
| ٤٠١ | دیموكراسی و بنەماكانی گەشەپێدانی سیاسی | د. حەمید حسین كازم<br>و. عادل عەلی | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤٠٢ | ثورة كوردستان ومتغيرات العصر (الطبعة الثالثة) | حكمت محمد كريم (ملا بختيار) ترجمه ومراجعه: د. بندر علي اكبر | ٢٠١١ |
| ٤٠٣ | ئەرکەکانی خەبات لەهەلومەرجێکی دژواردا | مام جەلال | ٢٠١١ |
| ٤٠٤ | کێشەی شیعەو سوننە کورتەباسێکی مێژوویی | ن. د. عەلی ئەلوەردی و. عارف کەریم | ٢٠١١ |
| ٤٠٥ | فەلسەفەی سیاسی ئەریستۆتێلیس | ئەمیر حسێن رەحیم | ٢٠١١ |
| ٤٠٦ | جیهانگیریو کاریگەری لەسەر سەروەری دەوڵەت | ن. عوسمان حەسەن شاکر | ٢٠١١ |
| ٤٠٧ | بەشداری سیاسی، چەمكو گرفتەکان | عادل عەلی | ٢٠١١ |
| ٤٠٨ | (S.I) رێکخراوی سۆسیالیست ئینتەرناسیۆنال | محەمەد مێرگە سۆری | ٢٠١١ |
| ٤٠٩ | پۆلێنکردنی هەڵوێستەکان پێش پرۆسەی هەڵبژاردنو دەنگدان، ز. هۆشیاری، ژ(٣٢) | نیاز سەعید عەلی | ٢٠١١ |
| ٤١٠ | بەهاری عەرەبیو نەورۆزی سەربەخۆیی | ستران عەبدوڵلا | ٢٠١١ |
| ٤١١ | قوتابخانەی فرانکفۆرت | و. لەسویدیەوە عوسمان حەمە رەشید گوورون | ٢٠١١ |
| ٤١٢ | حدود كوردستان الجنوبيه فی سنجار حتی بدره | عبدالرقيب يوسف | ٢٠١١ |
| ٤١٣ | النضال الدستوري للاستاذ ابراهيم احمد في العراق الجمهوري، ز. هۆشیاری، ژ(٣٣) | د. شورش حسن عمر | ٢٠١١ |
| ٤١٤ | کوردو تورکمان، تێڕوانینێك بۆ میکانیزمەکانی پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی نێوانیان، ز. هۆشیاری، ژ(٣٤) | یوسف گۆران | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤١٥ | عەلمانیەت چیە؟ ماناو پێناسەکانی،<br>ز. ژ(٣٥) | زاهیر شکوور | ٢٠١١ |
| ٤١٦ | خوێندنەوەیەك بۆ فیکری حەسەن بەننا،<br>ژ. ز. (٣٦) | عادل عەلی | ٢٠١١ |
| ٤١٧ | شێوەکانی بەدەستهێنانی مافی چارەنووس، ژ.<br>ز. (٣٧) | خەلیل عەبدوڵلا | ٢٠١١ |
| ٤١٨ | تعریف الانفال بالإباده الجماعیه،<br>ژ. ز. (٣٨) | تالیف: خلیل عبدالله<br>ترجمه: محسن بنی ویس | ٢٠١١ |
| ٤١٩ | پێنج لێکۆڵینەوە لەبواری سیاسەتی<br>نێودەوڵەتاندا | مستەفا ئیبراهیم دەروێش | ٢٠١١ |
| ٤٢٠ | پرۆگرام و پەیرەوێ ناڤخۆ پەسەندکریێ<br>سێیەمین کۆنگرێ (ی. ن. ك) | مەڵبەندی (٤)ی رێکخستنی<br>دهۆك بەشی روناکبیری | ٢٠١١ |
| ٤٢١ | ئاڵا | نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |
| ٤٢٢ | تاریخ التبشیر المسیحی فی کردستان | الدکتور فرست مرعی | ٢٠١١ |
| ٤٢٣ | قراءة في مفهوم التحديث والتنمية السياسية، ز.<br>هۆشیاری، ژمارە (٣٩) | احسان عبدالهادی | ٢٠١١ |
| ٤٢٤ | کاریگەری قەرزە گشتیەکانی ئەمریکا لەسەر<br>ئابووری ئەمریکا و جیهان،<br>ژ. ز. (٤٠) | فەیسەڵ عەلی | ٢٠١١ |
| ٤٢٥ | فەرهەنگی ئاڤێستا (روسی – کوردی) | ئامادەکردنی:<br>د. نەهرۆ عەلی<br>ئاڤێستا نەهرۆ | ٢٠١١ |
| ٤٢٦ | کوردو دەوڵەت | بەرزان ئەحمەد کوردە | ٢٠١١ |
| ٤٢٧ | التنوع الثقافي والمثاقفة الأنا والآخر | یوسف یوسف | ٢٠١١ |
| ٤٢٨ | کورد لەسوریاو ئازەربایجان‌و ئەرمەنستان/<br>ز. نامیلکەی کورد لەمیدیای جیهانیدا. ژ.(٢) | ن. م. شترۆهمایەر<br>ل. یالچین هێگمان | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | و. ڕێبوار تۆفیق بەنگینە | ٢٠١١ |
| ٤٢٩ | ئەرکەکانی قۆناغی نوێ لەچاوپێکەوتنێکی هەڤاڵ عیماد ئەحمەد دا | ئامادەکردنی: حەمە عەلی غەریب | ٢٠١٢ |
| ٤٣٠ | المشاريع التي قدمها الاتحاد الوطني الكردستاني عام ١٩٨٤ | تقديم فريد اسسرد | ٢٠١٢ |
| ٤٣١ | المحكمة الجنائية العراقية العليا دراسة في مباديء العدالة | محمد ريبين حسن | ٢٠١٢ |
| ٤٣٢ | دور محكمة العدل الدولية في تطوير القانون الدولي العام | سۆز حميد مجيد | ٢٠١٢ |
| ٤٣٣ | گۆڤاری کەلتور ژمارە (٥) | | ٢٠١٢ |
| ٤٣٤ | کوردانی سوریا لەژێر دەسەڵاتی فەرەنسیدا | نێلیدا فۆکارۆ و. لەئەڵمانیەوە: هەڵۆ بەرزنجی | ٢٠١٢ |
| ٤٣٥ | ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانو هاوکێشە نوێیەکان | چاوپێکەوتنێك لەگەڵ هەڤاڵ مەلا بەختیار دا | ٢٠١٢ |
| ٤٣٦ | هەڵبژاردەکان | شاسوار جەلال (ئارام) | ٢٠١٢ |
| ٤٣٧ | كردستان ككيان ضمن الخطة الدولية بدأ من جنوبها | المحامي / الشيخ سالار الحفيد | ٢٠١٢ |
| ٤٣٨ | مەسەلەی قڕکردنی ئەرمەن لەبەردەم دادگادا | و. لەئەڵمانییەوە: غسان نعسان و. لەعەرەبییەوە: حەسەن جاف | ٢٠١٢ |
| ٤٣٩ | ئێزیدییەکان لەمێژووی نەتەوەکەیاندا | سەربەست حسێن | ٢٠١٢ |
| ٤٤٠ | کۆچ هەڵیبژاردم | ئیسماعیل عوسمانو ماتیاس شیلین | ٢٠١٢ |
| ٤٤١ | کێشەکانی هزری ئاینیی | ئومێد قەرەداغی | ٢٠١٢ |
| ٤٤٢ | پارتی سۆشیالیستی فەرەنسا | بەرزان فەرەج | ٢٠١٢ |
| ٤٤٣ | دیموکراسی و دوژمنانی ئیسلامی میانڕەو | سەردار عبدالکریم مجید | ٢٠١٢ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | لەڕوانگەی مەلا بەختیارەوە | | |
| ٤٤٤ | دیموکراسی لەنێوان مۆدێرنێتەوەو پۆست مۆدێرنێتەدا. ز،هۆشیاری ژمارە (٤١) | مەلا بەختیار | ٢٠١١ |
| ٤٤٥ | ئینتەرناسیۆنالیزمی دینی و دیاردەی فرە نەتەوەیی | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١١ |